# وێستگەکانی ژیانم

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

موحسین دزەیی

# وێستگەکانی ژیانم

بەشی یەکەم

**تاریق ئیبراهیم شەریف**

بەعەرەبی گفتوگۆیەکەی سازداوە

**ئیسماعیل بەرزنجی**

کردوویەتی بەکوردی

پێشکێشە:
بەگیانی شەهیدانی کورد و کوردستان کە بەخوێنە پاکژەکەیان داری ئازادییان ئاو دا و ئێمەش ئەمڕۆ بەرەکەی دەخۆین

ناوی کتێب: وێستگەکانی ژیانم – بەشی یەکەم
دیمانە لەگەڵ موحسین دزەیی
سازدانی: تاریق ئیبراهیم شەریف
وەرگێڕانی: ئیسماعیل بەرزنجی
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٨٨٠
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مریەم موتەقییان
چاپی یەکەم ٢٠٠٩
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ٧٤٢ی ساڵی ٢٠٠٩ی دراوەتێ

# پێڕست


پێشکێش ........ 7
وتەیەکی پێویست ........ 9
ڕێ خۆشکردنی بەر لە گفتوگۆ ........ 13
قۆناغی منداڵی و خوێندنی سەرەتایی ........ 17
قۆناغی خوێندنی دواناوەندی ........ 37
قۆناغی خوێندن لە زانکۆدا ........ 51
قۆناغی کاری پارێزەری و بازرگانی ........ 79
شۆڕشی (١٤)ی تەمووزی ساڵی (١٩٥٨) ........ 93
هەندێک ڕووداوی سەردەمی عەبدولکەریم قاسم ........ 119

# پێشکێش

بایەخی ئەم کتێبە لەوەدایە کە چەند پەنجەرەیەکی داخراو لەبەر دیدی خوێنەران دەکاتەوە و بریتییە لە ژیاننامەی کەسایەتییەکی نیشتمانی و نەتەوەیی لە کوردستانی عێراقدا کە بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەییی کورد شانازیی پێوە دەکات و منیش وەک برا و هەڤاڵێک شانازیی پێوە دەکەم.

ئەم بەشە، باس لە ڕۆژانی منداڵی و قۆناغەکانی خوێندن و ئەو ڕووداوانە دەکات کە لەو قۆناغانەدا قەوماون، هەروەها قۆناغی کارکردنی وەک پارێزەرێک و ئینجا کاروباری بازرگانی تا پێوەندیکردنی بەشۆڕشی کورد لە ساڵی (١٩٦٣) کە ئەو کاتە تەمەنی (٣١) ساڵ بوو، سیاسەت بوو بە قەدەری و چەندان بەرپرسیاریەتیی سەرکردایەتیی لە ناو شۆڕشدا بە ئەستۆوە گرت.

داوا لەو برایانە دەکەم کە پێوەندییان بە ڕووداوەکانی ناو ئەم کتێبەی مامۆستا موحسین دزەییەوە هەیە بە تێبینی و سەرنج زیاتر دەوڵەمەندی بکەن تا بەهەردوو بەشەکەیەوە ببێتە مادەیەکی دەوڵەمەند، بەتایبەتی لە بەشی دووەمدا کە باس لە تێکۆشانی ئەم میللەتە لە پێناو سەربەستیدا دەکات.

مەسعوود بارزانی

٢٠٠١/٤/٢٩

تكمن أهمية هذا الكتاب فيما يفتحه من النوافذ المغلقة أمام أنظار القراء، فهو عبارة عن سيرة حياة شخصية وطنية وقومية من كوردستان العراق، تعتز به الحركة القومية الكردية، وأنا شخصياً أعتز به كأخ وصديق.

يغطي هذا الجزء أيام طفولته ومراحل دراسته ثم الأحداث التي وقعت في تلك المراحل وكذلك مرحلة مزاولته المحاماة والتجارة والأحداث السياسية التي جرت خلال تلك الفترة من حياته وحتى التحاقه بالثورة الكردية عام ١٩٦٣، حيث وهب نفسه وهو في الثالثة والثلاثين من عمره في خضم السياسة التي أصبحت همه، وتولى مسؤوليات قيادية هامة في الثورة.

آمل من الأخوان الذين لهم معرفة أو إطلاع على الأحداث المدرجة في هذا الجزء من كتاب الاستاذ حسن [illegible] المبادرة بتصحيح أو بإضافة ما يكمن في صدورهم من معلومات ليصبح الكتاب بجزئيه مادة دسمة ضمن الأبحاث والأحداث التي تتناول تاريخ الكورد عن هذه الفترة الزمنية، لا سيما الجزء الثاني منه باعتبار أن صاحب الدار سيتناول من خلاله حقبة غزيرة من حياة كفاح هذا الشعب في سبيل حريته.

مسعود بارزاني

٢٩/٤/٢٠٠٦

## به ناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

وتەیەکی پێویست

ڕۆژێک لە ڕۆژان، ئەوەم بەبیردا نەهاتووە کە یاداشتەکانم تۆمار بکەم و بەشێوەی کتێب بڵاویان بکەمەوە، چەندان دۆست و ناسیاو و پسپۆڕانی ئەم بوارە بۆ ئەم مەبەستە ڕوویان لێ نام.

چەندان ڕووداوی جیاجیا، لە ماوەی جیاجیادا قەوماون و چاودێریی هەندێکیانم کردووە و لە هەندێکیشیاندا ڕاستەوخۆ بەشداریم کردووە بەتایبەتی ڕووداوەکانی هەڵگیرسانی شۆڕشی کورد لە ئەیلوولی ساڵی (١٩٦١) و پاشان پێوەندیکردنم بە شۆڕشەوە لە ساڵی (١٩٦٣)دا کە لە سەرکردایەتیی شۆڕش زۆر نزیک بوومەوە و چەندان ئەرکی گەورەم پێ سپێردرا، ساڵی (١٩٧٦) هاوسەفەری سەرکردەی شۆڕش، مستەفا بارزانی بووم کە بەمەبەستی چارەسەری چووە ئەمریکا تا ڕۆژی کۆچی دوایی لە (١)ی ئاداری ساڵی (١٩٧٩)، ئەو ماوەیە لێواو لێوە لە ڕووداو و پەرەسەندنی سیاسی.

زۆر نووسەر و ڕۆژنامەنووسی بیانی هەوڵیان دا لەگەڵ بارزانی نەمردا تا یادەوەرییەکانی بنووسێتەوە، وەرامی بارزانی ئەوە بوو کە ئەو ئەرکەی کەوتووەتە سەرشانی تا ئێستا جێبەجێ نەبووە و بەشێکی کەم لە ئامانجەکانی بۆ خزمەتی نەتەوەی کورد هاتوونەتە دی، بۆیە پێویست ناکات یادەوەرییەکان بنووسێتەوە.

بارزانی پیاوێکی بێ فیزبوو، حەزی لە خۆدەرخستن نەبوو، لەو بڕوایەدا بوو کە خەبات و ماندووبوونی بۆ گەل و نیشتیمانەکەی، ئەرکی ئەو نییە تۆماری بکات، بەڵکو ئەمە کاری مێژوونووسان و نووسەرانە خەبات و تێکۆشانەکەی

هەڵبسەنگێنن و حوکمی لەسەر بدەن، وەک وتم بۆ ئەم مەبەستە زۆر کەس هەوڵیان دا، بەڵام بێ سوود بوو لەبەر ئەو هۆیانەی کە باسم کردن، کە هیوابڕاو بوون ڕوویان لە من نا تا تێبینی و کارەکان تۆمار بکەم، بەڵام منیش ڕازی نەبووم؛ چونکە بێ پرس و ڕای بارزانی ئەو کارەم نەدەکرد.

پاش کۆچی بارزانی لە (١)ی ئاداری ساڵی (١٩٧٩) ئەم هەوڵانە دەستیان پێ کردەوە بەتایبەتی دوای ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١)، وام بەباش زانی لە بۆنەکاندا هەندێک وتار بنووسم، وابوو لە ڕۆژنامەکانی ناو کوردستان و دەرەوەدا هەندێکیانم بڵاو کردەوە.

ساڵێک پێش ئێستا، نووسەر و ڕۆژنامەنووس بەڕێز تاریق ئیبراهیم شەریف لە هەولێر ئەم بابەتەی ورووژاند و داوای دیدارێکی فراوانی کرد، من داوای پرسیارەکانم لێ کرد و وردە وردە بەگوێرەی کات وەرامم دەدانەوە، دوای ماوەیەک بڕیارمان دا ئەو پرسیار و وەرامانە ببنە کتێب و بەدوو بەش بڵاو ببنەوە.

دەمەوێت بەخوێنەری ئازیز بڵێم کە ئەمانە هەموو ڕووداو و سەربوردەکان نین بەڵکو ئەوەی یادەوەریم یارمەتیی دابم، تۆمارم کردووە، هیچ بەڵگەنامەی دەفتەرێکی تێبینم لە بەردەستدا نەبوو، تەنانەت ئەو وێنانەی کە پاراستبوومن لە ئەنجامی گۆزەگۆز و تاڵان و بڕۆی ماڵەکەمدا فەوتان، خۆشبەختانە هەندێکیانم لای برادەران دەست کەوتەوە، زۆر سوپاسیان دەکەم.

بەشی یەکەمی ئەم کتێبە، باس لە یادەوەریی ڕۆژانی منداڵی و قۆناغەکانی خوێندن و ڕووداوەکانی ئەوکاتە دەکات، هەروەها قۆناغی کارکردنم وەک پارێزەرێک و کاری بازرگانی و ڕووداوەکانی ئەو ماوەیە تا پێوەندیکردنم بە شۆڕش لە ساڵی (١٩٦٣)، هەرچەندە هەندێک لەو ڕووداوانە سادە و شەخسین، بەڵام بەپێویستم زانی کە تۆماریان بکەم؛ چونکە پێوەستن بە یادەوەریم و تەعبیر لە قۆناغەکانی ژیانم دەکەن.

خوێنەری بەڕێز تێبینیی ئەوە دەکات کە هەندێک جار بەتایبەتی لە بەشی

یەکـەمـدا ئامـاژە بەڕۆڵی برای کـۆچکردووم ئەحـمـەد حـەمـەدەمین دزەیی و کاریگەریی بەسـەر خـۆمەوە دەکـەم، لە ڕاسـتیدا ئـەو خاوەنی فـەزڵە و من و براکانمی فێرە ئەلف بای کوردایەتی کرد و خـۆشەویستیی نەتەوەی لە دڵدا چاندین، بەڕێگەی کاک ئەحمەدەوە بارزانیی نەمرم ناسی و چەندان ساڵ لە ژێر سەرکردایەتیی ئەودا کارم کرد و ڕاستگۆیانە خۆشم ویست.

بەشی دووەمی ئەم کتێبە، ڕووداوەکانی شۆڕشی کورد دەگرێتە خۆ کە ساڵی (١٩٦٣) پێوەندیم کرد و تێیدا ژیام و لەو ماوانەشدا شۆڕش تووشی نسکۆ هات، لەگەڵ پێوەندیکردنم پێوەی، قۆناغێکی تازە لە ژیانم دەست پێ کرد کە جیاواز بوو لەگەڵ قۆناغەکانی پێشوو و جۆری ژیانم، دەستم بە خۆگونجاندن کرد لەگەڵ ئەو ژیانەی کە پڕ بوو لە مەترسی و ماندووبوون، تا بووە بەشێکی جیانەکراوە لە ژیانم و مەحاڵ بوو لێی جیاببمەوە و بگەڕێمەوە ناو ژیانی پێشوو، شانازیم بەو ژیانە تازەیە کرد و گوێم نەدەدایە ترس و ئەنجامەکانی، قەناعەتێکی تەواوم بەعەدالەتی کێشەی کورد لە لا دروست بوو و باوەڕی تەواوم هەبوو کە بەئامانج دەگات، ئەو کات تەمەنم سی و یەک ساڵ بوو، لە هەڕەتی لاویدا بووم، پێشتر پاشایانە دەژیام، لەپڕ کەوتمە ناو ژیانی برسییەتی و ماندووبوون، زۆر بە ئاسانی خۆم گونجاند کە بووە مایەی سەرسامیی زۆر لەوانەی دەیانناسیم.

ئێستاش، دوای بەناو ساڵدا کەوتنم و تێپەڕبوونی زیاتر لە (٤٠) ساڵ، هەر لەگەڵ ئەو شۆڕشە بەردەوامم و بەکێشەی خۆمی دەزانم و بایەخ بەهیچ لایەنێکی تری ژیان نادەم.

گەنجی و گوڵی لاوی خۆم لە پێناوی ئەم شۆڕشەدا هەڵوەراند، بەهەموو دڵسۆزی و دەستپاکییەکەوە بەردەوام بووم، بێ ئەوەی بایەخ بە بەرژەوەندیی کەسی و خێزانی بدەم و لەو پێناوەدا ئەوەی هەمبوو دامنا، بەرژەوەندیی باڵای گەلم خستووەتە سەرووی سامان و هۆز و خێزانەوە، لەسەر ئەم ڕێگە ڕاستە بەردەوام بووم، باوەڕی تەواوم بە سەرکردایەتیی شۆڕش و کەسایەتیی سەرکردەی مەزن مستەفا بارزانی هێنا، ئەمەم بۆ پاداشت و سوپاس نەبوو

بەڵکو بە ئەرکێکی پیرۆزی سەرشانم زانی، دوای کۆچکردنی ئەو سەرکردە مەزنە، لەسەر هەمان ڕێباز بەردەوامم و لە کەسایەتیی سەرۆک مەسعوود بارزانیدا ئەوە دەبینم کە هەر ئەو شایستەی ئەو پەیامە پیرۆزەیە.

لەگەڵ هەر هەڵکشان و داکشانێکدا، پشتی شۆڕشم بەرنەداوە، هەر کاتێک شۆڕش لە بەرزی و هەڵکشاندا بووبێت خۆم لەبەرچاوان دوورخستووەتەوە، بەپێچەوانەی کەسانی هەلپەرست و پانکەرەوەش لە کاتی تەنگانەدا لە سەرکردایەتی نزیک بوومەتەوە.

ئێستا، کە تەمەنم (٧٠) ساڵە، دەتوانم بڵێم ویژدانم ئاسوودەیە و لەمە تەواو دڵنیام بەهەموو دەستپاکییەکەوە کارەکانم ئەنجام داوە و ڕۆژێک لە ڕۆژان لە بەرپرسیاریەتی ڕام نەکردووە و لە هیچ شتێک پاشگەز نیم و بەڵکو بەمایەی شانازیی دەزانم.

خوا شایەدە لەسەر قسەکانم، لێرەدا دەبێت پۆزش بۆ خاو و خێزان و منداڵەکانم بهێنمەوە کە سالآنێک فەرامۆشم کردن و هەموو کاتی خۆم بۆ شۆڕش تەرخان کرد بێ ئەوەی بیر لە پاشەڕۆژیان بکەمەوە، لەمەش دڵنیام کە دەمبوورن و ئێستا و پاشەڕۆژیش شانازی بەمەوە دەکەن.

لە کۆتاییدا، دەمەوێت بۆ خوێنەری بەڕێزی ڕوون بکەمەوە کە من مێژوونووس و ئەدیب و نووسەر نیم، ڕووداوەکانم بەڕاستی گێڕاونەتەوە، ئەوەندەی یادەوەریم فریام کەوتووە بەشێوەیەکی سادە دام ڕشتووە تا خوێنەر هەست بە بێزاری نەکات.

پشت بەخوا یادەوەرییەکانم دەگێڕمەوە.

موحسین دزەیی
سەلاحەدین- کوردستانی عێراق
٢٠٠١/٤/٣

## ڕێ خۆشکردنی بەر لە گفتوگۆ

موحسین دزەیی، کەسایەتییەکی سیاسیی ناسراوی کوردە، بەحوکمی بەشداریکردنی کاریگەری لە بزاڤی ڕزگاریخوازیی کورددا بووەتە ناوێکی دیار لە یادەوەریی کوردستانییاندا، لە ماوەی چل ساڵدا، یەکێک بووە لە کەسە نزیکەکانی سەرکردە مستەفا بارزانی و بەوپەڕی وەفا و دڵسۆزییەوە خەباتی کردووە، یەکێک بوو لەو کەسە دەگمەنانەی کە هاوسەفەری بارزانی بوو کاتێک بۆ چارەسەری نەخۆشی ڕووی لە ئەمریکا کرد تا ڕۆژی وەفاتی لە ساڵی (١٩٧٩).

دزەیی، لە ساڵی (١٩٣٢) لە گوندی (دووگردکان)ی سەر بە ناحیەی قوشتەپە هاتووەتە دنیاوە، خانەوادەکەیان خانەوادەیەکی دێرینی ناوچەکەن، خوێندنی سەرەتایی و دواناوەندیی لە هەولێر تەواو کردووە، پاشان چووەتە کۆلێژی ماف لە بەغدا و ساڵی (١٩٥٥) وەک پارێزەرێک دەست بەکاربووە، ماوەیەک بە پارێزەری و کاروباری بازرگانییەوە خەریک بووە، ساڵی (١٩٦٣) پێوەندیی بە شۆڕشی کوردەوە کردووە، لە (١٨)ی تەمووزی (١٩٦٨) بۆ یەکەم جار کراوە بە وەزیری ئاوەدانکردنەوەی باکوور لەو کابینەیەی کە عەبدولڕەزاق نایف سەرکردایەتیی دەکرد و پاش (٣٠)ی تەمووزی (١٩٦٨) لە حکوومەتەکەی ئەحمەد حەسەن بەکر هەمان پۆستی وەرگرتەوە، پاش ماوەیەک دەست لە کارکێشانەوەی پێشکێش کرد، دوای ڕێککەوتننامەی (١١)ی ئاداری (١٩٧٠) کراوە بە باڵیۆزی عێراق لە چیکۆسلۆڤاکیا و کەنەدا، لە (١٥)ی ئابی (١٩٧٣) پۆستی وەزارەتی ئەشغال و ئیسکانی وەرگرتووە تا (١١)ی ئاداری (١٩٧٤) دووبارە دەچێتەوە ڕیزی شۆڕشی کورد، دوای ڕێککەوتنی نێوان عێراق و ئێران لە (٦)ی ئاداری (١٩٧٥) کە

بەرێککەوتننامەی جەزائیر ناسراوە، ڕوو لە تاراوگە دەکات و لە لەندەن جێگیر دەبێ تا ساڵی (١٩٩١) دەگەڕێتەوە کوردستان و ناو کاری سیاسی و ئێستا نوێنەری تایبەتی سەرۆک بارزانییە.

ئەوەی دەوری ژیانی کەسیەتیی سیاسی و خودی موحسین دزەیی بکاتەوە دەبینێت پڕە لە ڕووداو و ڕێک لە سروشتی جوگرافیی کوردستان دەچێت، قەدەری ئەو پیاوە وابوو لەگەڵ ئاڵوگۆڕی بارودۆخەکاندا شیرینی و تاڵی بچێژێت، لە ڕۆژانی خەباتی لە ناو ئەشکەوتان تا کۆشکی کۆماری لە بەغدا و سوێندخواردن لە بەرامبەر سەرۆک کۆمار وەک وەزیرێک و ئینجا دووبارە ڕووکردنەوە شاخ و پاشان وڵاتانی ئەوروپا وەک باڵیۆز، لە تاراوگەیەکەوە بۆ تاراوگەیەک تا بە یەکجاری لە کوردستان جێگیر دەبێت، لە هەموو بارودۆخەکاندا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ باوەڕی بەکێشەی ڕەوای گەلەکەی لە پێناو ئامانجەکانیدا پتەوتر دەبێت.

ژیننامەی موحسین دزەیی پڕە لە پەند و عیبرەت و شایانی ئەوەیە نەوەی نوێ شتی لێ فێرببێ، لەو چاوپێکەوتنە درێژەدا دەفتەری یادەوەرییەکانی ئاوەڵا دەکات و بەڕاشکاوی وەرامی پرسیارەکان دەداتەوە، سەربوردەی خۆی لەگەڵ سیاسەت بەتایبەتی لەگەڵ بزاڤی ڕزگاریخوازیی هاوچەرخی کورد دەگێڕێتەوە، دەشت و چیاکانی کوردستان لە سەدەی بیستەمدا شانۆی تێکۆشان بوون بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکان.

دزەیی ماوەیەکی زۆر لە ناو قوولایی ڕووداوەکاندا ژیاوە بۆیە شارەزاییەکی زۆری لە چەندان نهێنیدا هەیە و لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکاندا کەشفیان دەکات، ئەمەش یارمەتیی خوێنەر دەدات کە چاکتر لەو بارودۆخە بگات کە بزاڤی ڕزگاریخوازیی کورد لە عێراقدا پێیدا تێ پەڕیوە.

ئەم گفتوگۆیە، بەرهەمی چەند چاوپێکەوتنێکە کە لەگەڵ بەڕێزیاندا لە هاوینەهەواری سەلاحەدین سازم داوە، چەندان جار بە دوای وەرامێک یان ڕوونکردنەوەیەک سەفەرم کردووە، نزیکەی ساڵێکی خایاند تا بەم شێوەیە

کەوتە بەر دیدی خوێنەر، زۆر جەختم لەسەر ئەمانەت و وردبینی کردووە و بەگوێرەی قۆناغەکان وەرامەکانم ڕیزبەند کردووە، بە باشیشم زانی پەراوێزی پێویست بۆ وەرامەکان دابنێم، بەهیوام لەم کارەدا سەرکەوتوو بم.

دزەیی، تەمەنی ٦٩ ساڵە، باوکی ٣ کوڕ و ٣ کچە (شێروان، بارزان، سەفین، پەیمان، ڕێزان، سەیران) و چەندان نەوەی هەیە، جارێکیان لێم پرسی: لە ڕابردوو سۆزت بەلای چیدایە؟ وتی: سۆزی مرۆڤ ڕووەو یەکەم ماڵە، زانیم مەبەستی زێدی خۆیەتی کە گوندی (دووگردکان)ە، ئەو سۆزە زۆر جار وای لێ دەکات چەند سەعاتێک بکەوێتە تێڕامان و لە لووتکەی پیرمامەوە سەیری دەشتایی و دەوروبەری گوندەکەی بکات، هەردوو دووری (شوێن و زەمان) لە نێوان ماڵی یەکەم و ماڵی ئێستایدا ژیننامەی ئەو لە نێوان ڕابردوو و ئێستادا پوخت دەکەنەوە، دواجار، خوێنەر لەگەڵ بەڕێز دزەیی جێ دەهێڵم تا یادەوەری خۆی بگێڕێتەوە.

تاریق ئیبراهیم شەریف
هەولێر، کوردستانی عێراق
٢٠٠١/٣/٨

## قۆناغی منداڵی و خوێندنی سەرەتایی

* ڕۆژانی گەمە و یاری لە گوندی دووگردکان.
* چوونە قوتابخانەی لە (أربيل الاولى).
* سەربوردەی پاراستنی دەشتی قەراج لە شەڕی تەعریب.
* دەنگدانەوەی مردنی مەلیک غازی لە هەولێر ساڵی (١٩٣٩).
* بزووتنەوەی مایسی ساڵی (١٩٤١) و سووتاندنی ئوتۆمۆبیلی موتەسەڕیفی هەولێر.
* نهێنیی دابەزینی ئەفسەرانی ئەڵمان بەپەڕەشووت لە هەولێر ساڵی (١٩٤٣).
* سەردانی مستەفا بارزانی بۆ هەولێر و ناوچەی دزەییان.

* با گفتوگۆیەکەمان لە قۆناغەکانی سەرەتای ژیانتەوە دەست پێ بکەین، لەم بارەیەوە چیت لە بیر ماوە؟

– بەهاری ساڵی (١٩٣٢) لە گوندی دووگردکان کە (٢٥کم) لە خوارووی شاری هەولێر و (٨کم) لە ڕۆژئاوای ناحیەی قوشتەپە دووره هاتوومەتە دنیاوە، باوکم (حەمەدەمینی حاجی بایز)(١) لە سەرانی عەشیرەتی دزەیی بوو، لێی دەگێڕنەوە پیاوێکی کۆک و بەخشندە بووە و لەلای خزم و جووتیارانی ناوچەکە خۆشەویست بووە، کابتن هی(٢) لە کتێبەکەیدا (دوو ساڵ لە کوردستان)دا دەربارەی باوکم نووسیویەتی (برا گچکەی برایماغای سەرۆکی دزەییە و تەمەنی سی ساڵە و لاوێکی قۆز و بزێوە)، باوکم ساڵی (١٩٣٦) کە هێشتا پەنجا ساڵی تەواو نەکردبوو، کۆچی دوایی کرد، وا زەن دەکرێ بەڕیخۆڵە کوێرە مردبێ، من ئەو کاتە تەمەنم چوار ساڵ بووە.

دایکم کافیەخانی بەرزنجی، کچی شێخ مارفی شێخ کەریمە کە لە گوندی (هەرەجە) جێنشین بوون بە دووری (٢٠کم) لە رۆژهەڵاتی هەولێر، ساڵی (١٩٦٣) بە نەخۆشیی شێرپەنجە کۆچی دوایی کردووە، ئەو کاتە لەگەڵ هەردوو برام کاک ئەحمەد و عومەر پێشمەرگە بووین و دوو براکەی تریشم (سەعدی و ئەنوەر) لە ئەورووپا بوون، دایکم بەر لە کۆچی دوایی، لەلایەن

دەسەڵاتدارانی حکوومەت و بەکرێگیراوانەوە ڕاوەدوو دەنرا، لە ماڵ و منداڵ و گوندی خۆی دوور بوو، لە کاتی نەخۆشیدا و تا مردنی لە ماڵی خوالێخۆشبوو شێخ محێدینی شێخ ساڵح بوو.

لە نێوان پێنج برایان، من سێیەم کوڕ بووم، یەک خوشکمان هەبوو کە باوکم مرد هەموو منداڵ بووین، کاک ئەحمەد کە تەمەنی (١٢) ساڵ بوو لە هەموومان گەورەتر بوو و قوتابی پۆلی چوارەمی سەرەتایی بوو، لە گوندی قازیخانەی ئامۆزای باوکمان، خوالێخۆشبوو حوسێنی مەلا دەیخوێند، ئەو قوتابخانەیە ساڵی (١٩٣٢) کرایەوە.

دوای مردنی باوکم، کاک ئەحمەد لە خوێندن بەردەوام بوو، بەڵام دوایی بەناچاری و لەبەر ئێمە وازی لە خوێندن هێنا، بۆ یارمەتیدانی کاروباری ژیانمان خزمەکانی تریش یارمەتییان داین، لەمانە عەبدولڕەحمان بایزی مامم کە لە دووگردکان بوو، هەروەها عەلی خورشید بایزی ئامۆزام کە ئاوزەی باوکم بوو، ئینجا ئاغا ئەحمەد بایزی ئامۆزام کە لە گوندی پیرداود دادەنیشت و لە هەمووان زیاتر چاودێری کردین (ئاغا ئەحمەد، باوکی کاکە عەبدولقادرە و خەزووری منە)، پێویستە ئەوەش بڵێم کە ئەحمەد بایزی مامم مرد ئاغای کوڕی بچووک بوو و باوکم چاودێریی کردووە، کە باوکیشم مرد ئەو چاودێری ئێمەی کرد تا ساڵی (١٩٤٣) کۆچی دوایی کرد و، تاقە کوڕەکەی کاکە عەبدولقادر تەمەنی یەک ساڵ بوو و کاک ئەحمەدی برام چاودێری کرد و بە یارمەتیی دایکی ژیانیان گوزەراند، ئەمەیە حوکمی قەدەر.

دایکم ڕۆڵێکی باڵای لە پەروەردەکردنمان بینیوە، ئینجا کاک ئەحمەدی، برام سەرەڕای ئەوەی تەمەنی (١٢) ساڵ بوو، بەڵام توانیی بە یارمەتی دایکم بەخێومان بکات، کاک ئەحمەد خاوەن کەسایەتییەکی بەهێز و ڕەوشتێکی جوان بوو و لای هەمووان خۆشەویست بوو، لە پێناوی ئێمەدا وازی لە خوێندن هێنا و تا خوێندنمان لە قوتابخانەکانی هەولێر و زانکۆکانی بەغدا و ئەورووپا تەواو کرد، ڕۆژێک هەستمان بە هەتیوی نەکرد، خۆی و دایکم لێ نەگەڕان موحتاجی هیچ بین.

سالانی بەراییی ژیانم لە دووگردکان گوزەراند، وێنەی باوکم نایەتەوە بیر، وەک هەر منداڵێکی گوندی لە کووچە و کۆڵانەکان دەسووڕامەوە تا ساڵی (١٩٣٨) لەگەڵ ئەنوەری برام کە سێ ساڵ لە من گەورەتر بوو لە قوتابخانەی سەرەتایی لە هەولێر وەرگیراین، لەگەڵ ئامۆزاو خاڵۆزاکانم کە ژمارەمان هەشت کەس بوو خانوویەکمان بەکرێ گرت، شێخ جەباری کوڕی خاڵۆم، کە دوایی بە عەقید جەبار ناسرا، کەوتە سەرپەرشتیکردنمان، کاک جەبار ئەو کاتە پۆلی سێیەمی ناوەندی بوو دوایی چووە کۆلێژی سەربازی لە بەغدا، بەڕۆیشتنی ئەو ئێمەش لێک ترازاین، پاشان کاک ئەحمەدی برام لە گەڕەکی سەعدووناوە خانوویەکی بۆ من و ئەنوەر بەکرێ گرت و دواییش سەعدی هاتە لامان، هەر ڕۆژەی لە گەڕەک و خانوویەک بووین، ئەو کاتە هەولێر شارێکی بچووک بوو، بەگوێرەی سەرژمێری ساڵی (١٩٤٧) ژمارەی دانیشتووانی (٤٠٠٠٠) کەس بوو، ئەوکاتە یەکێک بووم لە ژمێریاران و لە پۆلی سێیەمی ناوەندی بووم، هەولێر شەش حەوت گەڕەک بوو.

ڕۆژانی هەینی و پشووی فەرمی دەگەڕاینەوە دووگردکان و لەگەڵ منداڵانی ئاوایی هەتا درەنگی شەو لەبەر تیشکی مانگەشەو، گەمەمان دەکرد، حەمە سادق، ئیسماعیل حاجی کەریم، حاجی فەقێ عەولا، سابیر حەمەد، برادەرانی منداڵیم بوون، یەک ماڵە جوولەکە لە گوندی هەبوو، کوڕێکیان هەبوو ناوی داود بوو و ئاوزەی ئێمە بوو، یەکێک بوو لە برادەرە نزیکەکانمان، لە شەڕە منداڵی نێوان هەردوو بەری گوند یان نێوان ئێمە و گوندەکانیتر داود لە ریزی هەرە پێشەوە بوو، ئەو ڕۆژانە خۆشترین ڕۆژانی ژیانم بوون.

* لە مێژووی خانەوادەکەتان وا دەگێڕنەوە کە یەکێک لە خزمەکانت بەر لە هەڵگیرسانی یەکەم شەڕی جیهانی لێ نەگەڕاوە عەشیرەتە عەرەبەکان دەشتی قەراج داگیر بکەن و تەعریبی بکەن، ڕاستیی ئەمە چۆنە؟

– پێش ئەوەی وەرامی ئەو پرسیارە بدەمەوە، دەمەوێت بڵێم کە عەشیرەتی

دزەیی ڕاستەوخۆ لە ناوچەی نێوان هەردوو زێ، واتە باشووری هەولێر نیشتەجێ بوون، واتە لە گوندەکانی سەر بە ناحیەی قوشتەپە و کەندێناوە و بەشێک لە ناحیەی گوێڕ و قەراج، ئەو ناوچانە دەشتاییی فراوان و بەپیتن بەتایبەتی دەشتی قەراج، کە ڕووبەرێکی فراوانی لە نێوان هەردوو زێدا داگیر کردووە تا دەگاتە ڕووباری دجلە، لە دێرزەمانەوە هۆز و عەشیرەتی کوردی تێیدا دانیشتووە و لەبەر فراوانی دەشتەکە و کەمیی ژمارەی دانیشتووانەکەی، لە وەرزی بەهاردا دەچوونە ڕەشمالان و خەریکی مەڕداری دەبوون، ڕەوە مامز دەهاتنە ناوچەکە و لە کۆتاییی وەرزی زستاندا لە دەشتی هەولێر و کەندێناوە بەرەو دەشتی قەراج دەگەڕانەوە، ئەو کۆچ و کۆچبارەیان دیمەنێکی زۆر جوانی پیشان دەدا مەگەر هەر حەیرانبێژ و بەیتبێژ توانیبیان وەسفی بکەن.

با بگەڕێینەوە سەر بابەتەکەی خۆمان، برایم بایزاغای مامم لە پیاوە هەرە دەستڕۆیشتووەکانی عەشیرەتی دزەیی بوو لە کۆتاییی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیست، سەرەڕای ئەوەی کە عەشیرەتی دزەیی بە سەر چوار بەرەبابدا دابەش بووە و هەر بەرەبابە و سەرۆکی خۆی هەیە، بەڵام برایماغا بەهۆی ئازایەتی و زیرەکییەوە لە هەرە دیارەکانیان بوو، ناوبانگی لە نێوان هۆزە کورد و عەشیرەتە عەرەبەکاندا دەنگی دابووەوە، هەردەم لەگەڵ دەسەڵاتدارانی عوسمانی ناکۆک بووە و چەندان جار گیراوە، کابتن هی لە کتێبەکەیدا (سنتان في كردستان)، ئاماژەی پێ داوە.

بەهۆی خێر و بەرەکەتی دەشتی قەراج، لە کۆنەوە تەماعکاران چاویان تێ بڕیوە، عەشیرەتە عەرەبە جێنشینەکانی ڕۆژئاوای ڕووباری دجلە و دەسەڵاتدارانی مووسڵ بەفیتی کاربەدەستانی عوسمانی هەوڵیان داوە داگیری بکەن، بەر لە یەکەم شەڕی جیهانی هێرشێکی گەورەیان ئەنجام دا، بەڵام برایماغای مامم پیاوانی عەشیرەتەکەی و عەشیرەتەکانی ناوچەی دزەیی کۆکردەوە و ڕووبەڕوویان بووەوە و لە ڕووباری دجلە ئاودیوی کردن، بەمە توانیی شەڕی تەعریب لە ناوچەکە دوور بخاتەوە و زەویوزارەکان بۆ

خاوەنەکانیان بگەڕێنێتەوە، برایماغای ڕزگارکەری دەشتی قەراج ساڵی (١٩٢٠) کۆچی دوایی کردووە، نازانم مێژوو باسی ئەو پاڵەوانەێتییەی دەکات یان نا؟

لە کۆتایی ساڵانی سی و سەرەتای چلەکان، عەشیرەتە عەرەبەکان دووبارە ویستیان ئامانج بپێکن، بەڵام ئەمجارە بەشەڕوشۆڕ نا بەڵکو بەسیاسەت، بەڕێگەی دەسەڵاتداران بەتایبەتی نفوزی کاربەدەستێکی وەک (مصطفي العمري)[٣] هەوڵیان دا ناوچەکە بە لیوای مووسڵەوە بلکێنن، بەڵام دانیشتووانەکەی بە سەرۆکایەتیی خوالێخۆشبوو (حوسێنی مەلا)ی ئامۆزای باوکم توانییان پلانەکە پووچەڵ بکەنەوە.

ئەو سیاسەتە شۆڤینییە هەر بەردەوام بوو، ئەمجارەیان حکوومەت خۆی هاتە مەیدان، ساڵی (١٩٦٣) نزیکەی سی گوندی ناوچەکەیان تەعریب کرد کە پڕبوون لە بیرە نەوت، بۆ نموونە گوندی سارەلووی کەندێناوە کە کەوتووەتە ڕۆژئاوای زێی گچکە و خۆرئاوای پردێ ڕۆژانە سەد هەزار بەرمیل نەوت بەرهەمی بوو، کۆواری (أهل النفط) کە کۆمپانیای نەوتی عێراق دەری دەکرد ساڵی (١٩٧١) ئاماژەی بەمە داوە، ساڵی (١٩٦٧) سەرۆکی کورد بارزانیی نەمر توانیی دەسەڵاتدارانی حکوومەت ناچار بکات، ناوچەکە چۆڵ بکەن و خەڵکە ڕەسەنەکە بگەڕێنەوە سەر زێدی خۆیان.

لە هەشتاکانی سەدەی بیستدا، سەرلەنوێ شالاوی تەعریب دەستی پێ کردەوە و پاشان ئەنفالە بەدناوەکانی بەدوادا هات، تا ئێستاش تەعریب و تەهجیر بەردەوامە، لە قەراج و کەندێناوەی تێ پەڕاند و گەیشتە گوێڕ و هەندێک گوندی ناوچەی قوشتەپە و ئینجا کەرکووک بە قەزا و ناحیەکانییەوە و پاشان خانەقین و سنجارو شێخان و زومار و ناوچەی تریش.

* لە ڕووداوی مردنی مەلیک غازی ساڵی (١٩٣٩) چ شتێکت لە بیرە؟

– وەک باسم کرد، من لە پایزی ساڵی (١٩٣٨) قوتابیی پۆلی یەکەم بووم لە قوتابخانەی (أربيل الاولى)، قوتابخانەکە بەرامبەر یانەی فەرمانبەران بوو و ئێستاش هەر ماوە و ناوی ئیبن خەلەکانە، خوالێخۆشبوو عەبدوڵا عەزیزی خەڵکی هەولێر بەڕێوەبەر بوو، پیاوێکی باش و خاوەن هەستی نەتەوەیی و نیشتمانی بوو، ئەوکاتە هەولێر دوو قوتابخانەی تری کوڕانی تێدابوو، یەکیان (أربيل الثانية) کە بەڕێوەبەرەکەی خوالێخۆشبوو ئەحمەد ناجی باوکی کاک جەودەتی برادەرم بوو، ئەو قوتابخانەیە کەوتبووە، نزیک شوێنی ئێستای پارێزگای هەولێر، پاشان قوتابخانەیەکی تری چوار پۆلی بە ناوی (مدرسة أربيل الثالثة) لە گەڕەکی خانەقا نزیک تەکیەی شێخ عەبدولکەریم کرایەوە، ئێمە پێمان دەوت قوتابخانەی جوولەکان، چونکە زۆربەی قوتابییەکانی جوولەکە بوون.

مامۆستای وانەی عەرەبیمان خوالێخۆشبوو عەلی حوسێن کەسرە بوو هەروەها ڕابەری پۆلیش بوو، منی بەناو دەناسی و پێشتریش ئەوکاتەی کە باوکم لە ژیاندا بوو لە دووگردکان دەرسی بەکاک ئەحمەدی برام وتبوو.

ڕۆژانێکی بەهاری ساڵی (١٩٣٩) وەکو ڕۆژان چووینە پۆلەوە، ئێمەی تەمەن شەش حەوت ساڵ نەماندەزانی لە دەوروبەرمان چی ڕووی داوە، مامۆستا عەلی بە خەمباری هاتە ژوورەوە، سیدارەیەکی ڕەشی لەسەر دابوو و بۆینباخێکی ڕەشیشی بەستبوو، بێ ئەوەی ورتەی لە دەمەوە بێت لەسەر کورسییەکە دانیشت، ماوەیەک بەسەرچوو و هیچمان نەزانی، بەچرپە قسەمان لەگەڵ یەکتر دەکرد ئاخۆ بۆ وەک ڕۆژان مامۆستا دەرسی نەگوتەوە، لەپڕ مامۆستا سەری هەڵبڕی و پرسیارێکی لێ کردین:

– بیستووتانە مەلیک غازی مردووە؟ بەڕاستی خەسارەتێکی گەورەیە[٤]!.

نەمانزانی چ وەرامێکی بدەینەوە، پاشان پێی وتین کە دەرس ناخوێنین، بەمە زۆر دڵشاد بووین و مردنی مەلیکمان بیرچووەوە، ئینجا ڕای سپاردین کە بۆ بەشداریکردن لە ناشتنی تەرمی ڕەمزیی مەلیکدا ئامادەبین، بیرم

نایەتەوە هەر ئەو ڕۆژە بوو یا ڕۆژی دواتر.

لە کاتی دیاریکراودا لە نزیک یانەی فەرمانبەران کۆبووینەوە، جەنازەیەکی بەئاڵای عێراق پێچراوە و بە چەپکە گوڵ دەورەدراو لەسەر ئوتۆمۆبیلێکی کراوە دانرابوو، ژن و پیاو دەوریان دابوو و دەگریان، وام دەزانی مەلیک لە ناو ئەو دارەبازەیە ڕاکشاوە، ئێستاش لە بیرمە ژنە عەرەبە دانیشتووەکانی هەولێر بەم سەردوولکەیە مەلیکیان دەلاواندەوە:

یا بو فیصل یا ولینه        صبحت الدینا حزینة

کەژاوەکە بەتاکە شەقامی شاردا تێ پەڕی تا گەیشتە بەردەم دیوانی موتەسەڕیفیەت، چەند وتارێک بەم بۆنەیەوە خوێندرانەوە کە بیرم نایەتەوە کێ بوون و پاشان بلاوەمان لێ کرد، لەو باوەڕەدام خەڵک بەگشتی بەمردنی مەلیک خەمبار بوون.

* ئەی دەربارەی ڕووداوەکانی مایسی ساڵی (١٩٤١)؟

– ئەوکاتە لە پۆلی سێیەمی سەرەتایی بووم و تەمەنم (٩) ساڵ بوو، چەند ڕۆژێک بەر لە دەستپێکردنی تاقیکردنەوەکانی کۆتاییی ساڵی (١٩٤١) یەک لە مامۆستاکانمان (ناوەکەیم بیر نەماوە) پێی ڕاگەیاندین جوولانەوەیەک دژ بە ئینگلیز لە بەغدا کراوە، میر عەبدولئیلاهی وەسی و مەلیک فەیسەڵی گچکە و شاژنە عالیەی دایکی ڕایان کردووە و لە گوندی باداوە پەنایان بۆ ماڵی مەلافەندی هێناوە، ڕەشید عالی گەیلانی[٥] ولاتی کۆنترۆڵ کردووە و عێراق دەبێتە هاوپەیمانی ئەڵمانیا کە دۆستی کوردیشە، ئەو قسانەمان لە مامۆستاکەمان بیست، بیرم نایەت ئێمەی منداڵ هیچ کاردانەوەیەکمان بووبێت، بۆ ڕۆژی دوایی لە حەوشەی قوتابخانە کۆکراینەوە و بەشێوەیەکی جوان ڕێک خراین تا بەشداری لە ڕێ ڕۆیشتن بکەین بۆ پاڵپشتی جوولانەوەکە، بەرەو قەلا بەڕێ کەوتین، لە مەیدانە بچکۆلەکەی دامێن دەروازەی قەلا ڕاوەستاین و تێکەلاوی قوتابییانی ناوەندی و دواناوەندی

بووین کە جلوبەرگی نەوجەوانییان پۆشیبوو، یەکێ دەستی بە وتارخوێندنەوە کرد، بەڵام ناوەکەیم بیر نەماوە، ئەوەی لە بیرم مابێت قوتابییان سروودی نیشتمانی و نەتەوەیی کوردییان دەچڕی، لەوانە حەیدەر عوسمان ناسراو بە حەیدەر شێرزاد بەدەنگێکی بەرز سروودی (ئەرێ ئەی کوردستان)ی دەچڕی و ئەوانیش بۆیان دەگێڕایەوە، پاشان بیستمان لە کۆبوونەوەیەکی بەردەم موتەسەڕیفیەتی هەولێر ئۆتۆمۆبیلی ساڵح زەکی ساحیبقران سووتێندراوە[٦]، چەند ڕۆژێک دوای ئەوە، بەیانییەکی زوو دوو فڕۆکەی بەریتانی بە ئاسمانی هەولێردا سووڕانەوە، لە باخچەکانی یانەی فەرمانبەران دەست بەلێدانی خەندەک کرا، ئێمەی منداڵ دەچووینە ناو خەندەکەکان، بەزەحمەت دەمانتوانی بێینە دەرەوە ئەگەر گەورەکان یارمەتییان نەدابایین.

چەند جارێک فڕۆکە بە ئاسمانی هەولێردا سووڕانەوە، لە هەندێک لەو شوێنانەی کە فڕۆکەی عێراقی تێدا نیشتبوو دەنگی تەق و تۆق دەهات، بەبیرم دێت یەکێک لە فڕۆکەکان لە نێوان باداوە و هەولێر قونبەلەیەکی فڕێ دا، بڕیار درا خوێندن ڕابگیرێت بێ ئەوەی تاقیکردنەوەکان ئەنجام بدەین، نازانم پاشان چ ڕووی دا، ئەوەندە دەزانم جووڵانەوەکە سەرکوت کرا و خەڵکێکی زۆریش ڕاپێچی بەندیخانە کران.

پاش کۆتاییهاتنی پشووی هاوین، لە گوندەوە هاتمەوە هەولێر تا ئەزموونەکان ئەنجام بدەم، خوالێخۆشبوو خدر مەولوود کە قوتابیی دوا ساڵی خانەی مامۆستایانی سەرەتایی بوو، زۆر یارمەتیی دام تا خۆم بۆ تاقیکردنەوەکان ئامادە بکەم، لە مانگی ئەیلوولی ساڵی (١٩٤١) بۆ ساڵی تازەی خوێندن گەڕاینەوە قوتابخانە، بینیمان چەندان مامۆستا و قوتابی بزرن، پاشان زانیمان کە بە تۆمەتی نازییەت دەستگیر کراون لەمانە عەلی حوسێن کەسرە و مەجید فەتاح و قوتابی ئیسماعیل حەسەن لە پۆلی شەشەمی سەرەتایی کە یاریزانی تۆپی پێ بوو، هەروەها پارێزەر عەونی یووسف[٧] و مامۆستا حەسەن شێخ نەعمەتوڵڵا و فایق نادر و مەعروف عارف دەستگیر کران، لە ڕووداوەکانی مایس هەر ئەوەندەم لە بیرە.

سەبارەت بە مەلا ئەبوبەکر ئەفەندی یان مەلافەندی، ناوبراو لە دیارترین کەسایەتییە ئاینی و کۆمەڵایەتییەکان بوو نەک هەر لە کوردستان بەڵکو لە هەموو عێراق ناوبانگی هەبوو، قوتابییانی ئاینی لە هەموو لاوە بۆ فێربوونی زانست دەهاتنە لای، دەیان زانا و مەلای ناودار لەسەر دەستی ئەو ئیجازەیان وەرگرتووە.

پاش دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق، مەلافەندی بووە خاوەن پایەیەکی گەورە لە ناو خێزانی مەلەکی و پیاوانی حکوومەت، مەلیک فەیسەڵی یەکەم کە سەردانی هەولێری کرد میوانی ئەو بوو، سەرۆک وەزیران و وەزیرەکان کە دەهاتنە هەولێر پێش ئەوەی بچنە دیوانی موتەسەریف دەهاتنە لای مەلافەندی، ماڵەکەی بەڕادەیەک ئەمین بوو کە لە جوولانەوەکەی ڕەشید عالی گەیلانیدا مەلیک فەیسەڵی دووەم و دایکی و ئەندامانی خێزانەکەی ڕوویان لە باداوە کردو تا تەواوبوونی جوولانەوەکە هەر لەوێ مانەوە.

یەکەم جار کە مەلافەندیم بینی تەمەنم دە ساڵ بوو، لەگەڵ مامەکانم و کاک ئەحمەدی برام ساڵی (١٩٤٢) سەردانمان کرد.

لە عیزەدینی کوڕی مەلافەندیم بیستووە کاتێک شێخ ئەحمەدی بارزانی ساڵی (١٩٣٢) لە تورکیا گەڕایەوە لە مووسڵەوە بەڕێگەی گوێڕ بەرەو هەولێر هات، ئەوکاتە خەڵک بە بەلەم لە زێی گەورە دەپەڕینەوە، پێش گەیشتنی شێخ ئەحمەد، موتەسەریف و کاربەدەستان لە گوێڕ بۆ پێشوازیی ڕاوەستان، عیزەدین کە تەمەنی (١٦) ساڵ بوو وەک نوێنەری مەلافەندی باوکی لەگەڵ پێشوازیکاراندا بوو، دوای گەیشتنی شێخ و ناسینی پێشوازیکاران کە زانیی عیزەدین کوڕی مەلافەندییە سواری ئوتۆمۆبیلەکەی ئەو بوو و لەگەڵ موتەسەریف سوار نەبوو، ئەمە بەڵگەی ئەوەیە کە مەلافەندی خاوەنی چ پلەوپایەیەک بوو، لە ١٩٤٢/١٢/٣٠ کۆچی دوایی کرد.

* ساڵی (١٩٤٣)، هەندێک لە ئەفسەری ئەڵمانی بە پەڕەشووت لە دەوروبەری هەولێر دابەزین و لاوێکی هەولێریشیان لەگەڵدا بوو،

دەربارەی ئەو ڕووداوە چیت لە بیرە؟

– بەر لەهەڵگیرسانی شۆڕشی بارزان، لە کۆتاییی هاوینی (١٩٤٣) ڕووداوێکی گەورە لە هەولێر قەوما، ئەگەر سەرکەوتنی بەدەست هێنابا ئەوا کاری دەکردە سەر سەرجەم بارودۆخی سیاسی گەلی کورد، ئەفسەرانی ئەڵمانی بە پەڕەشووت دابەزین و ڕەمزی نافیع ڕەشیداغاشیان لەگەڵدا بوو، ڕەمزی لاوێکی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەر بوو، کوڕی خانەوادەیەکی ناسراوی خاوەن توانا بوو، ئەڵمانییەکان بەڵێنیان پێ دابوو یارمەتیی گەلی کورد بدەن لە پێناو سەربەخۆییدا، مەبەست لەم دابەزینە ترسناکە ئەوەبوو کە پێوەندی بە عەشیرەت و کوردە نەتەوەپەروەرەکانەوە بکەن لە پێناو هەڵگیرساندنی شۆڕش، ئەگەر ئەو کردەوەیە سەرکەوتبا ئەوا لەگەڵ شۆڕشی بارزان هەماهەنگ دەبوو.

گومانی تێدا نییە، ئەڵمانەکان لەو کردەوەیەدا بەرژەوەندی تایبەتی و نیازی جەنگیی خۆیان هەبوو، ئەمەش بە دروستکردنی گیروگرفت بۆ حکوومەتی عێراقی هاوپەیمانی بەریتانیا، هەروەها شوێنی ستراتیجیی عێراق و نزیکیی لە سنووری یەکێتیی سۆڤیەت و زۆریی سامانی نەوت.

ئەوکاتە منداڵ بووم و ڕووداوەکەم بۆ هەزم نەدەکرا، ڕەمزیم نەدەناسی، بەڵام سوعاد جەودەتی برای و نیهادی ئامۆزایم دەناسی، جەودەت لە قۆناغی سەرەتایی برادەری عومەری برام بوو، نامەوێت زیاتر باسی ئەو ڕووداوە بکەم، چونکە سەربوردەکەی لەو کتێبەدایە کە ئەفسەری ئەڵمانی (گوتفرید یوهانس میولەر) نووسیویەتی و لەلایەن بەڕێز بەدران ئەحمەد حەبیبەوە کراوە بە کوردی و دکتۆر مارف خەزنەدار پێشەکیی بۆ نووسیوە.

دوای ماوەیەک بیستم سەرجەم بەشدارانی ئەو کردەوەیە دەستگیرکران، هەروەها جووتە برای ڕەمزی (حیسام و سوعاد) کە ئەوەی دواییان تەمەنی لە پازدەساڵیش کەمتر بوو هەریەکەو بە ساڵێک حوکم دران، سەرەتا حوکمی لە سێدارەدان بۆ ڕەمزی دەرچوو دوایی کردیان بە ئەبەدی و کاری قورس،

دوای بەسەربردنی چەند ساڵێک لە بەندیخانە لەبەر هۆکاری تەندروستی ئازاد کرا و لە کۆتاییی چلەکاندا کۆچی دوایی کرد.

ئەفسەرە ئەڵمانەکان، وەک دیلی جەنگ هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا کرا و پاشان ئازاد کران، لەبەر بایەخی ڕووداوەکە باسی ئەم بابەتەم کرد، پاشان سەرجەم ئەندامانی ئەو خانەوادە نەجیبزادەیە بوون بە برادەرم، بابەتەکە سەرەڕای پاڵنەرە نەتەوەیییەکەی پێوەستە بە ڕووداوێکی تایبەت بەخۆم، پاش کردەوەکە بیروڕای جیاواز سەبارەت بە رەمزی هاتە ئاراوە، هەبوو بە نەتەوەپەروەر وەسفی دەکرد، هی وا هەبوو دەیوت نازییە و هاوکاری ئەڵمانەکانە.

بۆ ڕاستی و مێژوو دەڵێم ڕەمزی لاوێکی نەتەوە پەرستی دڵسۆز بوو، باوەڕی بە کێشەی گەلەکەی هەبوو و ژیانی خۆی لە پێناو دانا، ڕێککەوتێکی سەیر لەم بوارەدا تووشم هات، زیاتر ڕاستی و دڵسۆزیی ڕەمزیی دیارخست.

ساڵی (١٩٦٠)، لە یەک خانوو لە گەڕەکی عەرەبی تازە لەگەڵ خانەوادەی ئاغا ئەحمەد بایزی مامم دادەنیشتین، خێزانەکەی واتە (دایکی کاکە) پوورم بوو، تاکە کوڕەکەیان کاکە عەبدولقادر ئەوکاتە قوتابیی قۆناغی ئامادەیی بوو.

ڕۆژێکیان پوورم داوای لێ کردم سەیری هەندێک کۆنە ئەوراقی بۆ بکەم کە پێوەست بوون بە هاوسەری خوالێخۆشبووی، دوای تەماشاکردنیان بینیم هەندێک سەنەداتی کۆن و نامەی تایبەتین، ڕێککەوت ڕۆژژمێرێکی بچووکی گیرفانم بەرچاو کەوت کە هی ساڵی (١٩٤٢) بوو، بینیم هی ڕەمزییە و ناونیشانی بەسەرەوەیە، دیاربوو ڕەمزی ئەو کاتە لە بەیروت. خوێندوویەتی، چی ئەو ڕۆژژمێرەی گەیاندە ئێرە؟ مامم واتە (باوکی کاکە) ساڵی (١٩٤٣) واتە پاش گرتنی ڕەمزی و هەڤاڵەکانی بە چەند هەفتەیەک کۆچی دوایی کردووە.

ئەمە زیاتر وای لێ کردم ڕۆژژمێرەکە بخوێنمەوە، بینیم پڕە لە تێبینی و پێوەندییەکانی ڕەمزی و چالاکییەکانی لە ناو حزبی هیوادا، هەروەها

دیدارەکانی لە بەیروت لەگەڵ میر کامەران بەدرخان و نوورەدین زازا و جگە لە لیستی ئەو پیتاکەی کە بۆ حزبی هیوا کۆکرابووەوە، وا زەن دەکەم مەسەلەی ئەو ڕۆژژمێرەم لای سوعادی برای ڕەمزی باس کرد، نازانم ڕۆژژمێرەکەم دا بەو یان نا، تا ئێستاش چارەنووسی بزرە.

لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا، بابەتێکی بەڕێز مەسعوود محەمەدم لە کۆواری (کاروان)دا خوێندەوە کە زۆر بەویژدانەوە لە ڕەمزی دوابوو، هەروەها پێشەکییەکەی دوکتۆر مارف خەزنەداریشم خوێندەوە کە بۆ کتێبەکەی میولەری نووسیوە.

ساڵی (١٩٩٢) بەیاوەریی هۆشیار زێباری، هاوسەفەری بەڕێز مەسعوود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان بووم بۆ ئەڵمانیا، لە ئێوارە خوانێکدا کە بەڕێز (شنور) وەزیری ناوەخۆی کۆماری باکووری ڕاین، بۆ ئێمەی ساز دا لە شاری دوزلدورف، بینیم پیاوێکی پیر لێمان نزیک بووەوە و دەپرسێت ئاخۆ ڕەمزی دەناسین، پاشان زانیمان ئەوە میولەرە، ئەو ئەفسەرەی کە لە کردەوەکەدا لەگەڵ ڕەمزی بەشداربوو، کتێبێکی بەزمانی ئەڵمانی نووسیبوو و پێشکێشی کردین.

میولەر پرسیاری سوعادی کرد، وتمان ماوەیەکە مردووە، وتی: ئەو خانەوادەیە دەناسن؟ وتمان هەموو برادەرمانن، وتی: بەم زووانە سەردانی کوردستان دەکەم، وابوو ساڵی (١٩٩٣) هاتە کوردستان و سەردانی خانەوادەی ڕەمزیی کرد و ڕێزێکی زۆریان لێ نا، هەروەها سەردانی ئەو شوێنەشی کرد کە لەگەڵ ڕەمزی و هاوەڵانی خۆیان تێدا حەشار دابوو، ئەمە سەربوردەی ئەو لاوە بوو کە ژیانی خۆی کردە قوربانی گەل و نەتەوەکەی و لە ترسناکترین کردەوەدا بەشداریی کرد.

* ساڵی (١٩٤٤) سەرۆکی کورد مستەفا بارزانی سەردانی هەولێری کردو یەکەم جار چاوت پێی کەوت، ئەمەمان بۆ بگێڕەوە؟

- هاوینی ساڵی (١٩٤٣) له پۆلی پێنجەمی سەرەتایی دەرچووبووم بۆ پۆلی شەش، تەمەنم یازدە ساڵ بوو، لە کاک ئەحمەدی برام بیست کە مستەفا بارزانی شوێنی دانیشتنی ئیجباریی لە سلێمانی جێ هێشتووە و گەڕاوەتەوە ناوچەی بارزان، ئەوکاتە گیانی نەتەوەپەروەری لە نێوان لاوانی قوتابی دواناوەندی بڵاو بووبووەوە، باسیان لە دامەزراندنی قەوارەیەکی نەتەوەییی کوردی دەکرد لە پاش کۆتاییهاتنی دووەم شەڕی جیهانیدا.

پاییزی ساڵی (١٩٤٣) شەڕ لە نێوان بارزانییەکان و حکوومەتی عێراقدا هەڵگیرسا، بیستمان بارزانییەکان لەو شەڕەدا پاڵەوانانە بەرگرییان کردووە و بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی سەرکەوتنیان بەدەست هێنا، دەنگوباس وا بڵاوبووەوە کە گفتوگۆ لە نێوان بارزانی و حکوومەت دەستی پێ کرد و بارزانی چەندان داواکاریی نەتەوەییی داوە بە حکوومەت و ئەوانیش بەڵێنیان داوە جێبەجێیان بکەن، ناوی بارزانی کەوتە سەر زاری قوتابییان و ڕۆشنبیران و لاوانی عەشایر.

ساڵی (١٩٤٤) لە پۆلی شەشەمی سەرەتایی بووم و تەمەنم دوازدە ساڵ بوو، زستانی ئەو ساڵە درێژەمان بەخوێندن دا، وا ڕاهاتبووین ئەگەر ڕۆژەکەی خۆش بێت و هەتاو بە دەرەوە بێت هەر هەفتەی پۆلێک بێتە دەرەوە و لەبەر هەتاو دەرس بخوێنین، ئەو ڕۆژە پۆلی شەشەم بە دەرەوە بوون، ئەوەندەمان زانی بوو بەهاوار و ڕاکەڕاک و ناوی بارزانیمان بەرگوێ کەوت، مامۆستاکانیش بە ئاراستەی دۆڵەکەی نزیک قوتابخانە هەنگاویان نا، ئێمەی قوتابییش بەدوایانەوە، ڕووبەڕوو بارزانیمان بینی کە بەپیاسە دەڕۆیشت و دوازدە چەکداریشی بەدواوە بوو، بارزانی لە باداوەوە بە پێ بەرەو هەولێر هاتبوو و ڕووەو موتەسەڕیفیەت دەچوو.

پاشان زانیم کە بارزانی بۆ پرسەی مەلافەندی هاتووە و لە باداوە میوانی عیزەدینی مەلافەندی(٨) بووە، کاتی مردنی مەلافەندی بارزانی بۆ سلێمانی دوور خرابووەوە، لە عیزەدینم بیست پاش ئاگربەستی جووڵانەوەی بارزان لە

ساڵی (١٩٤٣) مەلا مستەفا نامەیەکی بۆ ناردووە و پرسە و سەرەخۆشیی لێ کردووە و وتوویەتی حەز دەکات بێتە هەولێر، عیزەدینیش لە وەرامدا بۆی نووسیووە کە دەتووانێت لە هەولێر و دەوروبەریدا ژیانی زامن بکات، بەڵام توانای ئەوەی نییە لە دەرەوە بیپارێزێت.

دوای ماوەیەک بیستم بارزانی دەستی بە چالاکییەکی فراوان کردووە تا پشتگیری بۆ کێشەی گەلەکەی زامن بکات، ساڵی (١٩٤٥) بارزانی سەردانی ناوچەی دزەییاتی کرد و دوو سێ ڕۆژ میوانداری کرا، لاوانی عەشیرەتی دزەیی بەدەسخەت بەڵێن نامەی پشتگیرییان بۆ نووسی و بەڵێن نامەکە لای کاک ئەحمەد پارێزرا، لەگەڵ دەست پێکردنەوەی جووڵانەوەی بارزان لە ساڵی (١٩٤٥) کاک ئەحمەد و هەموو ئەوانەی کە بەڵێن نامەکەیان ئیمزا کردبوو لەلایەن حکوومەتەوە دەستگیر کران، تا کۆتاییهاتنی جووڵانەوەکە و کشانەوەی بارزانی و یاوەرانی و پێوەندیکردنیان بە کۆماری مەهابادەوە ئیمزاکارانی بەڵێننامەکە هەر لە بەندیخانە بوون.

* پێش ئەوەی بچینە سەر قۆناغی دواناوەندی، با بزانین یادەوەریت لە ڕۆژانی قۆناغی سەرەتایی چی تری داکردووە؟

– وەک باسم کرد، قوتابخانەکەمان کەوتبووە بەرامبەر یانەی فەرمانبەران و تەنیشت بانکی ڕەشیدی ئێستا، قوتابخانەکە دوو نهۆم بوو، نهۆمی یەکەم شەش ژووری خوێندنی بۆ پۆلی یەکەم و دووەم و سێیەم تێدابوو، واتە دوو هۆبە بۆ هەر پۆلێک، هەروەها ژووری مامۆستایان و ژووری وەرزش و فرۆشگا و جگە لە شوێنی ئاوخواردنەوە، قوتابخانەکە لەلای ڕۆژهەڵاتەوە دەیڕوانییە سەر جادە و دەروازەکەی شیشەبەند بوو، لە کاتی پشوودا، قوتابییان خواردەمەنی و میوەیان لە فرۆشیارە گەڕۆکەکان دەکڕی، سبەینان، قوتابییان لە گۆڕەپانی قوتابخانە ڕادەوەستان و سروود و شیعریان دەخوێندەوە، هەر لەو گۆڕەپانەدا یاریی باسکە و سەبەتە دەکرا.

نهـۆمـی دووەمــیش هـەر شــەش ژوور بوو، هـەر دوو ژوور بۆ پۆلێک، پۆلی چوارەم و پێنجەم و شەشەم لەوێ دەیانخوێند، ژوورەکانی بەڕێوەبەر و وێنەگا و کۆگاش هەر لەو نهۆمەدا بوون، بەشی خوارووی یانەی فەرمانبەران لە ناو قوتابخانەکە بەجوانی دەبیندرا، لە گۆشەی خوارووی باخچەکەوە ڕێگەیەکی تەسک بۆ پیادە هەبوو کە دەگەیشتەوە سەر بەستی هەولێر و قەسابخانەش لەوێ بوو.

رۆژانی جەژن، ئەگەر کەشوهەوا خۆش با ئەو شوێنە دەبووە مەیدانی جۆلانە و چەرخ و فەلەک و گەورە و گچکە ڕۆژیان لەوێ بەسەردەبرد، دوای بەستەکە لەلای چەپەوە گۆڕستانی جوولەکان بوو، لای ڕاستیش گۆڕەپانێکی فراوان بوو کە چەند کەلوپەلێکی ئاسنی تێدابوو پێیان دەوت (گۆڕەپانی پۆلۆ)، ئەو ناوەش لەمەوە هاتبوو ئەفسەرانی ئینگلیز دوای تەواوبوونی یەکەم شەڕی جیهانی و لە رۆژانی داگیرکردندا لەو شوێنە یاریی پۆلۆیان دەکرد واتە (هۆکی بەسەر پشتی وڵاخەوە)، شوێنی گۆڕستانی جوولەکان و هەردوو مەیدانەکە ئێستا گەڕەکی سەیداوەیە.

هەر سەبارەت بەڕۆژانی قۆناغی سەرەتایی دەبێت ناوی دانیال عوزێر قەساب بهێنم، دانیال جوولەکە بوو، وانەی فەرمیی پێ دەوتین، نیگارکێشێکی زۆر بەتوانا بوو، مونیری براشی هەروەها، مامۆستا دانیال زۆربەی کاتی لە ناو وێنەگا بەسەردەبرد، لەلایەن مەلیک فەیسەڵەوە خەڵاتێکی پێ بەخشرا کە بریتی بوو لە سەعاتێک کە وێنەی مەلیکی تێیدا نەخشێندرابوو و پێشکێشەکەش هەر بە دەستخەتی مەلیک نووسرابوو، تا ساڵی (١٩٧٠) سێ تابلۆی دانیال قەساب لە ژووری موتەسەڕیفی هەولێر هەڵوسرابوون، نازانم دوایی چییان بەسەرهات.

مامۆستای ناوبراو، وێنەیەکی کاک ئەحمەدی برامی بە جلوبەرگی کوردییەوە ڕەسم کرد تا بڵێی نازدار بوو، لە دیوەخانی دووگردکان هەڵمان واسیبوو، پاش ئەوەی دەسەڵاتداران و بەکرێگیراوان گوندەکەیان سووتاند تابلۆکەش تیاچوو، لەو بڕوایەدام ئەگەر مامۆستا دانیال خەڵکی ئەورووپا

بووایە، ئێستا لە ریزی هونەرمەندە ناودارەکاندا ناوی دەهات، هونەرمەندی ناوداری هەولێر خوالێخۆشبوو جەواد ڕەسووڵ ناجی لەسەر دەستی دانیال ناوبانگی دەرکرد.

لێرەدا، پێویستە ئاماژە بە بزاڤی وەرزش لە شاری هەولێردا بکەم، بە نیسبەت خۆمەوە هەر لە سەرەتای چلەکانەوە حەزم بۆ وەرزش جوولا، ئەمەش لەبەر دوو هۆ، یەکەمیان زۆر حەزم لە تۆپی پێ و باسکە بوو، دووەمیان ئەنوەری برام لە چەند تیپێکی وەرزشوانیدا ئەندام بوو، هەولێر تیپێکی تۆپی پێی چالاکی هەبوو، لە زۆربەی یارییەکاندا لە کەرکووکی دەبردەوە.

کە چوومە دواناوەندی، لە چەند تیپێکدا چالاکیم نواند، تیپی (الاتحاد الاهلی) لە تیپە باشەکان بوو، بەڕێزان ئیبراهیم ئیسماعیل حەلاق و ئەحمەد ئەمین حەلاق ڕۆڵی بەرچاویان هەبوو، تیپی دواناوەندیی هەولێریش لە تیپە بەهێزەکان بوو.

لە یاریزانە دیارەکانی تۆپی پێی سالانی (٤٠–٥٠) لە هەولێر بەڕێزان حەیدەر عوسمان، حاجی خورشید بەگ، قەرەنی محەمەد عەلی، سوار زیوەر، ئیسماعیل حەسەن، ئەنوەری برام، حەبیب عزرا، سەرکیس ئیبراهیم، حەمید شەهاب، عوسمان مستەفا، سالح عەبدوڵا، داوای لێبووردن لەوانەش دەکەم کە ناویانم لە بیر نەماوە.

ئێستاش مایەی خۆشحاڵیمە کە وەرزش لە کوردستان بەگشتی و لە هەولێر بەتایبەتی بایەخێکی زۆری پێ دراوە، بەم دواییانە فرەنسۆ هەریری[٩] یاریگایەکی جیهانیی دروست کرد کە جێگەی سی هەزار کەسی تێدا دەبێتەوە و هەموو جۆرە چالاکییەکی تێیدا ئەنجام دەدرێت.

پەراوێزەکان:

١- ناوی تەواوی بەڕێز موحسین دزەیی: موحسین حەمەدەمین حاجی بایز حەوێز حەسەن مەحموود قەرەنی ئاغای دزەییە، خۆی و کوڕ و برا و خزمەکانی سێ سەد ساڵ بەر لە ئەمڕۆ لە گوندی (دزە)ی کوردستانی ئێرانەوە هاتوونەتە ئەم دیوە.

٢- کابتن (دەبیلو، کی، هی) ئەو ئەفسەرە بەریتانییەیە کە لە کۆتاییی یەکەم شەڕی جیهانیدا سەرکردایەتیی داگیرکردنی شاری هەولێری کرد و (١٩١٨-١٩٢٠) وەک حاکمی سیاسی فەرمانڕەواییی ئەو شارەی کرد و پاشان کتێبێکی بەناوونیشانی (دوو ساڵ لە کوردستان) دانا.

٣- مستەفا عومەری، سیاسەتمەدارێکی عێراقییە، لە سەردەمی مەلەکیدا سەرۆک وەزیر بوو، ساڵی (١٨٨٥) لە مووسڵ هاتووەتە دنیاوە و خوێندنی لەوێ تەواو کردووە و پاشان لە بەغدا کۆلێژی مافی تەواو کردووە، ماوەیەک پارێزەریی کردووە و دوایی چەندان وەزیفەی کارگێڕیی بینیوە لەمانە (قایمقام، موتەسەڕیف، پشکنەری دارایی)، پاش ساڵی (١٩٣٧) چەند جار کراوە بە وەزیر ساڵی (١٩٥٢) بوو بە سەرۆک وەزیرانی عێراق و لەلایەن حزبە نیشتمانپەروەرەکانەوە، ڕەخنەی زۆر لێ گیرا، ساڵی (١٩٦٠) کۆچی دوایی کرد.

٤- مەلیک غازی شەوی ٣/٤ی نیسانی (١٩٣٩) کۆچی دوایی کرد، تەمەنی (٢٧) ساڵ بوو، بەیانی فەرمیی حکوومەتی عێراق وای بڵاو کردەوە کە بەتەنیا ئوتۆمۆبیلی ئاژۆتووە و لە نزیک قەسری حارسیە خۆی داوە بە عاموودی کارەبا، زۆر قسەو باس لە مردنەکەی کرا کە هەندێکیان لەو بڕوایەدابوون پاڵنەری سیاسیی لە پشتەوە بووە.

٥- ڕەشید عالی گەیلانی: سیاسییەکی ناسراوی عێراقە، ساڵی (١٨٩٢) لە بەغدا هاتووەتە دنیاوە، ساڵی (١٩٢٤) کراوە بەوەزیری داد، چەندان جار پۆستی سەرۆک وەزیرانی وەرگرتووە، مایسی (١٩٤١) سەرکردایەتیی بزووتنەوەیەکی بەناوبانگی دژ بە ئینگلیز کرد، دوای تێکشکانی بەڕێگەی ئێرانەوە بەرەو ئەڵمانیا ڕای کرد و چاوی بە هیتلەر کەوت، تا (١٤)ی تەمووزی (١٩٥٨) لە تاراوگە بوو، پاشان گەڕایەوە عێراق و لەلایەن دادگاوە زیندانی کرا، ئینجا

ڕووی لە قاهیرە کردو لە بەیروت گیرسایەوە، ساڵی (١٩٦٥) کۆچی دوایی کرد و لە بەغدا بەخاک سپێردرا.

٦- ساڵح زەکی ساحێبقران: کەسایەتییەکی کوردی ناسراوە، ساڵی (١٨٨٦) لە هەڵەبجە هاتووەتە دنیاوە، خوێندنی سەرەتایی لە سلێمانی و ئامادەییی لە بەغدا تەواو کردووە، ساڵی (١٩٠٦) قوتابخانەی حەربیەی لە بەغدا تەواو کردووە و لە سوپای عوسمانی دامەزراوە، ساڵی (١٩٢١) وازی لە خزمەتی سەربازی هێناوە و ڕووی لە وەزیفەی مەدەنی کردووە و لەمانە قایمقامی ئاکرێ و موتەسەڕیفی سلێمانی لە ساڵی (١٩٣٥)و موتەسەڕیفی هەولێر لە ساڵی (١٩٤١)، ساڵی (١٩٤٤) کۆچی دوایی کردووە.

٧- عەونی یووسف: کەسایەتییەکی کوردی ناسراوە، ساڵی (١٩٠٨) لە هەولێر هاتووەتە دنیاوە، خوێندنی سەرەتایی و دواناوەندیی لەوێ تەواو کردووە و ساڵی (١٩٣٩) بڕوانامەی کۆلێژی مافی وەرگرتووە، ماوەیەک پارێزەریی کردووە و پاشان کراوە بە قازیی زاخۆ، بەهۆی چالاکیی سیاسییەوە، لە سەردەمی مەلەکیدا چەند جارێک خراوەتە بەندیخانەوە، پاش (١٤)ی تەمووزی (١٩٥٨) کراوە بە سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی کەرکووک، ساڵی (١٩٥٩-١٩٦٠) وەزیری ئەشغال و ئیسکان بووە، ساڵی (١٩٨٨) لە بەغدا کۆچی دوایی کردووە و لە هەولێر بەخاک سپێردراوە.

٨- عیزەدین مەلا، کەسایەتییەکی ناسراوی کوردە، ساڵی (١٩١٧) لە هەولێر هاتووەتە دنیاوە، خوێندنی سەرەتایی و دواناوەندیی لەو شارە تەواو کردووە و دوایی ڕووی لە زانکۆی ئەمریکی لە بەیروت کردووە، ساڵی (١٩٤٧) کراوە بە نائیب و دوایی کراوە بەجێگری یەکەمی سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ ماوەی چەند خولێک، ساڵی (١٩٥٧) لە وەزارەتەکەی عەبدولوەهاب مەرجان کراوە بە وەزیر، ساڵی (١٩٦٣) ڕووی لە جنێف کردووە و دوایی لە بەیروت گیرساوەتەوە، ساڵی (١٩٥٧) گەڕاوەتەوە عێراق و ساڵی (١٩٩٩) لە هەولێر کۆچی دوایی کردووە.

٩- لە کاتێکدا ئەم کتێبە بەرەو چاپ دەچوو، ڕۆژی ٢٠٠٠/٢/١٨ لەلایەن دەستێکی چەپەڵەوە فەرەنسۆ هەریری تیرۆر کرا.

## قۆناغی خوێندنی دواناوەندی

* سەعید قەزاز و ئاهەنگی جەژنی نەورۆز لە هەولێر ساڵی (١٩٤٦)
* هەڵوێستی بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر سەبارەت بەخۆپیشاندانی قوتابییان لە ساڵی (١٩٤٨).
* ساڵی (١٩٤٩) لە کۆڵانەکانی هەولێر پۆلیس ڕاوەدووی قوتابییان دەنێ.
* چوونە ڕیزەکانی حزبی شیوعی لە ساڵی (١٩٤٨)و دەست لە کارکێشانەوە لە ساڵی (١٩٥٠).

* قۆناغی خوێندنی دواناوەندیت پڕە لە رووداو و لەوێوە چوویتە ناو دنیای سیاسەت و دەڵێن ئەوکاتە بوویت بە شیوعی، یادەوەری و چالاکیت لەم قۆناغەدا چییە؟

– پێش ئەوەی وەرامی پرسیارەکەت سەبارەت بە ژیانی سیاسیم بدەمەوە دەمەوێت بڵێم گەلی کورد بارودۆخێکی تایبەتی هەبووە کە لە گەلانی تری جیاکردووەتەوە، لەم دوو سەدەیەی ڕابردوودا، لەسەر دەستی دراوسێ و داگیرکەراندا جۆرەها زوڵم و چەوساندنەوەی بینیوە، لەبەرئەوەی تاکە میللەتێکیشە کە بە مافەکانی خۆی نەگەیشتووە، بۆیە بەردەوام تێ کۆشاوە و هەموو هەلێکی بۆ ئەم مەبەستە قۆزتووەتەوە.

ئەو میللەتە سەردەستانەی کە کورد لەگەڵیاندا ژیاوە، هەردەم کوردیان هیوابڕاو کردووە، بۆیە کورد لێیان یاخی بووە، لە هەندێک ڕۆژگاریشدا بەتایبەت لە سەدەی هەژدەم و نۆزدەمدا، گەلی کورد توانیی چەند میرنشینێک دابمەزرێنێت، لەمانە میرنشینی سۆران و بۆتان و بابان و ئەردەڵان و... هتد، هەر کاتێک یەکێک لەو میرنشینانە هەوڵی دابێت سنووری خۆی فراوان بکات یان سەربەخۆ بێت، ئەوا داگیرکەران گرفتیان بۆ دروست کردووە و بە ئاسانی لەناویان بردووە.

لە سەدەی نۆزدەم و بیستەمدا، چەندان شۆڕش و بزاڤی نەتەوەیی لە پێناو دامەزراندنی قەوارەیەکی کوردی و بە دەستهێنانی هەندێک لە مافەکانی گەلی کورد سەریان هەڵدا، لەمانە شۆڕشەکان و ڕاپەڕینەکانی شێخ عوبێدوڵای نەهری و شێخ عەبدولسەلامی بارزانی و شێخ مەحموودی حەفید و شێخ سەعیدی پیران و ژەنەراڵ ئیحسان نووری پاشا و شۆڕشەکانی بارزان، کە خوالێخۆشبوو شێخ ئەحمەدی بارزانی لە ساڵی (١٩٣٢) سەرکردایەتیی کرد، بارزانیی نەمریش لە نێوان ساڵانی (١٩٤٣-١٩٤٥) سەرکردایەتی کرد و پاشان شۆڕشی ئەیلوول لە ساڵی (١٩٦١) هەر بە سەرکردایەتیی بارزانی.

مرۆڤی کورد، کە لە نێوان ئەم هەموو بارودۆخ و ڕووداوانەدا گەورە بووبێت بێگومان لە دوور و نزیکەوە پڕیشکی بەرکەوتووە، ئەگەر لە هەر تاکێکی کورد بپرسیت کەی چوویتە ناو سیاسەتەوە؟ وەرامت دەداتەوە: هەر لە منداڵییەوە، دەتووانم بڵێم دوای ڕووداوەکانی یەکەم جەنگی جیهانی تاکی کورد لە کوردستانی عێراقدا هەر کە لە دایک دەبوو سیاسی بوو، من یەکێک بووم لەوانەی کە ئەو بارودۆخە کاری تێ کردم بیرم لەو ڕووداوانە دەکردەوە بێ ئەوەی ئاگەداری وردەکاری و ماهیەتیان بم، بەڵام لەگەڵیاندا هاوسۆز بووم، گوێمان لە ناوی (ژ-ک) و هیوا و ڕزگاری و شۆڕش دەبوو، لەگەڵ برادەرە قوتابییەکانم بۆ پاڵپشتیکردنیان پێشبڕکێمان دەکرد، بێ ئەوەی هەقیقەتی ئەو حزب و ڕێکخراوە سیاسییانە بزانین.

جووڵانەوەکانی بارزان لە ساڵی (١٩٤٣) خاڵی سەرەتای ژیانی سیاسیم بوون، کاک ئەحمەدی برام لەم ڕووەوە ڕۆڵێکی سەرەکیی گێڕا، هەرچەندە بەتەمەن بچووک بووم، بەڵام لە کاکم دەنگوباسی ئەو بزاڤانەم دەبیست و سۆزم دەجووڵا بە تایبەت بۆ مەلا مستەفای سەرکردە، دوای ئەوەی بارزانی سەردانی هەولێر و ناوچەی دزەییاتیی کرد و چاوی بە خزمانی ئێمە کەوت، هەستم کرد کاک ئەحمەد لە جاران زیاتر پاڵپشتییان دەکات، ئەمەش کاریگەریی بەسەر خۆم و براکانمەوە هەبوو، نابێت ئەمەش بشارمەوە، دوای ئەوەی خوالێخۆشبوو پارێزەر عەونی یووسف لە بەندیخانە ئازاد کرا توانیی

ڕۆڵێکی مەزن لە بڵاوکردنەوەی بیری کوردایەتی (بەشێوازی تایبەتی خۆی) بگێڕێت، مرۆڤێکی بێ فیز بوو، بە شێوازێکی میللییانە تەعبیری لە گیانی نەتەوایەتی دەکرد، بۆیە لە نێوەندی ڕۆشنبیران و جووتیاراندا لایەنگری زۆر بوو، ئەوانەی ئەو کاتە سەرکردایەتیی بزووتنەوە سیاسییەکانیان دەکرد ژمارەیان کەم بوو بۆیە عەونی یووسف بوو بە کەسایەتییەکی ناسراو و لە نێوەندی گشتیدا ناوبانگی دەرکرد.

هۆشیاریی نەتەوەیی ئەوکاتە گڵپەی سەندبوو، لە بیرمە ڕۆژی جەژنی نەورۆزی (١٩٤٥)، ئێمەی قوتابی لە نزیک ماڵی موتەسەڕیفی ئەوسای هەولێر (سەعید قەزاز)[١] ئاهەنگمان گێڕا، ئێوارە بەدەم شایی و گۆرانی و دەنگی دۆڵ و زوڕناوە ڕێ کەوت، قەزاز بەلاماندا تێ پەڕی، لە ئۆتۆمۆبیلەکەی دابەزی و هەندێک پارەی شاباش کرد بۆ حەمەسووری زوڕناژەن و برادەرەکەی، داواشی کرد بەردەوام بین و پاشان ڕۆیشت، ئێمەش گەڕاینەوە شار، ئاهەنگ گێڕان بەبۆنەی نەورۆزی ساڵی (١٩٤٨) وا ڕێک کەوت لە دوای ڕاپەڕینەکانی کانوونەوە بێت، خەڵک بۆ بەشداریکردن لە ئاهەنگەکە زۆر بە پەرۆش بوون، بەڵام ڕەفتاری ناشیرینی هەندێک کەسی کاڵفام لە سیاسەت و ئیستیفزازاتی هەندێک لە شیوعییەکان وای کرد، پیاوانی ئاینی لە شاری هەولێر دڵگیربن لە سەرووی هەموویانەوە شێخ محیەدین شێخ ساڵح بەرزنجی کە خاوەنی پایەیەکی ئاینی و کۆمەڵایەتی دیاربوو، لەم بارەیەوە خوالێخۆشبوو عەلی فەتاح دزەیی کە ئەوکاتە شیوعی بوو، بۆی گێڕامەوە: کە لەگەڵ چەند کەسێک چوونەتە لای شێخ و داوای پیتاکیان لێ کردووە، لە گفتوگۆ و سوعبەتێکی ئاساییی نێوانیاندا (شێخ محیەدین، عەلی دەناسی و برادەری فەتاحی باوکیشی بوو) عەلی فەتاح بەگاڵتەجاڕی وەرامی شێخ دەداتەوە، شێخ تووڕە دەبێت و ڕای دەگەیەنێت ئەوەی بەشداریی ئاهەنگەکە بکات لە دین لای داوە، بۆ زانینیش، ساڵێک پێشتر شێخ محیەدین بەشداریی ئاهەنگی نەورۆزی کرد و پیتاکیشی دا.

بەم جۆرە بەرەیەکی دژ بە ئاهەنگەکە دروست بوو، پاشان عەلی فەتاح بۆی

گێڕامەوە کە لەو دیدارەی لەگەڵ شێخ محیەدیندا هەڵەی کردووە، دوای شۆڕشی (١٤)ی تەمووزی (١٩٥٨) بەدیارکەوت کە شێخ پیاوێکی نەتەوەیی بووە و هاوسۆزی شۆڕشی کورد بووە و پێوەندییەکی باشی لەگەڵ سەرۆک مستەفا بارزانیدا هەبووە (خوا لە هەموویان خۆش بێت)، ئەمە سەربوردەی ئاهەنگی نەورۆزی ساڵی (١٩٤٨) بوو کە دوا ئاهەنگی بە ئاشکرا بوو، تا حەوت ساڵ دوای ئەو ئاهەنگە کەس جورئەتی نەکرد بە ئاشکرا ئاهەنگ بگێڕێت.

دەگەڕێمەوە سەر وەرامی پرسیارەکەت و دەڵێم ئەو بارودۆخانە وایان کرد کە هەر کوردێک بەشێوەیەک سیاسەت بکات، دوای ئەوەی حکوومەت لە بەڵێنەکانی پاشگەز بووەوە لە ساڵی (١٩٤٥) دووبارە شۆڕشی بارزان سەری هەڵدایەوە، ئەمە کاریگەریی زۆری بەسەر بەرزکردنەوەی گیانی خرۆشانی نەتەوەیی لە روحی قوتابییاندا هەبوو، دوای کۆتاهاتنی شۆڕشەکە و چوونی بارزانی و هەڤالانی بۆ ئێران و بەرگریکردنیان لە کۆماری مەهاباد، ئەو کاتە پۆلی دووەمی ناوەندی بووم، ساڵی (١٩٤٦)مان بە پاڵپشتیکردنی کۆمارە ساواکە بەسەربرد، لە هاوینی هەمان ساڵدا پارتی دیموکراتی کوردستان دامەزرا، کاک ئەحمەد و من بە پەرۆشەوە پاڵپشتی حزبمان کرد و تێبینیی ئەوەشم کرد ئەنوەری برام و زۆربەی برادەرە قوتابییەکانی مەیلیان بەلای حزبی شیوعییە.

کاروبارەکان زۆر بە ئاسایی رۆیشتن تا ساڵی (١٩٤٧) کە کۆماری مەهاباد لەناوچوو، و قازی محەمەد شەهید کرا و بارزانی و یاوەرانیشی چوونە یەکێتیی سۆڤیەت، بارودۆخ گۆڕا و منیش کەوتبوومە ژێر کاریگەریی دوو براکەم، کاک ئەحمەدی برا گەورەم کە رێ پیشاندەرمان بوو و لە قسەی دەرنەدەچووین، ئەنوەری براشم کە رۆژانی قوتابییەتی بەیەکەوە دەبووین هەردەم هەوڵی دەدا کە لایەنگری حزبی شیوعی بم، بەهۆی سۆزی رۆژانی تەڵەبایەتی و ئاوارەبوونی بارزانییش لە یەکێتیی سۆڤیەت، وام بە باش زانی ببمە لایەنگری حزبی شیوعی، لێرەدا دیموکراسیەتی کاک ئەحمەد بە

دیارکەوت، هەرچەندە برا گەورەمان بوو و لە جێی باوکمان بوو و دەیتوانی گوشارمان بخاتەسەر تا لەسەر ڕێبازی ئەو بڕۆین، کەچی بەوپەڕی دیموکراسییەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵدا کردین ئازادیی بیروباوەڕی بۆ فەراهەم کردین، کاک ئەحمەد هەرچەندە لە کەشوهەوایەکی عەشایەریدا گەورە بووبوو و زۆریشی نەخوێندبوو، بەڵام لە زۆر ڕۆشنبیران زیاتر باوەڕی بە دیموکراسی و ئازادی هەبوو، هەندێک جار هەوڵی دەدا ڕادەیەک بۆ سەرەڕۆییمان دابنێ؛ چونکە پاشەڕۆژی ئێمەی بەلاوە گرینگ بوو و ئەنجامەکەشی دەزانی.

ڕۆژان بەسەرچوون و دوای ڕاپەڕینی کانوونی دووەمی (١٩٤٨) خۆپیشاندان و مانگرتن بوونە شتێکی ئاسایی و بەهۆی ئەو کەشوهەوا دیموکراسییەی کە عێراقی گرتبووەوە هەفتەی خۆپیشاندانێک ساز دەدرا، دوا خۆپیشاندانی شاری هەولێر باس دەکەم کە لە هەفتەی دووەمی مانگی ئایاری ساڵی (١٩٤٨) ساز درا، واتە بەر لە ڕاگەیاندنی حوکمی عورفی لە (١٥)ی ئایاری ساڵی (١٩٤٨)، خۆپیشاندانەکە لەبەر ئەوە ساز درا کە حکوومەت سەدان خانەوادەی بارزانییان بەسەر گوندەکانی ناوچەی دزەییاتیدا دابەش کرد، زۆربەیان پیر و ئافرەت و منداڵ بوون و لە بارودۆخێکی ناهەموار و برسییەتی و بێ دەرەتانیدا بوون.

خۆپیشاندەران بە بەردەم دیوانی موتەسەڕیفیەتی ئەوسای هەولێردا تێ پەڕین، شێخ محەمەد ناسراو بە شێخەشەل لە ڕیزی هەرە پێشەوە بوو، بارزانییەکانمان بردنە مزگەوتی خانەقا و خواردەمەنی و پێداویستیمان بۆ بردن و خەڵک زۆر ڕێزی لێ نان و پاشان پۆلیس دابەشی کردن، بیست و پێنج خێزان وەبەر ئەو سێ گوندە کەوتن کە هیی ئێمە بوون، جێگە و شوێنی شیاویان بۆ دانرا و کاک ئەحمەدی برام هەموو پێویستییەکی بۆ دەستەبەر کردن، پێی وتن حەز ناکەم داوای شت لە کەس بکەن، خزمە نزیکەکانیشمان هەمان هەڵوێستیان نواند، هەندێک لەوانەی کە ئەو دەمە منداڵ بوون ئێستا لە ژیاندان و ئەو ڕۆژانەیان لە بیرە.

وەک باسم کرد، بەهۆی ڕاپەڕینی کانوونی دووەمی ساڵی (١٩٤٨)ەوە

جۆرێک لە ئازادی هاتەکایەوە، لەو قۆناغەدا، لەگەڵ برادەرە قوتابییەکانمدا لە چالاکیی و خۆپیشاندان بەشداریم کرد، بەبیرم دێت لە (٢٧)ی کانوونی دووەمی ساڵی (١٩٤٨) واتە ڕۆژی ڕاپەڕینەکە خۆپیشاندانێکی گەورەمان ساز دا، پۆلیس لەوپەڕی ئامادەباشیدا بوو و خەریک بوو خوێن بڕژێت، کاک ئەحمەد خەبەری بۆ دانیشتووانی گوندەکەمان نارد و ئۆتۆمۆبیلی بۆ ناردن تا بێنە هەولێر و بەشداریی خۆپیشاندان بکەن، ئەو خەڵکەی کە هاتن دەمانچە و خەنجەر و تەنانەت خوترمەشیان هێنابوو، سەرەتا پۆلیس ویستی بڵاوەیان پێ بکات، جەمیل ڕەشید[٣] بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر بوو، هەندێک ڕووبەڕووبوونەوە و هەڕوگیڤ کرا، بەڕێوەبەری پۆلیس فرمانی بەدەست بوو کە هەموو شتێک بکات و چەندان پیکابی ڕەشاش بەسەری لە ژێردەستدا بوو، لەلایەن هەندێک لە قوتابییانەوە ئیهانەش کرا، بەڵام بواری نەدا پۆلیس تەقە بکەن و گوێم لێ بوو دەیوت (ئەوانە کوڕی خۆمانن و نابێت ئەزیەتیان بدەین)، بەڕاستی هەڵوێستێکی جوانی نواند (خوالێی خۆش بێت)، پۆلیس کشانەوە و بێ ڕژانی یەک دڵۆپە خوێن خۆپیشاندانەکە کۆتایی هات.

ئەو دەمە، بڕیاردان لەسەر شتێک حیسابی وردی بۆ دەکرا، یاسا هەیبەتی هەبوو، هەرچەندە سەردەمی مەلەکی هەڵەی زۆر بوو، بەڵام مرۆڤ ڕێزی دەگیرا و یاسا هەیبەتی هەبوو، هەرچەندە لە بابەتەکەش دوور دەکەوینەوە، بەڵام لەم بارەیەوە شتێکت بۆ دەگێڕمەوە، لام وایە هاوینی ساڵی (١٩٥٦) یان (١٩٥٧) بوو زۆر دڵنیانیم، من و خوالێخۆشبوو محەمەد حەسەن دزەیی لە نزیک فوارە ئاوەکەی باخچەی یانەی فەرمانبەران خەریکی نان خواردنی ئێوارە بووین، حوسێن سابیت کە مەعاونی ئەمن بوو و ئێمە ناومان نابوو حوسێن ڕەشەبا، بەرەو لامان هات و بە توندی بەزمانی تورکی (ئێمە لە تورکی دەگەیشتین) وتی:

– ئێوە چۆن لێرە دانیشتوون، ئەی نازانن ئافرەتێکی هەولێری لە بەندیخانە تەوقیف کراوە؟

کە تۆزێک هێورمان کردەوە مەسەلەکەی بۆ گێڕاینەوە کەوا خەبەری بۆ

هاتووه لەسەر ساكینه سولێمان و ئەمیش خستوویەتییه بەردەم دادوەری لێکۆڵینەوه و حاكمیش فرمانی داوه ماڵەكەی بپشكنن، دوایی چەند بڵاوكراوەیەكی حزبی شیوعییان دۆزیوەتەوه و ساكینەش تەوقیف كراوه، حوسێن ڕەشەبا بەتەوقیفكردنی ئەو ئافرەته زۆر قەڵس بوو، دەشیزانی كه دادوەری لێکۆڵینەوه حەیدەر عەبدولرەزاق برادەری ئێمەیه، بۆیه پێی وتین كه هەوڵ بۆ ئازادكردنی ئەو ئافرەته بدەین.

هەر ئەو شەوه، لەگەڵ محەمەد حەسەن دزەیی چووینه بەندیخانه و ئافرەتەكەمان بینی كه خوشكی شەهید مووسا سلێمانی برادەرمان بوو، سكاڵا نامەیەكمان پێ نووسی و چووینه ماڵی دادوەر كه به جلی نووستنەوه پێشوازیی كردین، بڕیاری دا بەیانی ئازادی بكات، گەڕاینەوه بەندیخانه و حوسێن سابیتیش لەوێ بوو، پێخەف و پێداویستیمان بۆ ئافرەتەكه برد و بۆ بەیانی ئازاد كرا، ئەمه جیاوازیی سەردەمی مەلەكی و سەردەمەكانی تره كه تەنانەت خەڵك نەیان دەوێرا لاشەی خزمێكیان له ژێر ئەشكەنجه كوژراویان وەربگرنەوه.

له ساڵرۆژی یەكەمی ڕاپەڕینی كانووندا، (١٩٤٩)، له هەولێر خۆپیشاندانێك ساز درا، پۆلیس ڕووبەڕوومان بوونەوه و هەوڵی دەستگیركردنی هەندێكیان دا، تا كار گەیشته ئەو ڕادەیەی شەڕی دەستەویەخه بكەین، ناچار بڵاوەمان كرد و له كۆڵانەكان پۆلیس بەدوامانەوه بوو، دوو پۆلیس بەدوای منەوه بوون كه یەكێكیان زۆر به پەرۆش بوو بۆ دەستگیركردنم، كه ئاوڕم دایەوه پۆلیسه به پەرۆشەكەم ناسی و لام وایه ناوی یاسین قەساب بوو، ئەو پیاوه له (٨)ی شوباتی ساڵی (١٩٦٣) بوو به حەرەس قەومی و نازانم چارەنووسی به چ گەیشت.

پۆلیسەكه نیتاقی كردەوه و ویستی لێم بدات، بەڵام نیتاقەكەی له دەست دەرچوو و كەوته سەر زەوی، ئەمەم بەهەل زانی و بەو مەترەقەی كه بەدەستمەوه بوو لێم دا و ڕام كرد، له كۆڵانێك ڕووم له ماڵێك كرد بێ ئەوەی بیانناسم، بەو زستانه سارده له نهۆمی سەرەوه شاردمیانەوه، خواردنیان بۆ

هێنام بەڵام نەمخوارد، سوپاسم کردن و ڕووم لە بەشی ناوەخۆی قوتابییان کرد و شەو لەوێ نووستم، پاشان زانیم پۆلیس چووبوونە ماڵەکەمان بۆ دەستگیرکردنم، لە خۆشبەختیم کاک ئەحمەد لەوێ دەبێ، دەچێتە لای ئەفسەری ئەمنی هەولێر کە دیارە ناسیاویشی بووە، هەوڵێکی زۆر دەدات و پارەیەکی باش سەرف دەکات تا فەرمانی دەستگیرکردنم هەڵدەوەشێنێتەوە، کە چوومەوە قوتابخانە بینیم، هەندێک لە برادەرەکانم دیارنین، مەحموود کانەبی دزەیی و بەشیر ئیسماعیل چیچۆ لەلایەن دادگای عورفییەوە حوکم درابوون، هەندێکیشیان خۆیان لەبەرچاوان بزر کردبوو.

تا نزیکبوونەوەی نەورۆزی (١٩٤٩) ڕۆژەکان بەهێوری تێ پەڕین، ڕۆژێکیان کە سەرقاڵی خوێندن بووم، بەڕێوەبەری قوتابخانە، خوالێخۆشبوو عوسمان قۆجە بانگی کردم، کە چوومە لای، بینیم خالیس شێخ جەوادی خاڵۆزام و هاشم عەبدولڕەحمان (لایەنگری پارتی بوو) و چەند کەسێکی تر دانیشتبوون، بەڕێوەبەر پێی وتین کە یاریدەدەری هۆبەی تایبەت داوای کردووین. و ئەمنێکی ناردووە تا بمانبات.

کە چووینە ئەوێ هەریەکەو بەجیا بانگ کراین، کە نۆرەی من هات ئەفسەرەکەی پۆلیس وتی زانیاریمان بۆ هاتووە کە ئێوە بەنیازن ئاهەنگی نەورۆز ساز بدەن، من نکوڵیم کرد، ئەویش هەڕەشەی کرد و وتی جاری یەکەم لەبەر خاتری کاک ئەحمەد دەستگیرم نەکردی، بەڵام ئەمجارە هەر کارێک دژ بە ئەمنیەتی شار بکەی دەستگیرت دەکەین، بەڵێنم دا کە توخنی هیچ نەکەوم و تەنیا بخوێنم، خالیس و هاشمیش بەڵێنیان دا و گەڕاینەوە قوتابخانە.

کاک ئەحمەدی برام پیاوێکی دووربین بوو، دەرەنجامی هەر کارێکی سەرەڕۆیانەی دەزانی، بۆیە دەیویست لە کاری وا دوورمان بخاتەوە تا پاشەڕۆژمان بزر نەبێت، هەر ئەو ڕۆژانە ئەنوەری برام لە دواناوەندیی (التفیض المسائیة الاهلیة) لە بەغدا دەیخوێند، چونکە دوو ساڵ لە هەولێر دەرنەچووبوو و ئەو کاتەش هەولێر قوتابخانەی ئەهلیی تێدا نەبوو، کاتێک ئەنوەر دەگەڕێتەوە ماڵ سەیر دەکات دوو ئەمن چاوەنواڕی دەکەن، یەکسەر

ڕادەکات و ئەمنەکان بەدوای دەکەون، یەکێک لە ئەمنەکان تەقەی لێ دەکات و گـوللـەیەک بـەر پـشـتـی دەکـەوێت و لـە زگی دێتـە دەرەوە و بە برینداری دەستگیری دەکەن، دوای لێکۆڵینەوە دەیبەنە نەخۆشخانەی کەرخ، ئەوکاتە کاک ئەحمەد بۆ ئازادکردنی عەلی فەتاح دزەیی لە بەغدا دەبێت، ئەنوەر بەبرین پێچەکاندا خەبەر بۆ کاک ئەحمەد دەنێرێت، مەحموود بابان[٥] کە دادوەری لێکۆڵینەوە بوو و هەروەها بەتەوکیلیی جەمال بابان[٦] توانرا بۆ ماوەی هەشت مانگ ئەنوەر لە نەخۆشخانە بهێڵنەوە و دوایی بدرێتە دادگا، بارودۆخەکە هێور بووەوە و حوکمی عورفی تۆزێک سووک بوو، ئەنوەر بۆ ماوەی ساڵێک حوکم درا و پاش چوار مانگ ئازاد کرا.

دەگەڕێمەوە سەر قۆناغی خوێندنی دواناوەندی، دوای ئەنجامدانی ئەزموونەکان چوومە پۆلی پێنجەمی ئەدەبی، ماوەی خوێندنی دواناوەندی ئەوکاتە بۆ هەردوو قۆناغی خوێندنی ناوەندی و ئامادەیی پێنج ساڵ بوو، پشووی هاوین لە دووگردکان بووم، خەبەرم بۆ هات هەندێک لە برادەرەکانم دەستگیرکراون و هەندێکیشیان ئیعتیرافیان کردووە، خالیس شێخ جەواد کە ئەو کاتە بەرپرسی هەولێر بوو، توانیبووی ڕابکات، هەروەها بیستم فەرمانی دەستگیرکردنم دەرچووە، لە دووگردکانەوە، چوومە گوندی قەبلانی کەندێناوە کە هی عەلی خورشیداغای ئامۆزام بوو، چەند هەفتەیەک لەوێ مامەوە بێ ئەوەی یەکێک قەڵسم بکات، دوایی لەگەڵ هەردوو ئامۆزام حوسێن و جەمیل چووینە بەغدا بۆ سەردانی ئەنوەری برام لە نەخۆشخانە، بارودۆخ هێور بووەوە و گەڕامەوە دووگردکان و پاشان چوومەوە بەر خوێندن.

ساڵی خوێندنی (١٩٤٩–١٩٥٠) پۆلی پێنجەمی ئەدەبی بووم، ئەو ساڵە ویستم خۆم لە مەترسی دووربخەمەوە و هەموو کاتم بۆ خوێندن تەرخان بکەم، پێش تاقیکردنەوەی کۆتاییی ساڵ یەکێک لە برادەرەکانم کە ئەندام بوو لە حزبی شیوعی داوای لێ کردم لە ڕێکخستن و چالاکیی حزبیدا بەردەوام بم، وەرامم دایەوە تەنیا خەریکی خوێندن دەبم و هیچ کارێکی تر ناکەم، دوای تاقیکردنەوە دەست لە کارکێشانەوەی خۆم لە حزبی شیوعی بەو برادەرە ڕاگەیاند.

سەرەڕای ئەو گیروگرفتانەی هاتنە ڕێگەم، بەڵام قۆناغی ئامادەیی جۆرە چێژێکی تێدابوو، چالاکیم زۆر بوو، ئەندامی تیپی باسکە و سەبەتە بووم، زۆربەی مامۆستاکان برادەرم بوون لەمانە مستەفا حەسەن شەعبان، نەشئەت محەمەد سەفوەت، عەزیز مەحموود دەمرچی، بەهنام شەماس تۆما، عەبدولڕەحمان عەبدولرەحیم، گەبریال حەنا گەبریال، ئەحمەد عەلی عریقات (فەلەستینی بوو)، سەعید خدر، محەمەد سەدیق خەلیفە، مەرسی مەحموود ڕاشید (میسری بوو) کە پیاوێکی مەشرەب خۆش بوو و تابلێی قەڵەو بوو، ئەگەر داوای یاریی باسکەی بکردایە و بەگوێمان نەکردایە ئەوا یارییەکەی لێ تێک دەدایِن، ناچار پێکمان دەکرد.

دوای وەرگرتنەوەی ئەنجامی تاقیکردنەوە لە دوو دەرس کەوتم، لە پشووی هاوین کاک ئەحمەد ناردمیە ماڵی محەمەد حەوێز (حەمەڕەش) لە کەرکووک، حەمەڕەش لە دواناوەندیی کەرکووک مامۆستا بوو و ژنەکەشی گەڕابوە کۆیە، جارجار ئەحمەد حەوێزی برایشی دەهاتە لامان، بۆ خزمەتکردنمان یەکێکی گوندیم لەگەڵ خۆم بردبوو کە ناوی ئەحمەد وەیسی بوو، ناوبراو لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن هاودەممان بوو، مامۆستا حەوێز زۆر خۆی لەگەڵ ماندوو کردم و مامۆستایەکی زمانی عەرەبیشی بۆ دۆزیمەوە، چونکە لەو دەرسەش کەوتبووم، گەڕامەوە هەولێر و لە دەوری دووەم بە پلەی باش دەرچووم، ڕووم لە زانکۆ کرد و ژیانێکی تازەم دەست پێ کرد.

پەراوێزەکان:

١- سەعید قەزاز: ساڵی (١٩٠٤) لە سلێمانی هاتووەتە دنیاوە، خوێندنی بەرایی لەوێ تەواو کردووە، وەک فەرمانبەر لە چەند یەکەیەکی کارگێڕیدا کاری کردووە، موتەسەڕیفی هەردوو لیوای هەولێر و سلێمانی بووە، چەند جارێک کراوەتە وەزیر کە دواجار لە سەردەمی مەلەکیدا وەزیری ناوەخۆ بوو، لە ڕۆژانی بەرایی (١٤)ی تەمووزی (١٩٥٨) لەگەڵ چەندان کاربەدەستی ئەوکاتە دەستگیر دەکرێن و لەلایەن دادگای سەربازیی باڵای تایبەت (دادگای گەل) دادگایی دەکرێن، زۆر بوێرانە بەرگری لە هەڵوێستی خۆی کرد، فەرمانی لە سێدارەدانی بۆ دەرچوو ساڵی (١٩٥٩) جێبەجێ کرا، قەزاز تاکە وەزیری سەردەمی مەلەکی بوو کە پاش (١٤)ی تەمووزی (١٩٥٨) حوکمی لە سێدارەدانی بەسەردا جێبەجێ کرا.

٢- جەمال عومەر نەزمی: ساڵی (١٩١٤) لە بەغدا هاتووەتە دنیاوە، سەرەتایی و دواناوەندیی لەوێ تەواو کردووە: لە زانکۆی ئەمریکی لە بەیروت بڕوانامەی زانستی سیاسیی وەرگرتووە، موتەسەڕیفی لیواکانی هەولێر و دیالە و بەسرە بووە، لەو کابینەیەی کە عەلی جەودەت ئەیوبی سەرۆکایەتیی کردووە کراوە بە وەزیری کشتوکاڵ و لەو کابینەیەی کە عارف عەبدولڕەزاقیش سەرۆکایەتیی دەکرد ساڵی (١٩٦٥) کراوە بە وەزیری کاروکاروباری کۆمەڵایەتی، ساڵی (١٩٦٧) کۆچی دوایی کردووە.

٣- جەمیل ڕەشید: خەڵکی کەرکووکە، لە ئامادەییی پۆلیس پلەی مفەوەزی وەرگرتووە و پاشان پلە بەپلە بەرزکراوەتەوە، بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر و سلێمانی بووە، لە پەنجاکان خانەنشین بوو و لە حەفتاکان کۆچی دوایی کرد.

٤- عاسم حەیدەری: لە کەسایەتییە دیارەکانی بزاڤی نیشتیمانی و دیموکراسییە لە کوردستانی عێراقدا، ساڵی (١٩٢١) لە هەولێر هاتووەتە دنیاوە و قۆناغی سەرەتایی و ناوەندیی لەوێ تەواو کردووە، لە چلەکان ئەندامێکی چالاکی حزبی شیوعیی عێراق بوو، بۆ ماوەی حەوت ساڵ حوکم دراوە و دوای ئازادبوونی هاتووەتە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە بانکی عێراق و فەرمانگەی دابەشکردنی بەرهەمەکانی نەوت فەرمانبەر بووە، بەڕەبەنی ژیا و ساڵی (١٩٧١) کۆچی دوایی کرد.

٥- مەحمود بابان: ساڵی (١٩٢٠) لە کفری هاتووەتە دنیاوە، ساڵی (١٩٤٣) کۆلێژی مافی تەواو کردووە و پارێزەریی کردووە پاشان کراوە بەدادوەری لێکۆڵینەوە لە بەغدا، ساڵی (١٩٥١) کراوە بە نائیب، ساڵانی (١٩٥٧-١٩٥٨) دوو جار کراوە بەوەزیر، ساڵی (١٩٥٤) یانەی سەرکەوتنی کوردانی لە بەغدا دروست کردووە، دوای (١٤)ی تەمووزی (١٩٥٨) عێراقی جێ هێشتووە و لە لوبنان و ئوردن ژیاوە و ماوەیەکیش ڕاوێژکاری وەزیری ناوەخۆی سعوودیە بووە، لە بەریتانیا ئیقامەی دراوەتێ، ساڵی (١٩٩٧) لە ئوردن کۆچی دوایی کردووە، خاوەنی هەڵوێستی نیشتیمانی و نەتەوەیی بوو و برادەری سەرۆکی نەمر مستەفا بارزانی بوو، هەروەها برادەری نووسەری ئەم یاداشتانە بوو.

٦- جەمال بابان: ساڵی (١٨٩٣) هاتووەتە دنیاوە، خوێندنی بەراییی لە بەغدا تەواو کردووە، ساڵی (١٩١٤) کۆلێژی مافی تەواو کردووە و پاشان چووەتە خولی یەدەگ لە سوپای عوسمانی، ساڵی (١٩٢٨) لە ئەنجوومەنی نوێنەراندا وەک نوێنەری هەولێر هەڵبژێردراوە، چەند جارێک کراوە بەوەزیر و پاشان ئەندامی ئەنجوومەنی ئەعیان، دوای (١٤) تەمووزی (١٩٥٨) عێراقی جێ هێشت و لە لوبنان دانیشت، ساڵی (١٩٦٦) کۆچی دوایی کرد.

## قۆناغی خوێندن لە زانکۆدا

* قوتابییانی کۆلێژی ماف و سەرەخۆشیکردن بەبۆنەی کۆچی دوایی شاژنە عالیە لە ساڵی (١٩٥٠).
* نووری سەعید و ئاهەنگی ئوم کەلسووم لە قاهیرە ساڵی (١٩٥١).
* سەردانەکانی مەلیک فەیسەڵی دووەم بۆ سەربازگەی قوتابییان لە سکرین ساڵی (١٩٥٣).
* هۆیەکانی ڕاپەڕینی جووتیارانی دەشتی دزەیی لە هەولێر ساڵی (١٩٥٣).
* سازدانی ئاهەنگی نەورۆز لە بەغدا ساڵی (١٩٥٤)و ڕۆڵی عەبدوڵا شەریف لەو ئاهەنگەدا.
* سەعید قەزاز و ڕزگارکردنی بەغدا لە مەترسیی لافاو ساڵی (١٩٥٤).
* دیدار لەگەڵ شێخ مەحموودی حەفید لە بەغدا ساڵی (١٩٥٤).

* یادەوەری و چالاکییەکانت لە کۆلێژی مافی زانکۆی بەغدادا چین؟

- پایزی ساڵی (١٩٥٠) لە کۆلێژی ماف وەرگیرام، زۆر بەوە دڵشاد بووم کە قۆناغی دواناوەندیم بڕی و قۆناغێکی تازە لە ژیانم دەست پێ کرد کە زۆر لە قۆناغی پێشوو جیابوو، پێشتر لەگەڵ براکانم دەژیام و لە خانەوادەکەم نزیک بووم، ئاتاجی و خواردن و جلوبەرگم بۆ دابین دەکرا، بەڵام ئەم جارە لە خانەوادەم دوورم و دەبێت پشت بەخۆم ببەستم، بەخێرایی لەگەڵ ژیانی تازە ڕاهاتم، یەکەم جار بوو خوێندنی تێکەڵاو ببینم، برادەر و هاوڕێی تازەم بۆ پەیدا بوون لە کوڕ و کچ کە خەڵکی شاری خۆم نەبوون و لە نەتەوەی تر بوون، ڕاگری کۆلێژەکەمان مامۆستای خوالێخۆشبوو (مونیر قازی) لە کەسایەتییە زانا و ناسراوەکان بوو، پیاوێکی چاک و سادە بوو و ئاسانکاریی بۆ قوتابییان دەکرد، چەند مامۆستایەکی میسریمان هەبوون لەوانە (د. جابر جاد عبدالرحمن، د. سەعد عوسفور) جگە لە چەند مامۆستایەکی فەلەستینی و عێراقی.

لە ساڵی یەکەمی خوێندندا، بوومە برادەری مامۆستایان (د. عەبدوڵڵا ئیسماعیل بوستانی، د. مستەفا کامیل یاسین، عەلی ئەعزەمی) ئەعزەمی

بەعومر گەورە بوو و پیاوێکی دڵساف و برادەری قوتابییانی کورد بەتایبەتی هەولێرییەکان بوو، هاوینان کە دەهاتە شەقڵاوە قوتابییانی هەولێر سەردانیان دەکرد و هەر پێداویستییەکی هەبووایە بۆیان دەستەبەر دەکرد، ئەو مامۆستایە لە ساڵی یەکەم و دووەمدا دەرسی (الاحوال الشخصية والمواريث)ی بەشێوازێکی زۆر پرچێژ و زەوق پێ دەوتین.

دوای دوو مانگ خوێندن، لە کۆلێژ ڕایان گەیاند کە گەشتێک بۆ بەسرە ئەنجام دەدەن، ناوی خۆم بۆ ئەم گەشتە تۆمار کرد، لە قوتابییە هەولێرییەکان هەردوو برادەرم (نیهاد نوورەدین ڕەشید کە ئێستا ئەندامی پەرلەمانی کوردستانە) و (جەلال زیوەر ئەندامی دادگای تەمیزی کوردستان) هاوسەفەرم بوون، ئێوارەی (١٩)ی کانوونی یەکەمی ساڵی (١٩٥٠) بە شەمەندەفەر بەڕێ کەوتین، ژمارەمان (٤٠) قوتابی بوو، لە ناو فارگۆنێکی پلە سێ دا ئەو شەوە خەو نەچووە چاومان، تا بەیانی بەگۆرانی و شایی و نوکتە کاتمان بەسەربرد، دوو لە مامۆستایانی کۆلێژ لەگەڵماندا بوون جگە لە مامۆستای پەروەردەی بەدەنی کە ناوی (عەبدولجەلیل مەتەر) بوو و ئێمە ناومان نابوو (باران) بەعەرەبی واتە (مطر).

سپێدەی (٢٠)ی کانوونی یەکەمی ساڵی (١٩٥٠) کاتێک گەیشتینە وێستگەی شەمەندەفەری بەسرە، هەواڵی کۆچی دوایی شاژنە (عالیە)ی دایکی مەلیک فەیسەڵی دووەممان پێ گەیشت، لە هەموو عێراق بوو بە پرسە و بەرنامەی گەشتەکەمان گۆڕا و وا بڕیار بوو دوو شەو لە بەسرە و دوو شەویش لە ناو شەمەندەفەر بەسەر ببەین، هەر چۆنێک بوو لە بەشی ناوەخۆیی قوتابییاندا جێگەیان بۆ کردینەوە، گەشتێکمان بەناو شەتولعەرەب و کەنداوی بەسرەدا کرد.

دوای دوو ڕۆژ گەڕاینەوە بەغدا، نۆرەی قوتابییانی کۆلێژی ماف هات بۆ سەردانی گۆڕی شاژنە عالیە لە ئەعزەمیە بۆ سەرەخۆشیکردن لە مەلیک فەیسەڵی دووەم و میر عەبدولیلاهی خاڵی کە وەسیی بوو، لەو سەردانەدا چەند مامۆستایەکمان لەگەڵ بوو لەمانە مامۆستا و برادەرمان حوسێن عەلی

ئەعزەمی، بەم بۆنەیەوە شیعرێکی خوێندەوە، مەلیک فەیسەڵ و میر عەبدولیئلاھ لەوێ بوون، مەلیک تەمەنی (١٥) ساڵ بوو، چاوی سوور هەڵگەڕابوو ئەوەندە گریابوو و بەردەوام نزگرەی دەگرت.

دوای چەند هەفتەیەک و لە پشووی نیوەی ساڵدا، بڕیار درا گەشتێک بۆ میسر ساز بدرێت، زۆرم حەز لێ بوو میسر و شارستانیەتییەکەی ببینم، بەڵام لەبەر مەسرەفەکەی کە (٥٠) دینار بوو دوودڵ بووم، ئەو (٥٠) دینارە هەقی چوون و هاتنەوە و ئوتێل و هەردوو ژەمی بەیانیان و نیوەڕوان بوو، پەنجا دیناری تریشم دەویست بۆ مەسرەفی گیرفان و ژەمی ئێواران، لەوە دڵنیا نەبووم کە کاک ئەحمەدی برام ئەو بڕە پارەیەم دەداتێ یان نا!.

وا ڕێککەوت یەکێک لە خزمانی کەرکووک ئاهەنگی بووک گواستنەوەی ساز دا، ئێوارەی پێنجشەمە بە شەمەندەفەر بەڕێ کەوتم، دەبووایە ئێوارەی هەینی بگەڕێمەوە تا فریای دەوام بکەوم، لە کەرکووک کاک ئەحمەدم بینی، ئەنوەر و سەعدیی براشم لەوێ بوون، کاک ئەحمەد باسوخواسی زانکۆی لێ پرسیم و منیش باسی سەفەرەکەی میسرم بۆ کرد، وتی بەشدار دەبیت یان نا؟ وتم: نەخێر، وتی: من پارەکەت بۆ دەدەم، بەمە زۆر دڵخۆش بووم و سوپاسم کرد.

لەو سەفەرەدا، لە قوتابییە کوردەکان من و بەڕێزان "محەمەد شەهابەدین دەباغ"[(١)] و "ئەفراسیاب جاف" و "هاشم حاجی تاهیر کوپرلی" بووین، لە قوتابییە عەرەبەکانیش "هانی توفیق نائیب" و "سادق ڕەئوف شلاش" و "هادی نەقیب" و "بەدری میرزا قەزوینی" بوون، قەزوینی دەنگی زۆر خۆش بوو، گوێچکەمانی تژی کرد بەگۆرانی عێراقی، لەم سەفەرەدا دیسان مامۆستا عەبدولجەلیل مەتەرمان لەگەڵدا بوو، ئەمجارە ژمارەمان (٢٠) قوتابی بوو.

لە فڕۆکەخانەی بەغدا، بەفڕۆکەیەکی هێڵی ئاسمانیی میسر بەڕێ کەوتین و لە فڕۆکەخانەی دیمەشق فڕۆکەکە بەنزینی تێ کرد پاش چوار سەعات گەیشتینە قاهیرە، لە هەمان ڕۆژدا بە فڕۆکەیەکی تر ژمارەیەک لە قوتابییانی کۆلێژی بازرگانی گەیشتن کە ژمارەیان (٣٠) قوتابی بوو، ڕۆژی (١)ی شوباتی (١٩٥١) وا ڕێککەوت کاتی سازدانی ئاهەنگی مانگانەی گۆرانیبێژی

ناودار و گەورە ئوم کەلسووم بێت، وەزارەتی مەعاریفی میسر هەلی ئەوەی بۆ ڕەخساندین لەو ئاهەنگەدا بەشدار بین و شوێنێکی تایبەتی لە نهۆمی سەرەوەی هۆڵەکەدا بۆ تەرخان کردین لەگەڵ قوتابییانی کۆلێژی بازرگانی، ژمارەمان پەنجا قوتابی بوو، نووری سەعیدی سەرۆک وەزیرانی عێراق بەسەردانێکی فەرمی هاتبووە میسر، ئەمیش لە ئاهەنگەکە ئامادەبوو، لەگەڵ کەسایەتییە میسرییە ناودارەکان لە ریزی پێشەوە دانیشتبوون.

کە ئاهەنگەکە دەستی پێ کرد، یەکێک لە مامۆستایانی کۆلێژی بازرگانی هەستایە سەرپێ و بەناوی عێراقەوە سڵاوی لە ئوم کەلسووم کرد، نووری سەعید ئاوڕی دایەوە سەیری قاتی سەرەوەی کرد، وێنەگران چەند وێنەیەکیان گرت و ڕۆژی دوایی لە ڕۆژنامەکانی میسر بڵاوکرایەوە، ئوم کەلسووم بۆ مامۆستاکە چەمایەوە و سڵاوی وەرگرتەوە، لە ماوەی پشووداندا ڕوومان لە پشتەوەی شانۆ کرد و خۆمان گەیاندە ئوم کەلسووم، قسەی خۆشی بۆ کردین و ڕۆژنامەکان ڕۆژی دوایی چەند وێنەیەکیان بڵاو کردەوە.

گەشتەکە تا بڵێی پڕچێژ بوو، سەردانی چەندان شوێنی کولتووری و گەشتوگوزاری و ڕۆشنبیریمان کرد، هەروەها سەردانی زانکۆی میسرمان کرد کە ئەوکاتە پێیان دەوت (جامعة فؤاد الأول)، دوکتۆر ئەحمەد عەبدولرەزاق سەنهوری، سەرۆکی زانکۆ، پیاوی زانا و ڕووناکبیر بە سەردانەکەمان زۆر خۆشحاڵ بوو، ناوبراو بەر لە دوو ساڵ ڕاگری کۆلێژی ماف بوو لە عێراق، دوایی سەردانی شوێنەوارەکانی ئوقسور و ئوسوان و سەردانی شاری ئەسکەندەریەمان کرد و دوو ڕۆژ ماینەوە.

ئێوارەیەکیان چووینە یانەیەکی لێوار دەریای سپیی ناوەڕاست، هەندێک مەشرووبات و ساردەمەنیمان خوارد، کابرایەکی شێوە ئەورووپی تەمەن پەنجا ساڵ بە زمانی عەرەبی و شێوەزاری عێراقی لەگەڵمان کەوتە دوان و وتی ناوم (دونویل)ە، ئەفسەرە لە موخابەراتی بەریتانی و لە دووەم شەڕی جیهانیدا لە باڵیۆزخانەی بەریتانیا لە عێراق کاری کردووە و دوای بزووتنەوەی ڕەشید عالی گەیلانی ساڵی (١٩٤١) عێراقی جێ هێشتووە.

دیاربوو دونویل چەند کەسایەتییەکی گەورەی کوردی دەناسی وەک شێخ مەحموود حەفید و مەلافەندی، کاتێکی خۆشمان لەگەڵدا بردەسەر، لە ڕێگەی گەڕانەوەمان لە میسر لە دیمەشق وەستاین و دوو ڕۆژمان لەوێ بەسەربرد، پاشان چووینە بەیروت و ئینجا گەڕاینەوە دیمەشق و ڕۆژێک ماینەوە، شەوێک پێش ئەوەی بگەینەوە بەغدا هەر قوتابییە و (٣-٤) دینارمان وەرگرتەوە کە لە مەسرەف زیادی کردبوو. بەم جۆرە یەکەم ساڵمان لە زانکۆ بەسەربرد، بەڵام لە ساڵی دووەم بارودۆخەکە گۆڕا، قوتابی عومەر مستەفا (عومەر دەبابە) دوای ئازادبوونی لە بەندیخانە گەڕایەوە کۆلێژ و قوتابیی پۆلی سێیەم بوو، هەر کە دەستی بەدەوام کرد چالاکیی کۆمەڵایەتی و سیاسیی ئێمەش گۆڕانی بەسەرداهات، قوتابییانی کورد بەتایبەتی هەولێرییەکان زۆر زیاتر پشتی یەکترمان گرت و لە چالاکییەکانی هەڵبژاردنی لیژنەکانی زانکۆ و گەشتی تایبەت و ئاهەنگی نەورۆزدا بزاڤی بەرچاومان هەبوو.

ڕۆژێکیان، قوتابییان لە دەوام مانیان گرت و لە ناو کۆلێژدا کۆبوونەوە، دوای چەند سەعاتێک زۆربەی قوتابییان بینایەی کۆلێژیان جێ هێشت، پیاوانی پۆلیس و ئەمن دەوری کۆلێژیان گرت، قوتابییان بەربەستیان لە بەردەم دانان و دەرگەکانیان قفڵ دا، بینیمان ژمارەیەکی کەم لە قوتابییان ماونەتەوە، لە کوردەکان تەنیا عومەر دەبابە و من و برادەرێکی تر مابووینەوە، دوای ڕاوێژکردن لەگەڵ یەکتری زانیمان مانەوەمان کەڵکی نییە و یان دەخرێینە بەندیخانە یان لە کۆلێژ فەسڵ دەکرێین، ئێمەش پەرتەمان کرد، دوای ئێمە نۆ قوتابی مابوونەوە، هەموویان بردنە بەندیخانە و دوای دوو سێ ڕۆژ بە کەفالە ئازاد کران، دوای ماوەیەک ئەم بەڕێزانەش بوونە برادەرم کە هەریەکەو لە قۆناغی جیاجیای خوێندن بوون (جەلال تاڵەبانی، حەبیب محەمەد کەریم، مەعروف ڕەئوف، ئەنوەر عەزیز دزەیی، مەجید جوکل، ئەنوەر شێخ عەزیز، جەوهەر و ڕەقیب حوسێن مەلای ئامۆزام).

وەک پێشتر باسم کرد لە دووەم ساڵی خوێندندا جۆری ژیانمان گۆڕانی بەسەرداهات بەتایبەتی دوای گەڕانەوەی عومەر دەبابە، چالاکیی سیاسی و

دیدار و سەردانمان بۆ کوردستان زیادی کرد، لە ئەنجامی ئەمەدا نەپەرژاینە سەر خوێندن و وانە تایبەتییەکانمان فەرامۆش کرد، بەتایبەتی من و نیهاد نوورەدین کە هەموو دەم لەگەڵ عومەر دەبابە لە سەفەردا بووین بۆیە لە تاقیکردنەوەی کۆتاییی ساڵ دەرنەچووین، زۆر پەشیمان بووین و خەفەتمان خوارد، بەڵام کار لە کار ترازابوو.

لە کۆتاییی ساڵی (١٩٥٢) قوتابخانە و کۆلێژەکان پشێوی و نائارامییان بەخۆوە بینی، هێشتا چەند مانگێک بەسەر شۆڕشی (٢٣)ی یۆلیۆی (١٩٥٢) لە میسردا تێ نەپەڕیبوو، وەزارەتی عێراقی دەستی لە کارکێشایەوە و کابینەیەکی تازە بە سەرۆکایەتیی فەریق ڕوکن نوورەدین مەحموود دامەزرا[٢] کە ئەو کاتە سەرۆکی ئەرکانی سوپا بوو، حوکمی عورفی ڕاگەیەندرا و قوتابخانە و کۆلێژەکان داخران، منیش گەڕامەوە هەولێر و دوو مانگ مامەوە، ئەو ماوەیە کاک ئەحمەد لە دەرەوەی عێراق بوو، ئەرکی بەڕێوەبردنی کاروباری خێزان و کشتوکاڵ کەوتە ئەستۆی من، دوایی بارودۆخ هێور بووەوە، دەرگەی قوتابخانە و کۆلێژەکان کرانەوە و منیش گەڕامەوە بەغدا.

پێش ئەوەی بگەڕێمەوە بەغدا، وا ڕێککەوت، کاکی هیران خوالێخۆشبوو کاک عەلی بە یاوەریی کۆمەڵێک لە مورید و خزمەکانی هاتنە دووگردکان و چەند ڕۆژێک میوانمان بوون، کاک عەلی شەوان شیعرە بەناوبانگەکانی باوکی (کاک مستەفا هیرانی ناسراو بە صافی) بۆ دەخوێندینەوە، مورید و دەروێشان دەفیان دەژەند، هونەرمەندی بەناوبانگی کورد خوالێخۆشبوو تایەر تۆفیق هەندێک لەو قەسیدانەی چڕی و پاشان لە ڕادیۆ تۆماری کردن، پێش ئەوەی بڕۆن، پێم وتن ئاخۆ چ دەسنووس یا دیوانێکی شیعریان پاراستووە تا بۆمی بنێرن، دوای گەڕانەوەم بۆ بەغدا دیوانە دەستنووسەکەیان بۆ ناردم و بردمە لای خوالێخۆشبوو عەلائەدین سەجادی و ڕازی بوو چاپی بکات، پێشەکییەکی جوانیشی بۆ نووسی، بەم جۆرە دیوانەکە لە حسێبی من چاپ کرا و بەخۆڕایی دابەش کرا و ئەمەشم بە خزمەتێکی زۆر بچووک زانی کە پێشکێش بە ئەدەبی کوردیی بکەم.

هەر لە هەمان ساڵ یان دواتر (مێژووەکەیم بیرنایەتەوە)، یانەی سەرکەوتنی کوردان لە بەغدا دامەزرایەوە کە پێشتر خوالێخۆشبوو مارف جیاوک دای مەزراندبوو، هەرچەندە یانەکە ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی بوو، بەڵام ژمارەیەکی بەرچاوی لە لاوانی کورد کۆکردبووەوە و لەوێ کاروباری سیاسییان ڕادەپەڕاند، وەک هەموو یانەکانی تر دوایی مۆڵەتیان لە یانەی سەرکەوتنیش سەندەوە، پاشان مەحموود بابان کە ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەران بوو دای مەزراندەوە، شوێنەکەی کەوتبووە ناوچەی وەزیریە، لە ڕۆژی کردنەوەیدا لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە لاوان و قوتابییانی کۆلێژ و کوردە ئەندامەکانی ئەنجوومەنی نوێنەران و کەسایەتییە کوردەکانی دانیشتووی بەغدا منیش ئامادەبووم، ئاهەنگێکی گۆرانی و مۆسیقا ساز درا و ژمارەیەک گۆرانیبێژی ناوداری وەک تایەر تۆفیق و ڕەسووڵ گەردی و محەمەد عارف جەزراوی و حەسەنی جزیری بەشدارییان تێدا کرد، هەروەها وەزیری ناوەخۆ سەعید قەزاز ئامادەبوو و بڕێک پارەشی پێشکێش کرد.

بەهاری (١٩٥٣) هەریەک لە خوالێخۆشبووان کەمال شێخ قادر (بەڕێوەبەر لە وەزارەتی داد) و دوکتۆر موەفەق زەهاوی ئارەزوویان کرد، سەفەری هەولێر بکەن، بەیەکەوە هاتینە هەولێر و هەفتەیەکی خۆشمان لە گوندەکانی دزەییاتی و حاجی ئۆمەران و مووسڵدا بەسەربرد، دەشت و دەر هەمووی ڕازابووەوە و زۆر چێژمان لە دیمەنە دڵڕفێنەکان وەرگرت و دوایی گەڕاینەوە بەغدا.

هاوینی (١٩٥٣)، بەگوێرەی پلانێکی داڕێژراو لەلایەن حکوومەتەوە و بۆ ئەوەی قوتابییان لە سیاسەت دووربخاتەوە، بڕیار درا قوتابییانی کۆلێژەکان بنێرنە سەربازگەکانی مەشق، ئەم ئیشە کاردانەوەیەکی پێچەوانەی لێ کەوتەوە، قوتابییانی هەموو کۆلێژەکان لە دوو سەربازگە کۆکرابوونەوە، یەکێکیان لە بەغدا و ئەویتر لە ناوچەی سکرین، ئەمەش بوو بەهۆی ئەوەی تێکەڵاوی یەکتر ببن و زیاتر یەکتر بناسن و، تەنانەت لە ئەفسەرەکانیش نزیک ببنەوە.

من و زۆربەی برادەرەکانم سەربازگەی سکرینی نزیک هاوینەواری سەرسەنگمان هەڵبژارد و ماوەی ڕاهێنانەکە سێ مانگ بوو، هەرچەندە مەشقەکان زۆر قورس بوون، بەڵام ئێمە چێژمان لێ وەردەگرت و زۆربەی کاتمان بەقسەی خۆش و پیاسەکردن بە دەوری شوێنەکانی نزیک سەربازگەکە بەسەربرد، ناسیاویمان لەگەڵ ژمارەیەک قوتابی و ئەفسەر پەیدا کرد کە دوای شۆڕشی (١٤)ی تەمووزی (١٩٥٨)و کودەتای (٨)ی شوباتی (١٩٦٣) دەوری گەورەیان بینی لەمانە ڕەشید موسلیح، عەلی ساڵح سەعدی، عەبدولسەتار دووری، شەفیق کەمالی.

یەکەی مەشقکردنمان ناوی (لیوای مەشقی یەدەگ) بوو، لە سێ فەوج پێک هاتبوو، من لە فەوجی یەکەم بووم، فەوجی سێیەم نزیک سەربازگەکە بوو، فەوجی دووش لە بەغدا بوو، فەرماندەی لیوای مەشق عەقید ڕوکن عەلائەدین مەحموود بوو[٣] دوایی بوو بە لیوا ڕوکن، پاش (١٤)ی تەمووزی (١٩٥٨) کرا بە موتەسەڕیفی هەولێر، مەلیک فەیسەڵی دووەم و میر عەبدولیئلاهـ و نووری سەعیدی سەرۆک وەزیران سەردانی سەربازگەکەیان کرد.

لە خێوەتەکەدا کۆمەڵێک قوتابیی قسەخۆشم لەگەڵدا بوو کە پێشتر نەمدەناسین تەنیا بورهان نەجمەدینی کۆیی نەبێت کە خزمایەتیمان هەبوو، ئەوانی تر ڕەمزی فرنگول، شەوکەت کازم تکریتی، مەهدی محەمەد ساڵح، وەهبی قەرەغولی کە دەنگی زۆر خۆش بوو و مەقاماتی عێراقیی دەچڕی و کرا بە باڵیۆزی عێراق و ئێستاش برادەرین، زوو بەیەکەوە گونجاین و شەوان بە کەیف و شادی و گۆرانی کاتمان بەسەردەبرد، نوکتە و قسە خۆشەکانی شەکەوت قەت لە یاد ناچنەوە.

دوو یان سێ ڕۆژ بوو کە لە سەربازگە دەواممان دەکرد، نووری سەعید سەردانی کردین و کۆبوونەوەیەکی ساز دا و لێی پرسین ئاخۆ ئاتاجیمان چییە، شوێنەکە پێشکەی زۆر بوو، وتمان پێویستیمان بە کوللە هەیە بۆ خۆپاراستن، هەمان ڕۆژ بە تەلەفۆن پێوەندیی بەوەزارەتی بەرگری کرد و ڕۆژی دوایی فڕۆکە ژمارەیەکی زۆر لە ناموسیاتی هێنایە سەربازگە، هەروەها

داوای مووچەیەکی مانگانەمان کرد، بڕیار درا مانگانە (١٥) دینارمان بۆ سەرف بکەن کە بۆ ئەو ڕۆژگارە زۆر بوو، هەروەها میر عەبدولئیلاه سەردانی کردین و ئۆتۆمۆبیلێکی سووری سەر ئاوەڵای دەئاژۆت و لەمەیدانی مەشقدا ڕاوەستا، دەورەمان دا و قسەی خۆشمان لەگەڵ کرد، قوتابییەک لێی پرسی، ئاخۆ ئۆتۆمۆبیلەکەت بە کۆکاکۆلا یان پیپسی کۆلا کار دەکات؟

فەرماندەی سرییەکەمان سەرەتا موقەدەم ڕەشید موسلیح تکریتی بوو کە دوای کودەتای (٨)ی شوباتی (١٩٦٣) کرا بە دادوەری گشتیی سەربازی و دوای (١٨)ی تشرینی (١٩٦٣)ش کرا بە وەزیری ناوەخۆ و لە پاش (٣٠)ی تەمووزی (١٩٦٨) لە سێدارە درا، پیاوێکی قسەخۆش بوو و پێوەندی لەگەڵ قوتابییاندا باش بوو.

ماوەی مەشقکردنمان بەهەل زانی تا سەردانی هاوینەوارەکان و شوێنە گەشتوگوزارییەکان بکەین لەمانە سەرسەنگ و سوارەتووکە و سۆلاڤ و بامەڕنێ، هەروەها سازدانی ئەو مەشقە بووە هۆکاری دروستبوونی پێوەندیی پتەو لە نێوانی قوتابییان و دامەزراوی سەربازیدا کە دوایی کاریگەریی زۆری بەسەر پاشەڕۆژی عێراقەوە هەبوو، هەر لە ماوەی مەشقەکەدا قوتابییانی غەیرە کورد لە نزیکەوە شارەزای داوونەریتی کورد و ڕەوشتی باش و ڕێزگرتنی میوان و یارمەتیدانی پێویستان لای ئەم نەتەوەیە بوون، هەندێک لەوانەی دەماری ڕەگەزپەرستییان هەبوو گەیشتنە ئەو قەناعەتەی کە گەلی کورد وەک گەلانی تر دەیەوێت بە ئاشتی لەسەر خاکی خۆی بژی.

سەرەتای ساڵی (١٩٥٤) ژنم هێنا، خانوویێکم بەکرێ گرت کە لە نزیک سەدەی شەرقییە بوو و هەر دوو سەد مەتر لە کۆلێژی مافەوە دوور بوو، خانووەکە هی د. عەبدوڵڵا ئیسماعیل بوستانیی مامۆستام بوو.

سەرەتای ساڵی (١٩٥٤) پێش هاتنی جەژنی نەورۆز داواکارییەکمان پێشکێش بە وەزارەتی ناوەخۆ کرد تا مۆڵەتی سازدانی ئاهەنگ وەربگرین، داواکارییەکە بەناوی جەلال تاڵەبانی، ئەنوەر عەزیز، جەمال نەبەز «ئەو کاتە شیوعی بوو» هەروەها منەوە بوو، وەزارەت ڕەزامەندیی پیشان دا، ئەوکاتە

سـەعـیـد قـەزاز وەزیری ناوەخـۆ بـوو، بۆ سـازدانی ئاهـەنگەکـە یارمـەتیی داراییمان لە نوێنەرە کوردەکان لـە پەرلەمان "عیزەدین مەلا و مەحموود بابان و عەلی کەمال" و هەروەها دەوڵەمەندەکانی بەغدا وەرگرت.

بەبیرم دێت، چووینە ئوتێلی تروکادیرۆ بۆ لای عومەر خدر ئاغای نوێنەری ناوچەی پشـدەر تا برێک پارەمـان بداتـێ، پرسـیی پارەتان بۆ چییـە؟ وتمان بەنیـازی سـازدانی ئاهـەنگی نەورۆزین و بەڕێزتان و نـوێنەرە کـوردەکـانیش داوەت دەکـەین، بەسـەرسـوڕمانەوە وتـی مادامـەکێ موفلیسن خـەڵک بۆ داوەت دەکـەن؟ یەک فلسی نەداینـێ، نازانم لە مـەبەسـتی ئێمـە گـەیشـتبـوو یان نا؟ لەمەش بە گومانم ئاخۆ دەیزانی ئاهەنگی نەورۆز مانای چییە؟

بیرمان لە شوێنێک کردەوە ئاهەنگەکەی تێدا ساز بدەین، بۆ ئەم مەبەستە باخچەکانی سلیکتمان هەڵبژارد کە کەوتبوونە نێوان دوو جادەی ئەبوو نەواس و سـەعـدوون، ئەو باخـچـەیە لکابوو بە چێـشـتـخـانەو یانـەیەکی شـەوانە کـە خـاوەنەکـەی عـەبدوڵا شـەریف[٤] بوو، ئـەو عـەبدوڵایە کـورد بوو و خـاوەنی کۆمـەڵێک چێشتخانە و یانە و هوتێلی گەشتوگوزاری بوو، ئامادەییی خۆمان پیشـان دا کـە کرێی باخـچەکەی بدەینێ، عەبدوڵا وتی ڕازیم، بەڵام مـەرجێکم هەیە، سـەرمـان سوڕما، وا زەنمان کرد کـرێی زیاترمـان لەبری، هەر زیانێک ئەگەر بە باخـچەکە بگات لێ وەربگرێت، عەبدوڵا وتی مەرجەکەم ئەوەیە هەموو مـەسـرەفی ئاهـەنگەکـە لە ساردەمـەنی و شیـرنەمـەنی لە حـیسـابی من بێت، هەروەها کەسایەتییە دیبلۆماسییە باوەڕپێکراوەکانی ناو بەغدا بۆ ئاهـەنگێکی کـۆکتـێل و شـیـڤـا داوەت بکەین هەر لەسـەر حیسـابی ئەو، بەو هەڵوێسـتـە نەتەوەیی و پیاوەتییەی ئەو کوردە زۆر دڵخـۆش بووین، ئەو هـەمـوو مـەسـرەفـە سەدان دیناری ئەو کاتەی دەویست.

پارتـی دیموکـراتـی کـوردسـتـان و حـزبـی شـیـوعـیی عـێـراق سـازدەر و ئامـادەکـاری ئەو ئـاهـەنگە بـوون، برا شـیـوعـیـیـەکـان دەیانویست ئـەو هەلە بقۆزنەوە و چەند دروشـمێک بەرزبکەنەوە کە بۆ ئەو سەردەمە گونجاو نەبوون، لایەنە ئـەمنییـەکـان چەندان ڕاپۆرتیـان بۆ وەزارەتی ناوەخـۆ نووسـی، لایەنە

پێـوەندارەکـان ترسـی ئەوەیان هەبوو ئاهەنگەکـە مـەترسـیی هەبێت بۆ سـەر ئاسایشی وڵات، بۆ ئەم مەبەستە سەعید قەزاز بانگی کردین و وتی لەبەر ئەم مەترسییانە نابێت ئاهەنگەکە ساز بدرێت، ئێستاش لەو باوەڕەدام سەعید قەزاز بەویستی خۆی نەبوو، بەڵکو حەزی دەکرد ئاهەنگەکە ساز بدرێت و لەو بڕوایەشدام ئامادە دەبوو و یارمەتیشی دەداین، دوای ئەمە زۆربەی قوتابییە کوردەکان گەڕانەوە هەولێر و ئاهەنگی نەورۆزیان ساز دا.

عەبدوڵا شـەریف لە بەڕێوەبردنی ئوتێل و گەشـتـوگـوزاردا کـارامـە بوو، خاوەنی باخـچە و یانەی سلیکتی شەوانە و یانەی بە ناوبانگی عەبدوڵا بوو، بەبیرم دێت شەوی ١٩٥٢/١/١ شەوێکی کوردانەی قەشەنگی ساز کرد، ئەو ئافرەتە بیانییانەی کە کاریان لە لا دەکرد فێرە شاییی کوردی کردبوون و جلوبەرگی کـوردییـان پۆشـیـبـوو، ئەو شـەوە تەعـبـیـر بوو لە بوونـی ڕۆحی نەتەوەیی لەلای ئەو پیـاوە، جگە لەوانـەی باسم کـرد، عەبـدوڵا چێـشـتـخـانەی شـەریف حـەدادی بەناوبانگ و چەندان هوتێلی لە هاوینەهەوارەکـانی سەلاحەدین و شەقڵاوە و حاجی ئۆمەران و سەرسەنگ بەڕێوە دەبرد، جگە لە زۆربەی هوتێلەکانی بەڕێوەبەرایەتیی هێڵی شـەمـەندەفـەر، بەڵگەیەکی تر بۆ هەستی نیشتمانپەروەری لای عەبدوڵا ئەوە بوو کە شاعیرێکی بەناوبانگی وەک هەژار و هەروەها عەبدولڕەحمان زەبیحیی بەناوی خوازراوە لای خۆی داڵدە دابوو و کاریان دەکرد، ئەو دووانە پۆلیس بەدوایاندا دەگەڕا، دوا قسەم لەگەڵ عەبدوڵا بە تەلەفۆن بوو، ڕۆژی ١٩٧٠/٣/١٢ بە بۆنەی ڕێککەوتننامەی (١١)ی ئادار پیرۆزبایی لێ کردین و داوای لێبووردنی کرد کە ناتوانێت بێتە لامان، چونکە لە نەخۆشخانە کەوتووە پێش ئەوەی کۆتایی بەم بابەتە بهێنم، ڕووداوێکی سەیر باس دەکەم کە پێوەندیی بە خوالێخۆشبوو سەعید قەزازەوە هەیە و پیشان دەدات ئەو پیاوە چەند واقیعی بووە و چەند شارەزا بووە، وەک باسم کرد بەدوای ئێمەیدا نارد تا پێمان ڕابگەیەنێت ئاهەنگی نەورۆز ساز نەدەین، لیـژنەکـە جـەلال تاڵەبانی و جـەمـال نـەبەز و من بووین، ناوی یەکەیەکەمان و شوێنی دانیشتنمانی پرسی، کە نۆرەی من هات ناوی خۆم

وت و خەڵکی هەولێرم و لە عەشیرەتی دزەییم، وتی من هەموو دزەییەکان دەناسم، پرسیی سەر بەکام خانەوادەی؟ وتم برای ئەحمەد حەمەدەمین دزەییم، وتی ئەی بۆ سەرەتا وات نەوت کاک ئەحمەد برادەرمە، وتی: لە کام کۆلێژ دەخوێنی، وتم کۆلێژی ماف، وتی دە زوو خوێندنەکەت تەواو بکە تا بتکەم بەموديری ناحیە.

رۆژان بەسەرچوون، رۆژێک یەکێک بە ناوی ساڵح رەمەزانەوە هاتە لام، ئەو پیاوە خەڵکی لای خۆمان بوو، مفەوەزی هاتوچۆ بوو، دوایی گواسترایەوە بۆ مفەوەزی پۆلیس لە گەڕەکی مەیدانی بەغدا، خزم و کەسەکانی پیاوی بەڕێز بوون، بەڵام خۆی قەرپ و هەردەم سەرخۆش بوو، بە تۆمەتی بەرتیل و بەکارهێنانی وەزیفە بەشێوەیەکی خراپ بۆ ماوەی ساڵێک حوکم درابوو، هەوڵی دەدا بگەڕێتەوە سەرکار، رووی لێ نام تا یارمەتیی بدەم، بیرم کردەوە بە یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتیی پۆلیس لیوا ساڵح عەبدولوەهاب بڵێم کە خەڵکی مووسڵ بوو و برادەری کاک ئەحمەدیش بوو و پێشتریش بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر بوو، دوایی بڕیارم دا بە سەعید قەزاز بڵێم، چوومە لای و بەبیرم هێنایەوە کە بەڵێنی پێ دابووم ئەگەر خوێندن تەواو بکەم بمکات بە بەڕێوەبەری ناحیە، بەڵام ئێستا قوتابیم و بۆ کێشەیەکی تر هاتووم، مەسەلەی ساڵح رەمەزانم بۆ باس کرد، بە زەردەخەنەیەکەوە وتی: (موحسین هیچ پۆلیسێک لە حکوومەتی عێراقدا فەسڵ ناکرێت، ئیللا ئەگەر نەگاتە لووتکەی داڕووخان و کەم رەوشت بێت و تاوانێکی وای کردبێت کە نەشاردرێتەوە)، ئینجا پێکەنی و وتی لەبەر خاتری تۆ دەیگەڕێنمەوە، بەڵام بۆ سلکی مەدەنی، وابوو کردیان بە تێبینەر لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پۆلیس.

رووداوێکی ترم، وەبیرهاتەوە کە هەر پێوەستە بەهەستی نەتەوایەتیی لەلای سەعید قەزاز، لە هەولێر کاری پارێزەریم دەکرد، سەعید قەزاز کە وەزیری ناوەخۆ بوو بۆ پشوودانی ساڵی (١٩٥٧) هاتە هاوینەهەواری سەلاحەدین و چەند رۆژێک مایەوە، عەسرێکیان زەید ئەحمەد عوسمان و کاک ئەحمەد و عەلی عەبدولا و عومەر دەبابە و مەجید جوکل دزەیی و من چووین بۆ

بەخێرهێنانی، ئەو کاتە قسە لەسەر لکانی قەزای کۆیە بەکەرکووک دەکرا و لە لیوای هەولێر دادەبڕا، پێشتریش قەزای ڕانیە لە هەولێر دابڕابوو و بەلیوای سلێمانییەوە لکێندرابوو، ئێمە دابڕانی کۆیەمان بەزوڵمێک دەرهەق بەهەولێر زانی و ناڕەزاییمان پیشان دا، سەعید قەزاز پێکەنی و پاشان بە توورەبوونەوە ڕووی قسەی تێ کردین و وتی: (ئێوە لاون و ڕێزی دەرەنجامی ئەو کارە نازانن، مەبەستی من لەم کارە پاڵپشتیکردنی زۆرینەی کوردە لە لیوای کەرکووک، دەمەوێت ئەو زۆرینەیە لە هەموو بارودۆخێک و دواڕۆژدا مسۆگەر بکەم). دوای تێپەڕبوونی نیو سەدە ڕاستیی بۆ چوونەکە و دووربینیی ئەو پیاوە بەدیارکەوت، حکوومەتی بەغدا زۆربەی ئەو قەزایانەی کە دانیشتووانیان کورد بوون لە کەرکووکی دابڕاندن و هەروەها دیموگرافیی شارەکەشی گۆڕی، ئەمە جیاوازی نێوان ڕێژیمی مەلەکییە (کە ئێمە بەڕێژیمی کۆنەپەرستی و بە کرێگیراو وئیمپریالیزم) ناومان دەبرد لەگەڵ ڕێژیمی کۆماری پێشکەوتنخواز! کۆتاییی ئادار یان سەرەتای نیسانی (١٩٥٤) بوو، بارانێکی بەخوڕ هەموو عێراقی گرتەوە، ئاوی ڕووباران هەڵسان و بەغدا کەوتە ژێر مەترسییەوە ئەگەرچی بە بەنداوی خۆڵ دەورە درابوو، ئەمە پێش دروستکردنی هەردوو بەنداوی دووکان و دەربەندیخان بوو، خڕبوونەوەی ئاو بوو بەهۆی دروستکردنی گوشار بەسەر بەنداوە خۆڵینەکان، ترسی ئەوە هەبوو بڕووخێن و بەغدا ژێر ئاو بکەوێت، من زۆر نیگەرانی خێزانەکەم بووم، چونکە ماڵەکەمان نزیکی بەنداوی شەرقییە بوو.

من لەگەڵ نیهادی برادەرم هاموشۆی ماڵی هاوڕێی کۆلێژمان تەحسین ڕەئفەت قودرەتمان دەکرد کە خەڵکی کەرکووک بوون و لەگەڵ باوکی و دایک و براکانی لە ناوچەی عیوازیە دەژیان، خێزانێکی پارێزگار و خاوەنی خوو و ڕەوشتی بەرز بوون، بووبووین بە بەشێک لەوان، لە کاتی خۆ ئامادەکردن بۆ تاقیکردنەوەکان لەوێ دەمانخوێند و دایکی تەحسین چێشتی بۆ لێ دەنایین، لە ترسی لافاوەکە بەخێزانەوە هاتینە ئەو ماڵە و ئەو شتومەکانەی پێویست بوون بردمان.

تیپەکانی سوپا و خۆبەخشەکان و مەکینەکان شەو و ڕۆژ بۆ بەهێزکردنی بەنداوەکان لە کاردا بوون، لای ڕەسافە زیاتر مەترسیی لەسەر بوو، بۆیە بیر لەوە کرایەوە چۆلی بکەن و خەڵکەکەی بێننە بەری کەرخ، خەڵکەکە شڵەژان و بووە واتە وات، سەعید قەزازی وەزیری ناوەخۆ ڕووی لە ئێزگەی ڕادیۆ کرد و بەخەڵکی وت کە ئارام بگرن و دان بەخۆیاندا بگرن و ماڵەکانیان چۆل نەکەن.

قەزاز لە زۆر لاوە بیری لە کێشەکە کردبووەوە، ئەگەر خەڵکەکە بەری ڕەسافە چۆل بکەن ئەوا دەبێتە قەرەباڵغییەکی گەورە و کارەساتێک ڕوو دەدات، پردەکانیش توانای لەخۆگرتنی ئەو هەموو ئاپۆڕەیان نەبوو، ئەوکاتە هەردوو سێ پرد هەبوون، هەروەها لە کاتی چۆلکردندا کاری دزی و ڕاووڕووت ئەنجام دەدرێت و لە کۆنترۆڵ دەردەچێت، بۆیە وەزیر داوای لە جەماوەر کرد خانووەکانیان چۆڵ نەکەن، خەڵک لە ماڵەوە دانیشتن بێ ئەوەی کەس خەو بچێتە چاوی، ئەو بڕیارە بەنیسبەت سەعید قەزازەوە، جۆرێک بوو لە سەرکێشی، ڕۆژی دوایی وەک بڵێی موعجیزەیەک بێت، شەپۆلی ئاو وەستا دوای ئەوەی چەند کەلەبەرێک لە لقە ڕووبارەکان کرانەوە، بەم جۆرە سەعید قەزاز توانیی بەغدا لە نغرۆبوون ڕزگار بکات.

دوای ڕەوینەوەی ترسی لافاو، پاش یەک دوو ڕۆژ گەڕاینەوە ماڵەکەمان، دەوروبەری بەغدا ئاو دای پۆشیبوو و هەزاران خێزانی هەژار ئاوارە بووبوون، مانگی سووری عێراقی چەندان لیژنەی پێک هێنا تا خواردەمەنی و پێداویستی بەسەر لێقەوماواندا ببەخشێتەوە، من ئەندامی لیژنەی فریاکەوتن بووم لە کۆلێژەکەمان و بەهۆی بەلەمەوە یارمەتیمان دەگەیاندە لێقەوماوان، ئەو قوتابییانەی کە لەگەڵماندا بوون، هەڵگری بیروڕای جیاجیا بوون و هەریەکەمان دەمانویست ئیشەکە بەلای حەزی سیاسی خۆماندا ڕابکێشین.

لە کاتی خۆ ئامادەکردن بۆ تاقیکردنەوەکانی کۆتاییی ساڵ مامۆستامان دوکتۆر ئەکرەم نەشئەت ئیبراهیم (کە کوڕی مامی باوکی تەحسین ڕەئفەتی برادەرمان بوو)، خەڵکی هەولێری باش دەناسی و لە کۆتاییی چلەکاندا لەو شارە فەرمانبەر بوو، زۆر یارمەتیی داین و هانی داین تا بە ئاسانی لە

تاقیکردنەوەکان دەرچووین.

له شته خۆشەکانی ڕۆژانی سەعیکردن کە بەبیرم دێتەوە، ڕۆژێک تەحسینی برادەرمان وتی فێرە زانستی نووستنی موگناتیزی بووە و بەو هۆیەوە دەتوانێت پرسیاری تاقیکردنەوەکانی کۆتاییی ساڵ پەیدا بکات، من و نیهاد پێکەنین و فشەمان پێ هات، تەحسین هەر لەسەر قسەکەی موسیڕ بوو، پێم وت وەرە توانای خۆت بنوێنە و من و نیهاد بخەوێنە، سەرەتا من ڕاکشام، تەحسین هەندێک ورتەورتی کرد و دوعای خوێند و باش گوێم لە قسەکانی بوو، تەحسین و نیهاد وایان زانی نووستووم و کەوتوومەتە ژێر کاریگەریی موگناتیزی، نیهاد وتی: وەڵڵا ڕاستە، موحسین نووستوە، خۆم بۆ نەگیراو لە قاقای پێکەنینم دا، بەم جۆرە تەحسین کارەکەی بۆ نەچووە سەر، تا ماوەیەک هەر گاڵتەمان پێ دەکرد، بەم جۆرە ساڵانی خوێندنمان لە کۆلێژ بەچالاکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و بەکەیف و شادی بەسەربرد، لەخۆڕا نەیان وتووە: قۆناغی خوێندنی، زانکۆ خۆشترین ساڵانی تەمەنی مرۆڤە.

* ساڵی (١٩٥٣) جووتیارانی دەشتی هەولێر بەتایبەتی دزەیییاتی ڕاپەڕین، تۆ ئەو کاتە قوتابیی کۆلێژی ماف بوویت، چ زانیارییەکت لەسەر ئەم ڕووداوە هەیە؟

– گومانی تێدا نییە، عێراق وڵاتێکی کشتوکاڵییەو زۆربەی دانیشتووانەکەشی چینی جووتیارن، موڵکیەتی کشتوکاڵ لە ئەسڵدا و لە سەردەمی عوسمانییەکاندا بەشێوەیەکی نادادپەروەرانە دابەش کراوە، هەندێک موڵکدار خاوەنی هەزاران و سەدان هەزار دۆنم زەوین، کەچی جووتیار کە هێزی بەرهەمهێنەرە، خاوەنی هیچ نییە.

ئەگەر لە ڕێگەی موڵکیەتی کشتوکاڵیی سەردەمی مەلەکی ڕامێنین، دەبینین لە نێوان کوردستان و باشووری عێراقدا جیاوازییەکی زۆر هەبوو، موڵکداری ئەوتۆ لە باشوور هەبوون، کە خاوەنی سەدان هەزار دۆنم، بەڵکو ملیۆن دۆنم

زەوی بوون، بەڵام لە کوردستاندا موڵکداری بەم جۆرە نەبوو، ئەگەرچی دادپەروەریش لە دابەشکردنی زەوی لە ناوچەکەدا هەبوو، دەرەبەگەکان هەڵسوکەوتیان لەگەڵ جووتیاران زۆر خراپ بوو، بۆ ڕاستیش دەڵێم ڕاپەڕینی جووتیارانی دزەیی لەبەر خراپیی هەڵسوکەوتی دەرەبەگ و موڵکدارەکان نەبوو و باری کۆمەڵایەتییان لە چاو ناوچەکانی تر باشتر بوو، هۆی سەرەکی ڕاپەڕینەکە بوونی هۆشیاری و ئازادیی زیاتر بوو.

کاتێک نەخوێندەواری باڵی بەسەر زۆربەی ناوچە عەشایرییەکانی کوردستان و باشووری عێراقدا کێشابوو، بەڵام ناوچەی دزەییاتی لە بیستەکان و سەرەتای سییەکانەوە قوتابخانەی تێدا کراوەتەوە لەمانە قوتابخانەی مەخموور، دیبەگە، عالللا، قوشاغلوو، سۆربەش، قازیخانە و عەوێنە، لە چلەکاندا ژمارەی قوتابخانەکان زیادی کرد.

لە چلەکانی سەدەی بیستەمدا، زۆربەی کوڕە ئاغا و موڵکدارەکانی ناوچەی دزەییاتی خوێندنی دواناوەندییان لە هەولێر و خوێندنی باڵایان لەبەغدا تەواو کرد، زۆربەی ئەو لاوانە چوونە ڕیزەکانی حزبی شیوعی و یان حزبە کوردییەکانی وەک (هیوا، ژ.ک، ڕزگاری) پاشان پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەو لاوانە خزانە ناو چینی جووتیار و بەلای حزبەکانی خۆیاندا ڕایان کێشان بەم جۆرە، دەستەیەکی گەورە لەو چینە پێک هات، کادیری چالاک و بزێو هاتنە مەیدان، کە هەندێکیان گەیشتنە ئاستی مەکتەبی سیاسی یان لیژنەی مەرکەزیی حزبی شیوعیی عێراق و پارتی دیموکراتی کوردستان.

من یەکێک بووم لەوانەی لە کۆتاییی چلەکاندا پڕۆپاگەندەی شیوعیەتم لە نێو جووتیاراندا بڵاو دەکردەوە، وەک پێشتر باسم کرد جووتیارانی دزەیی لەبەر خراپیی هەڵسوکەوتی ئاغاکان ڕانەپەڕین، تەنانەت هەندێک لە موڵکدارەکان لە ریزی حزبەکاندا بوون، هەرچەندە هەندێک موڵکدار هەڵسوکەوتی خراپیان نواند، بەڵام نەدەگەیشتە هەڵسوکەوتی خراپی موڵکدارەکانی ناوچەکانی تر، لە ناوچەی دزەییاتیدا جیاوازیی چینایەتی زۆر کەم بوو، جووتیار لە تەک ئاغا دادەنیشت و بەناوی ڕووت و بێ هیچ نازناوێک

بانگی دەکرد، ئاغاش لە کۆڕ و چالاکیی کۆمەڵایەتیدا بەشداریی جووتیاری دەکرد.

ڕاپەڕینی جووتیاران، بەهۆی بڵاوبوونەوەی هۆشیاری و دەستەبەربوونی ئازادییەوە سەری هەڵدا، ئەرزیەتەکە لە هەموو ناوچەیەک لەبارتر بوو، لەو بڕوایەشدام هەندێک کەسانی حزبی و ئەو کادیرانەی کە گەیشتوونەتە سەرکردایەتیی حزبەکان و ئێستا لە ژیاندانە پاڵپشتی ئەم بۆچوونەم دەکەن لەمانە بەڕێزان عەزیز محەمەد، کەریم ئەحمەد، جەلال تاڵەبانی، عەلی عەبدوڵا، مەلوود ڕۆژباش، خدر ڕووسی، حەسەن تەها و... هتد. دەکرا چارەسەری ئەو گیروگرفتە نەک هەر لە ناوچەکەمان بەڵکو لە هەموو عێراقدا بکرایە بەشێوازێکی زیاتر دادپەروەرانە و واقیعیانە، نموونەیەک لەم ڕووەوە دێنمەوە، هاوینی (١٩٥٦) یان (١٩٥٧) بوو، تەواو دڵنیانیم، دوو ساڵ بوو کۆلیژی مافم تەواو کردبوو، سامی فەتاحی وەزیری ناوخۆی عێراق سەردانی هەولێری کرد و لە ماڵی موتەسەڕیف داوەتێکی چاخواردنەوەی بۆ سازدرا و منیش بانگێشت کرابووم، جگە لە ژمارەیەکی زۆر لە سەرۆک عەشیرەت و موڵکدار، باسوخواسی جووتیاران و گیروگرفتی زەوی، هاتە ناو دانیشتنەکە، بەوەزیرم وت کە زەوی کشتوکاڵی لە عێراقدا دوو جۆرە یان ئەمیریە و مفەوەزە بەتاپۆ یان (أميرية ممنوحة باللزمة) کە ئەمە بەشی هەرە زۆرە، چاککردنەوەی جۆری ئەو زەوییانە و کردنیان بە موڵکی ڕووت دەبێت دەوڵەت بەشی تێیدا هەبێت کە لە بەشی یەکەمدا چواریەک و لە بەشی دووەمدا نیوەیە، دەکرێ چواریەکێکی تری بەشی یەکەم لە بەرامبەر تەعویزێکی گونجاودا بکرێت و لەم بارەدا دەست بەسەر نیوەی زەویی کشتوکاڵی لە عێراقدا دەگیرێت و بەسەر جووتیاران دابەش دەکرێت و گیروگرفتەکە چارەسەر دەبێت، ئەم پرۆسەیە زۆر لە یاسای چارەسەرکردنی کشتوکاڵ باشتر بوو، دوای قسەکانم زۆر لە موڵکدارەکان ناڕازی بوون، وەزیر پێشنیازەکەی بەدڵ بوو، بەڵام هیچ قسەی نەکرد.

* لە ساڵانی خوێندنی زانکۆدا لە بەغدا بەدیداری شێخ مەحموودی حەفید شاد بوویت، ئەمە چۆن بوو؟

– ساڵی (١٩٥٤) شێخ مەحموود بۆ چارەسەری نەخۆشی هاتبووە بەغدا، لە خانوویەکی شەقامی سەعدوون لە گەڵ کاک ئەحمەد، زەید[٥] عوسمانی پوورزام و پارێزەر مەحموود بابان چووین بۆ خزمەتی (خوا لە هەموویان خۆش بێت)، سەعاتێکی تەواو لە خزمەت شێخ دانیشتین، ئەحواڵی (مەحموود)ی لە زەید پرسی، مەحموود کە ئەحمەد عوسمان موتەسەڕیفی سلێمانی بوو، لەوێ لە دایک بووبوو و لە خۆشەویستیی شێخ ناویان نابوو مەحموود، زەید بە شێخی وت کە مەحموود لە بەریتانیا دەخوێنێت، شێخ مەحموود خۆی بە خاڵۆی ئێمە دادەنا، چونکە لە دایکەوە خزمین، کاک ئەحمەد جارێکی تر لە ساڵی (١٩٤٢) واتە ساڵێک بوو شێخ شوێنی ئیقامەی جەبریی جێ هێشتبوو شێخی بینیبوو، لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە خزمان و خاڵ و خاڵۆزایانی ساداتی بەرزنجی چووبوون بۆ بەخێرهێنانەوەی.

شێخ پرسی کە لەچ قوناغێکی خوێندنی، وەڵامم دایەوە دوا ساڵمە لە کۆلێژی ماف، هەروەها هەواڵی زۆر لە خزمەکانی مەحموود بابانی پرسی.

بەر لە دە ساڵ لە کتێبێکدا شتێکم دەربارەی هەڵوێستی پیاوانەی شێخ مەحموود خوێندەوە، جێی خۆیەتی لێرەدا بیگێڕمەوە، ئەو کتێبەم لە بەڕێز حەمدی نەجیبی خەڵکی بەسرا وەرگرت، ئەو پیاوە چل ساڵە لە خەلیج و لای شێخ و میرەکان کاری بازرگانیی کردووە و ئێستا زۆر دەوڵەمەندە، کابرایەکی ڕۆشنفکر و دیموکراسیخوازە و لە کێشەی کورد شارەزایە و باوەڕی بەمافی چارەی خۆنووسین هەیە، زۆر برادەری جەواهیری و بڵند حەیدەرییە و بە کەسایەتیی سەرۆک مەسعوود بارزانی سەرسامە و چەند جارێک یەکتریان بینیوە، ماوەی (١٥) ساڵە لە لەندەن دادەنیشێ.

بەر لە ڕاپەڕینی پیرۆزی ساڵی (١٩٩١) لە لەندەن ئەو برادەرە تەلەفۆنی بۆ کردم و، باسی کتێبی (تأريخ الكويت السياسي) بۆ کردم کە لە دانراوی یەکێک

لە شێخەکانی خزمی شێخ خەزعەلە لە محەمەرە، پێی وتم کتێبەکە بابەتێکی خۆشی دەربارەی شێخ مەحموود تێدایە و حەز دەکات بیخوێنمەوە دوایی کتێبەکەی بۆ بگەڕێنمەوە.

لە کتێبەکەدا هاتووە، دوای ئەوەی لە شەڕی دەربەندی بازیاندا ئینگلیزەکان بە برینداری شێخ مەحموودیان بەدیل گرت و ساڵی (١٩١٩) بۆ هیندستان نەفییان کرد، دوای سێ ساڵ مانەوە لە مەنفا، میللەتی کورد لە سلێمانی دەستیان بە خۆپیشاندان کرد و داوای گەڕانەوەی شێخیان کرد، لە ئەنجامی ئەو گوشارە میللییە و تێکچوونی بارودۆخی ناوچەکە بەریتانییەکان ناچار بوون شێخ بگەڕێننەوە و بڕیار درا دەوڵەتێکی کوردی دروست بکرێت و شێخ بکرێت بە حوکمداری.

شێخ مەحموود و برادەری نەفیکراوەکانی بە پاپۆڕ هێنرانە بەندەری کوێت، هاوینی (١٩٢٢) کە پاپۆڕەکە گەیشتە ئەوێ حاکمی سیاسیی بەریتانی لە کوێت نەبوو، شێخ و برادەرەکانی دوای ئەوەی پشوویەکی کورتیان دا لەگەڵ هەندێک لە یاوەرانی چوونە هەواڵپرسی میری کوێت، کە چوونە ناو کۆشک لە هۆڵی پێشوازی دانیشتن خەبەریان بۆ میری کوێت نارد، بەڵام میر ئامادە نەبوو بێتە لایان، لەو بڕوایە دابوو کە شێخ دژی بەریتانییەکان وەستاوە و ئەگەر پێشوازییان نەکات دڵی حاکمی سیاسی خۆش دەکات، هەر لەو کاتەدا یەکێک لە خزمەتکارەکان دەیەوێت قاوەیەک بدات بە شێخ، میری کوێت ئەمر دەکات قاوەیان نەدەنێ، چونکە ئەوانە کوردن و نازانن قاوە چییە، شێخ کە ئەمە دەبینێ، شوێنەکە جێ دەهێڵێ و زۆر لەو هەڵسوکەوتەی دوور لە نەریتی مێوانداری بێزار دەبێ.

هەمان ئێوارە حاکمی بەریتانی دەگەڕێتەوە و دەچێتە لای میری کوێت و هەواڵی شێخ دەپرسێ ئاخۆ گەیشتووە یان نا؟ میریش مەسەلەکەی بۆ دەگێڕێتەوە، حاکمی بەریتانی هاوار دەکات (چۆن بەو شێوازە پێشوازی مێوان دەکەی، نازانی ئەمە ئیمپراتۆریەی بەریتانی نیگەران کردووە، ئێمە ناچارین بیگەڕێنینەوە بۆ سلێمانی و بیکەین بە حوکمدار).

میری کوێت دەشڵەژێ و نازانێ چی بکات، حاکم پێی دەڵێ بچۆرە لای و داوای لێبووردنی لێ بکەو بۆ نانی نیوەڕۆ داوەتی بکە، میری کوێت بەیاوەریی حاکم دەچنە لای شێخ و بۆ نانی نیوەڕۆ داوەتی دەکەن، شێخ بەگاڵتەوە بە میر دەڵێت: (ئێمە کوردین نازانین داوەت چییە) و دواییش توندتر قسە دەکات و دەڵێت: (سوپاس بۆ خوا کە وەک کورد خەڵقی کردم و نەک عەرەبێکی وەک تۆ کە نەزانی چۆن پێشوازی لە میوان بکەی). دوای تکایەکی زۆر، شێخ داوەتەکەی میری قبووڵ کرد، ئەمە نموونەیەک بوو لە هەڵوێستی پیاوانەی شێخ مەحموود کە شێخێکی عەرەب لە کتێبێکدا باسی کردووە.

* لە ئاهەنگی دەرچوونی قوتابییانی کۆلێژەکەتاندا مەلیک فەیسەڵی دووەم ئامادەبوو، ئەمە چۆن بوو؟

– مانگی حوزەیرانی (١٩٥٥) کۆلێژم تەواو کردو لە (٢٠)ی هەمان مانگ چوومە ڕیزی سەندیکای پارێزەرانی عێراق، بە بڕوانامە و ناسنامەی سەندیکا زۆر دڵشاد بووم، ئاهەنگی ڕۆژی دەرچوون لە هۆڵی ئەمینداریێتیی پایتەخت لە ناوچەی بابولمەعەزەم ڕۆژی ١٩٥٦/١/٢٠ ساز درا، ڕۆژی دیاریکراو ئامادە بووین جلی تایبەتی ئەو بۆنەیەمان لەبەرکرد، مەلیک فەیسەڵی دووەم و میر عەبدولئیلاه و نووری سەعید و وەزیرەکان و کەسایەتییە دیارەکان و خانەوادەی هەندێک لە قوتابییەکان ئامادەبوون، ڕاگری کۆلێژ و مامۆستایەک و یەکێک لە قوتابییان وتاریان خوێندەوە. پاشان مەلیک بڕوانامەکانی دابەش کرد، بەگوێرەی پیتی ئەبجەدی ناوی قوتابییەکان دەخوێنرایەوە، چەندان وێنەی یادگاریم لە کاتی تەوقەکردن لەگەڵ مەلیکدا گرت و لەلای خۆم پاراستم، بەڵام لە دوای (١١)ی ئاداری (١٩٧٤) کە حکوومەت لە شاری هەولێر دەستی بەسەر ماڵ و خانووەکەمدا گرت لەناوچوون.

ئەمە جاری یەکەم نەبوو کە ڕەسم لەگەڵ مەلیکدا بگرم، لە مانگی مایسی (١٩٥٢) کەساڵی دووەمم بوو لە کۆلێژی ماف، جومعەیەک لەگەڵ مەجید

جـوکل دزەیی ئامـۆزام کـە دوا سـاڵـی خـوێندنـی بوو لە کۆلێژی مـاف چووینە سـەردانی عەبدولسـەمەد مـحەمـەد لە ئەبوغرێب، ناوبراو خەڵکی کۆیە بوو و لە دامـــەزراێنەرانـی پـارتی بـوو، نانـی نیـــوەڕۆمـــان لـەلا خـــوارد، لە کـــاتـی گـەڕانەوەمـــاندا لە شـوێنی پاسـەکـان چاوەڕێی هـاتنی پاسـمـان دەکـرد، ئوتۆمۆبیلێک بەخێرایی بە بەردەمماندا تێ پەڕی، مەلیک و تاکە پاسەوانێک لە ناو ئوتـۆمـۆبیلەکـەدا بوون، مـەلیک ئەوکـاتە تەمـەنی حـەڤـدە سـاڵ بـوو، لەپڕ ئوتۆمـۆبیلەکە وەسـتا و بۆ دواوە گەڕایەوە و وتیان بابتانگەیەنین، سوپاسـمان کـردن و داوای لێبـووردنمان کـرد، ئەمـە بەڵگەی بێ فـیزی و سـادەیـی مـەلیک بوو.

لە ڕۆژی (٢)ی مـایسـی (١٩٥٣) مـەلیک تەمـەنـی گـەیشـتـە هـەژدە سـاڵ، بەم بۆنـەیەوە ئاهـەنگی تاج لـەسـەر دانانـی بۆ سـاز درا، لەگـەڵ کـاک ئـەحـمـەد چاوەڕوانـی تێپەڕینی کەژاوەکەمان دەکرد، ئێمە لە پێش چێشتخانەی شەریف حـەداد ڕاوەسـتـابووین، کـەژاوەکـە لەلای بابولموعـەزەمـەوە هـات و بەشـەقـامـی ڕەشـیـددا تێ پەڕی و لـە پردی مـەلیک فـەیسـەڵـی دووەم (دوای ناونرا جـسـر الاحـرار) پەڕییـەوە بۆ بەری کـەرخ، مـەلیک زۆر کـەشـخـە دیاربوو، مـیـر عەبدولئیلاهی جـێگرەوەی بەتەنیشـتییەوە بوو، جـەماوەر لەمبەر و لەوبەری شەقام چەپڵـەیان لێ دەدا و هوتافیان دەکێشا، ڕۆژێکی خۆش بوو و نیشانەی شادی بەدەموچاوی جـەماوەرەوە دیاربوو، لە ناو ئاپۆڕەی خەڵک و قـەرەباڵغیدا کاک ئـەحمـەدی برام بە جلوبەرگی کوردییەوە ئاوڕی دایەوە و سەباحـی کوڕی نووری سـەعیدی بینی کە لە پشتەوەی ئێمە ڕاوەستابوو، کاک ئەحمەد ویستی شـوێنی خـۆی بۆ سـەباح چۆل بکات و بێـتە پێشـەوە، بەڵام ناوبـراو سـوپاسـی کرد، ئەو ڕۆژانە لەلای جەماوەری گەلی عێراق وەک جەژن وابوون.

هـەر ئـەوەی دەربارەی مـەلیک بەبیـرم دێتــەوە، لە کـاتـی بەشـداریکردنم لە سـەربازگەی سکریندا، عـەسرێکیان بۆ ڕەسـمگرتن پیاسـەیەکـمان کـرد و چووینە سـەرسـەنگ، لەو برادەرانە فـازیل شـەوکـەتم لەگـەڵدابوو کـە قـوتابیی خانەی باڵای مامۆستایان بوو (کۆلێژی پەروەردەی ئێستا)، سەردانی کۆشکی

مـەلیکمـان کرد، کۆشکەکە ماڵێکی ئاسایی بوو لـەو هاوینەهەوارەدا، بەناویدا سـووڕاینەوە بێ ئەوەی کـەسێک پـرسیـار بکات بۆ کـوێ دەچن، لە پڕ مـەلیک فەیسـەڵمان بینی لە ناو باخچەکە پیاسەی دەکرد، یەک پاسـەوانی لەگەڵدا بوو و بۆ لای ئێمە هات، دوای سلاو و پێشکێشکردنی ڕێز تەوقەی لەگەڵ کردین و لە ئەحواڵی کۆلێژ و خوێندنی پرسین و ئینجا سەیرێکی کامێراکەی کردین و هەر بەو کـامـێـرایە چەند ڕەسـمـێکمـان گـرت و خـواحـافـیـزیمان لێ کـرد و گـەڕاینەوە سـەربازگە، ئەو ڕەسـمـانەشم وەک زۆر فـەرمی تر فـەوتان، نازانم ئاخۆ لای کاک فازیل و برادەرانی تر ڕەسمەکان ماون یان نا!.

سـاڵی (١٩٥٦)، دوای ئاهەنگی دەرچوون، لـەگـەڵ برادەرە پارێزەرەکـانم باسمان لە فەرامۆشکردنی لیوای هەولێر لەلایەن حکوومەتەوە دەکرد، ئەوکاتە ژمارەمان بیست پارێزەر بوو، گەیشتینە ئەو بڕیارەی شاندێک بچێتە بەغدا و سەردانی مەلیک و گەورە لێپرسراوانی حکوومەت بکا و گیروگرفتەکانی لیوای هەولێر بخاتە بەردەمیان، لام وایە ژمارەی ئەندامانی شاندەکە دوازدە پارێزەر بوو، پێش ئەوەی شـاندەکـە بڕوات، ویسـتـمـان پشـتگیـرییـەکی مـیللیی بۆ دەسـتـەبەر بکـەین تا هەڵوێسـتی چەسـپاو بێت، سـەرجـەم چین و توێژەکـانی هەولێـرمـان هـان دا تا برووسکە بـۆ بەرپرسـەکـان بکەن بۆ جـێـبـەجـێکردنی داخـوازی پارێزەرەکـان، لـە بەغـدا بەرپرسـەکـان وایان زانـی ئەم کـارە شیوعییەکانی لە پشتەوەیە، بۆیە پێشوازییان نەکردین.

پارێزەر زەید ئەحمەد عوسمان، برادەرایەتیی پتەوی لەگەڵ خـەلیل کنەی وەزیری دارایی هەبوو، زەید قسـەی لەگەڵ کرد و نیازی شـاندەکەی بۆ ڕوون کـردەوە، وەزیریش پێـوەندی بە نووری سـەعـیـدەوە کـرد، سـەرۆک وەزیران لە نووسینگەی خۆی پێشوازیی کردین و داوای کرد داواکارییەکانمان بکەین بە یاداشتێک و بەتەلەفۆنیش قسەی لەگەڵ سەعید قەزازی وەزیری ناوەخۆ کرد و هەروەها داوای لە وەزیرە پێوەندداری‌ەکان کرد کـە گوێ لە داخـوازییـەکانمان بگرن و پێشوازیمان بکەن، دوا ڕۆژی چاوپێکەوتنمـان لەگەڵ مـەلیک بۆ دیاری کـرا و، چووینـە بەلاتی شـاهانـە (دوای (١٤)ی تەمـووز کـرا بە بـارەگـای

ئەنجوومەنی سیادەت)، مەلیک زۆر بەشادی پێشوازیی کردین و ئێستاش لە بیرم ماوە کە وتی (هەولێر بەشێکی گرینگی ئەم نیشتمانەیە، داواکارییەکانتان زۆر ڕەوان و سادەن، لەگەڵ بەرپرسانی حکوومی قسە دەکەم و بەگوێرەی توانا جێبەجێیان دەکەین).

پایزی (١٩٥٧) مەلیک و ژمارەیەک لە بەرپرسان بۆ ئامادەبوون لە مەشقی پایزانەی سوپا لە ڕواندز هاتنە هەولێر ڕێوڕەسمی، پێشوازییەکی گەورە ساز درا کە زۆربەی دانیشتووانی هەولێر تێیدا ئامادەبوون، لەگەڵ برادەرە پارێزەرەکانم منیش لە پێشوازیدا بووم، موتەسەڕیفیەتی لیوای هەولێر بە ئامادەبوونی خالید نەقشبەندی موتەسەڕیف نیوەڕۆ خوانێکیان لەسەر شەرەفی مەلیک لە ئوتێل سەلاحەدین لە هاوینەهەواری سەحەلادین ساز دا (ئێستا ئوتێلەکە بارەگای مەکتەبی سیاسی پارتییە و یەکێک لە ژوورەکان نووسینگەی تایبەتی خۆمە و بەدووری نازانم ئەو ڕۆژانەی کە ئوتێل بووە چەندان شەو تێیدا نووستبم)، بۆ ئەو نیوەڕۆ خوانە بانگ کرابووم، ئامێرێکی وێنەگرتنی سینەمایم لابوو کە (٨) ملم بوو و کاک ئەحمەد لە لەندەن بۆی هێنابووم، ڕوخسەتم لە مەلیک وەرگرت کە چەند وێنەیەکی بگرم، ڕەزامەندیی پیشان دا و ئامێری وێنەگرتنەکەی زۆر بەدڵ بوو، دوای نانخواردن مەلیک بەرەو ڕواندز بەڕێ کرا، ئەمە دواجار بوو کە ڕووبەڕوو مەلیک ببینم، بەڵام پێش (١٤)ی تەمووزی (١٩٥٨) میر عەبدولئیلاهم لە تورکیا بینی، لە یەکێک لە ئوتێلەکانی ئەستەنبوڵ چاک و چۆنیمان کرد و دیاربوو حەزی دەکرد خۆیی بداتە بەرخۆر، لە ئەستەنبوڵەوە چوومە ئەورووپا و میر عەبدولاش گەڕایەوە بەغدا و سپێدەی (١٤)ی تەمووز چارەنووسێکی پڕ ئازار بۆیان لە بۆسەدا بوو.

پەراوێزەکان:

١- محەمەد شەهابەدین دەباغ... کەسایەتییەکی ناسراوە، ساڵی (١٩٢٩) لە هەولێر هاتووەتە دنیاوە، سەرەتایی و دواناوەندیی لەو شارە تەواو کردووە و ساڵی (١٩٥٢) کۆلێژی مافی لە بەغدا تەواو کردووە، کاری پارێزەریی کردووە و دوایی لە دوو خولی بەدوای یەکدا بە ئەندامی ئەنجوومەنی کارگێڕیی لیوای هەولێر هەڵبـژێردراوە، ساڵی (١٩٦١) بەسەرۆکی ژووری کشتوکاڵ لە هەولێر هەڵبـژێژدراوە، ساڵی ( ١٩٦٤ تا ١٩٦٨) سەرۆکی شارەوانیی هەولێر بوو، ئێستاش هەر لەو شارە دادەنیشێ و خەریکی پارێزەرییە.

٢- نوورەدین مەحموود... سەرۆک وەزیرانی پێشووی عێراق، ساڵی (١٨٩٩) لە مووسڵ هاتووەتە دنیاوە، کوردە و خەڵکی سلێمانییە، خوێندنی بەراییی لەوێ تەواو کردووە و پاشان چووەتە کۆلێژی سەربازیی عوسمانی و ساڵی (١٩٢١) چووەتە ڕیزی سوپای عێراق، چەندان پایەی سەربازیی بینیوە لەمانە مامۆستا لە کۆلێژی ئەرکان و مولحەقی سەربازی لە لەندەن و سەرکردەی تیپی سەربازی و سەرۆکی ئەرکانی سوپا، لە کۆتاییی ساڵی (١٩٥٢) لە ماوەیەکی زۆر ناخۆشدا کە حوکمی عورفی لە گۆڕێ بوو کرا بەسەرۆک وەزیران، لە سەرەتای ساڵی (١٩٥٣) دەستی لە کارکێشایەوە و بووە ئەندامی ئەنجوومەنی پیاوماقوولن، ساڵی (١٩٨١) کۆچی دوایی کردووە، برادەری سەرکردەیی کورد بارزانیی نەمر بوو.

٣- عەلائەدین مەحموود... کەسایەتییەکی سەربازی و کارگێڕی دیاربوو، ساڵی (١٩١٠) لە بەغدا هاتووەتە دنیاوە، خوێندنی سەرەتایی و دواناوەندیی لەوێ تەواو کردووە و پاشان چووەتە کۆلێژی سەربازی و پلەی مولازمی دووی وەرگرتووە و دواییی چووەتە کۆلێژی ئەرکان و لەوێ کراوە بە مامۆستا، ساڵی (١٩٤١) عەبدولکەریم قاسم یەکێک لە قوتابییەکانی بووە، ساڵی (١٩٤٩) ڕاسپێردرا کە یاوەریی مەلیک فەیسەڵی دووەم بکات لە کاتی خوێندن لە زانکۆی هارو لە ئینگلتەرە، ساڵی (١٩٥٣) بوو بە فەرماندەی کۆلێژی سەربازی و دواییش بەڕێوەبەری کارگێڕی لە وەزارەتی بەرگری، لە ڕۆژی یەکەمی شۆڕشی (١٤)ی تەمووزی (١٩٥٨تا١٩٦١) موتەسەڕیفی هەولێر بووە و پاشان کراوە بە

بەڕێوەبەری گشتیی فرۆکەوانیی مەدەنی، ساڵی (١٩٦٣) خانەنشین کراوە و ساڵی (٢٠٠١) کۆچی دوایی کردووە.

٤- عەبدوڵا شەریف... لەبواری گەشتوگوزاردا زۆر شارەزا بوو، پێوەندییەکی فراوانی لەگەڵ نێوەندەکانی کۆمەڵ و سیاسەت و هونەردا هەبوو، خاوەنی کۆمەڵێک ئوتێل و یانەی بە ناوبانگ بوو لەمانە چێشتخانەی شەریف و حەداد کە عەبدولکەریم قاسم و ڕەشید موتڵەگی برادەری بەر لە (١٤)ی تەمووزی (١٩٥٨) سەردانیان دەکرد. ساڵانی حەفتا کۆچی دوایی کرد.

٥- زەید ئەحمەد عوسمان... کەسایەتییەکی ناسراوی کوردە، ساڵی (١٩٢٥) لە هەولێر هاتووەتە دنیاوە، سەرەتایی و ناوەندیی لەوێ تەواو کردووە و پاشان چووەتە کۆلێژی ماف و ساڵی (١٩٥٤) دەرچووە، لە دوا خولی نوێنەران لە سەردەمی مەلەکیدا بە نوێنەری هەولێر هەڵبژێردراوە و هەروها یەکێک بووە لە نوێنەرانی عێراق لە ئەنجوومەنی یەکێتیی عێراق کە عێراق و ئوردن بوون پێش (١٤)ی تەمووزی (١٩٥٨)، کاری پارێزەریی کردووە و یەکێک بووە لە پارێزەرە دیارەکان، ساڵی (١٩٧٨) لە پاریس کۆچی دوایی کرد و لە هەولێر بەخاک سپێردرا.

## قۆناغی کاری پارێزەری و بازرگانی

* داواکانی تەسویە لە ناوچەی حاجی ئۆمەران.
* وەرگرتنی وەکالەتی کۆمپانیای ئوتۆمۆبیلی فۆرد لە هەولێر بەڕێککەوت.
* نیوەڕۆ خوانێک لەسەر شەرەفی خەلیل کنە لە گوندی دووگردکان ساڵی (١٩٥٨).
* خالید نەقشبەندی موتەسەڕیفی هەولێر چۆن ئوتۆمۆبیلێکی لێ کڕی؟

* ئەزموونت لە بواری پارێزەریدا چییە؟

– لە بواری پارێزەریدا ئەزموونێکی کورتم هەیە، وەک باسم کرد ساڵی (١٩٥٥) کۆلێژی مافم تەواو کرد و کاری پارێزەریم کرد، بەڵام هەموو کاتی خۆمم بۆ تەرخان نەکرد، بەڵکو کاروباری بازرگانی و کارگێڕی و نووسینگەی ئوتۆمۆبیلی فۆرد و تایە و کەلوپەلی کشتوکاڵیم لە ئەستۆ بوو، هەروەها لە کاروباری کشتوکاڵدا هاوکاریی کاک ئەحمەدم دەکرد، هەرچەندە کاک ئەحمەد لەو بوارەدا زۆر شارەزا بوو، بەڵام من ئەگەر بەشکڵیش بووایە حەزم دەکرد یارمەتیی بدەم و سوود لە ئەزموون و شارەزاییی ببینم.

لە پارێزەریدا بەشداریی پارێزەر زەید ئەحمەد عوسمانم دەکرد لە داوای گرینگ و باشدا (زەید کوڕی پوورم بوو و هاوڕێیەکی نزیکی کاک ئەحمەد و هەموو ئەندامانی بنەماڵەکەمان بوو)، هەندێک داوای تەسویەمان بە هاوبەشی لە ناوچەی حاجی ئۆمەران گرت، ڕۆژانێکی خۆشمان لەگەڵ پارێزەران و دادوەرانی تەسویە لەوانە عەبدولقادر نورەدین ڕەشیداغا بەسەر دەبرد، جاری واهەبوو ڕێ دەکەوت بۆ هەندێک داواکاری بچینە مەخموورو کۆیە و شەقڵاوە و ڕواندز، ڕۆژانی دانیشتنی دادگای گەورە خۆشترین ڕۆژ بوو، دانیشتنەکان لە ڕۆژی دیاریکراودا ساز دەدران، بەگوێرەی ئەو کێشانەی کە دەخرانە

بەردەم دادگا، سەرۆکی دادگای ئەوکاتە عەبدولڕەحمان سەعید بوو، دوایی بەهادین قوتب و ئینجا نوورەدین بەهائەدین سەرۆکایەتییان کرد، زۆرجاران خوالێخۆشبوو عەبدولقادر نوورەدین (کە دوایی بووە دادوەر و ئەندامی دادگای بالا) یاوەریان بوو، ئەو پیاوە برادەرێکی ڕووخۆش بوو، زۆر جار لە یانەی عەسکەری یان پارێزەران کاتێکی خۆشمان بەسەردەبرد، بەم جۆرە چەند ساڵێکم بە پارێزەری و بازرگانی بەسەربرد تا ساڵی (١٩٦٣) پێوەندیم بە شۆڕشی کوردەوە کرد و جۆری ژیانم بە تەواوی گۆڕا.

* ئەی سەربوردەت لەگەڵ کۆمپانیای ئۆتۆمۆبیلی فۆرد چۆنە؟

– ڕێککەوت. بەبێ ویستی مرۆڤ، زۆر جاران ڕۆڵێکی گەورە لە ژیانیدا دەبینێ، لە ئاخروئۆخری سێیەم ساڵم لە کۆلێژی ماف کاک ئەحمەدی برام پێی ڕاگەیاندم کە ئۆتۆمۆبیلێکم بۆ دەکڕێت، پێشینەی پارەکە کە چارەگی نرخی ئۆتۆمۆبیلەکە بوو بۆم دەستەبەر بکات، بەمە زۆر دڵشاد بووم، ئەو کاتە کەم قوتابی هەبوو خاوەن ئۆتۆمۆبیل بێت، کەوتمە گەڕان بەدوای ئۆتۆمۆبیلێکدا، سەردانی پێشانگەکانی بەغدا و نووسینگەی وەکیلەکانم کرد، لە نووسینگەی کۆمپانیای فۆردی ئەمریکی و بەریتانی کە وەکیلەکەی عەبدولرەزاق فەریح بوو ئۆتۆمۆبیلێکی قەبارە مام ناوەندیی بچووکم دۆزییەوە، نرخەکەی (٨٠٠) دینار بوو، بۆ ئەو دەمە نرخێکی گونجاو بوو، دوای ئەوەی لەسەر نرخەکە ڕێک کەوتین پێم وتن کە بۆچی لە هەولێر نووسینگەیەک ناکەنەوە، ئەوکاتە تەنیا لە مووسڵ نووسینگەیان هەبوو، وتیان بریکارێکی وامان دەست نەکەوتووە، دوای تەواوکردنی موعامەلەی کڕین داوای کەفیلێکیان لێ کردم بۆ ئەو (٦٠٠) دینارەی کە مابووەوە، چوومە نووسینگەی خوالێخۆشبوو ڕەشید عارف، ئەو کوردە بەڵێندەر و ئەندازیارێکی ناسراوی بەغدا بوو و برادەری کاک ئەحمەدیش بوو، کە مەسەلەکەم بۆ باس کرد، بە تەلەفۆن پێوەندیی بە نووسینگەکەوە کرد و تێی گەیاندن کە ئێمە جێگەی بڕواین و پێویست بە کەفالەت ناکات، بەم جۆرە ئۆتۆمۆبیلەکەم وەرگرت.

به تەلەفۆن قسەم لەگەڵ کاک ئەحمەد کرد و ویستم بزانم ڕای چییە ئەگەر لقێکی بریکاری کۆمپانیاکە لە هەولێر وەربگرین، بەپەرۆشەوە بیرۆکەکەی پەسند کرد و وتی ڕاوێژیان لەگەڵ بکە و ئامادەییشی پیشان دا بێتە بەغدا، لەگەڵ کۆمپانیاکە ڕێک کەوتم و کاک ئەحمەدیش هاتە بەغدا و گرێبەست لە نێوان هەردوو لادا مۆر کرا، بەم جۆرە بووین بە بریکاری کۆمپانیای فۆرد بۆ ئۆتۆمۆبیلی ئەمریکی و بەریتانی و هەروەها ئەو مەکینە کشتوکاڵییانەی کە ئەو کۆمپانیایە دروستی دەکرد، دوای ماوەیەک بریکاری ڕۆن و تایەی ئۆتۆمۆبیلیشمان وەرگرت، سەرەتا ئیشەکەمان زۆر سەرکەوتوو بوو، بەڵام دوایی تێبینیی ئەوەمان کرد کۆمپانیاکە ئەو ژمارە داواکراوەمان لە ئۆتۆمۆبیل بۆ ڕەوان ناکات و منیش هەموو کاتی خۆم بۆ ئەو بریکارییە تەرخان نەکرد، چونکە لە زانکۆ دەمخوێند، کاک ئەحمەدیش هەرچەندە کاری زۆر بوو، بەڵام سەرپەرشتیی نووسینگەکەی دەکرد و فەرمانبەرێک هاریکاریی دەکرد، دوای تەواوکردنی زانکۆ کاتی خۆم بۆ بەڕێوەبردنی ئەو نووسینگە بازرگانییە تەرخان کرد و جارجاریش پارێزەریم دەکرد.

دوای تێپەڕبوونی دوو ساڵ هەستم کرد نووسینگەی بریکاری گشتی لەگەڵ کۆمپانیای پێدەرەکان تووشی گیروگرفت هاتووە، چونکە ئیلتیزاماتی جێبەجێ نەدەکرد و هەروەها بەرهەمی کۆمپانیاکە بەباشی سەرف نەدەبوو، لە کۆتاییی ساڵی (١٩٥٦) بڕیار درا بریکاری کۆمپانیای ئەمریکی لە عەبدولرەزاق فەریح وەربگیرێتەوە و تەنیا نمایندەی کۆمپانیای بەریتانی بێت، بریکاری یەکەم درا بە کۆمپانیای بەغدا بۆ بازرگانیی ئۆتۆمۆبیل کە هەردوو خانەوادەی دەوڵەمەندی بەغدایی (دامرچی و چەلەبی) خاوەندارێتییان دەکرد، قسەم لەگەڵدا کردن و بینیم ئامادەییان هەیە کە ببینە بریکاریان و لقی هەولێر لە کاری خۆی بەردەوام بێت و هەروەها بەرهەمەکانیان لە کەرکووک و سلێمانی ساغ بکەینەوە تا بریکاری تایبەتییان دەبێت، بەم جۆرە گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیای تازە مۆر کرا، کاروباری بازرگانی بەتایبەتی لە ساڵی (١٩٥٧) زۆر گەشەی کرد و بەشی ئێمە لە ئۆتۆمۆبیل لە هەموو شارەکانی

عـێـراق زیاتر بـوو، چونکە ئـاسـانکاریمان بـۆ کـڕیاران دەکـرد، لەو سـاڵەدا ژمـارەیەکی بەرچاو لە ئۆتۆمـۆبیلی فـۆرد لە هـەولێـر فـرۆشـرا، بـەڵام دوایی بەهۆی وشکەساڵی و خراپیی باری ئابووری وردە وردە کەم بووەوە.

لە سـەرەتای سـاڵی (١٩٥٨) بازرگـانێکی جـوولەکـەی عـێـراقی پێـوەندیی پێـوەکـردم و وای پیشـان دا کـە کۆمـپـانیـای فۆردی بـەریتـانـی حـەز دەکـات بریکاری گشـتی لە عـەبدولرەزاق فـەریحـی وەکیلیـان وەربگرێتـەوە و هـانی دام ئەو وەکالەتە گشـتییـە وەربگرم و ئامـادەبوو یارمـەتیشم بدات، بیرۆکـەکـەم لا پەسند بوو، لەگـەڵ کـاک ئەحـمـەد قـسـەم کـرد و ئەویش پێـی باش بوو، دوای مـاوەیەک داوەتنامـەیەکم لە کۆمپـانیـای فۆردی بەریتـانـی بەدەست گـەیشت تا سەردانی کارگەکانیان بکەم و باس لە وەکالەتەکە بکەین.

حوزەیـرانـی (١٩٥٨) سەفـەری دەرەوەم کرد و هەفتـەیەک لە تورکیا مـامـەوە، ئەنوەری برام دوا ساڵی خـوێندنی بوو لە کۆلێژی پزیشکی، عەقید ڕوکن عەتا مـحـەمـەدیش یاریدەدەری مـولحەقی سـەربازی بوو لە باڵیـۆزخـانەی عێراق، ئەو عەقیدە خـەڵکی سلێمـانی بوو و پیاوێکی نیشـتیمـانپەروەر بوو، هـاوسـەرەکەی ئافـرەتێکی تـورک بوو، زۆربەی کـاتی لەگـەڵ ئێـمـە بـەسـەربـرد و ئیـشـوکـاری قـوتابییـە کوردەکانـی ڕادەپەڕاند لە باڵیـۆزخـانەی عێراقدا، پاشـان سـەفـەری ڕۆمـــام کـــرد و چەند ڕۆژێـک مـــامـــەوە و دوایی چوومـــە لەندەن، لەوێ چەند قـوتابییـەکی کـورد دەیانخـوێند لەمـانە سـەعـدیی برام کـە دوو سـاڵ لە خـۆم بچووکترە و لە کۆلێژی ئەندازە بوو هـەروەها سدقی ئیسماعیل دزەیی خزمم و عـارف مـحـــمـەد عـەلی کـە دوایی کـرا بە باڵیـۆز لە وەزارەتی دەرەوە و دارا تۆفیق[١] و تەحسین هـەورامی دوای چەند ڕۆژێک مـانەوەم لە لەندەن پێوەندیم بە کۆمـپـانیـای فۆردەوە کرد و لە ڕۆژی دیاریکراودا سـەعدیی برام و عـارف مـحـەمـەد عـەلیشم یاوەر بوون و چووینە شـاری داگنهـام لە ڕۆژهـەڵاتی لەندەن، ئەو شـارە نزیک دەریایە و کـارگـەکـانی کـۆمـپـانیـای فۆردی تێـدابوو، ڕۆژێکی تەواو بەنـاو کـارگـەکـانـی گـەڕاین، چۆنیـەتی دروسـتکردنـی ئۆتۆمـۆبیلـەکـانمان بینی ڕۆژانە، ئەو کۆمپـانیایە (١٦٠٠) ئۆتۆمـۆبیلی قـەبارە جیـاجیـا و (٤٠٠)

تراکتۆر و دەڕاسەی فوردسنی بەرهەم دەهێنا، سەرم سوڕما لەو شێوازە نوێیە و بەنیسبەت ئێمەوە شتێکی نامۆ بوو، ئاسنی تواوە لە کوورە دەردەهێنرا و دەخرایە ناو قاڵبی تایبەتەوە و هەر پارچەیەک بەسەر سکەیەکی ڕاستدا تێ دەپەڕی و پاشان پارچەی تری پێوە دەلکێنراو پاش ماوەیەک شێوەی ئۆتۆمبیلی وەردەگرت، بۆیاخ دەکرا و شوفێری تایبەت دەیئاژۆت.

لە چێشتخانەی کۆمپانیادا نانی نیوەڕۆمان خوارد و پاشان باسی وەکالەی گشتی لە عێراقدا هاتە گۆڕێ، دوای چەند کۆبوونەوەیەک بڕیار درا چاوەڕێی بازرگانە عێراقییەکە بکەین، لەو کەین و بەینەدا شۆڕشی (١٤)ی تەمووزی (١٩٥٨) قەوما، کۆمپانیای فۆردو بازرگانە عێراقییەکە پاشگەز بوونەوە، دوای گەڕانەوەم بۆ عێراق، سەرەڕای پشێویی باری ئابووری، کاروباری ئێمە لە نووسینگە بازرگانییەکەماندا ئاسایی بەڕێوە دەچوو تا ساڵی (١٩٦٣) کە پێوەندیم بە شۆڕشەوە کرد و حکوومەت نووسینگە و کەلوپەلەکانی بەتاڵان برد.

* لە نیسانی (١٩٥٨) خەلیل کنە[٢] سەردانی هەولێری کرد و نیوەڕۆ خوانێکی گەورەی بۆ ساز درا کە بووە مایەی دڵگرانیی پارتی دیموکراتی کوردستان و سەعید قەزاز، ئەمە چۆن ڕووی دا؟

- وەک پێشتر باسم کرد، ئێمەی وەفدی پارێزەرانی هەولێر ساڵی (١٩٥٦) بۆ خستنەڕووی گیروگرفتەکانی شاری هەولێر سەردانی بەغدامان کرد، خەلیل کنە زۆر برادەری زەید ئەحمەد عوسمان بوو، ئەو ڕۆژە کنە زۆر یارمەتیی داین، لە عەسرێکی ڕۆژێکی زستانی (١٩٥٨) چوومە ماڵی زەید و خەلیل کنەش هات، دوای چا خواردنەوە کنە داوای لە زەید و من کرد کە دوای دوو ڕۆژ ئێوارە خوانێکمان بۆ سازب دات، لە رۆژی دیاریکراو لە ماڵەکەی خۆیدا چووین و شتەکە زۆر ئاسایی بوو.

نیسانی (١٩٥٨) کنە هاتە هەولێر، لە هوتێل سەلاحەدین سەردانم کرد و بۆ نیوەڕۆ خوانێک داوەتم کرد، داوەتەکە لە دووگردکان ساز درا، دنیا بەهار بوو، ڕەشمالٌ هەلٌدران، ژمارەیەکی زۆر لە خەلٌکی هەولێر و عەشایەر و بەرپرسان ئامادەبوون کە نزیکەی سەد کەس دەبوون لەمانە خالید نەقشبەندی[٣] موتەسەرِیف، ئەو ڕۆژانە هەلٌبژاردنی نوێنەرانی ئەنجومەن لە ئارادابوو، هەر ئەو ڕۆژە ڕاگەیەنرا کە زەید ئەحمەد عوسمان وەک نوێنەری شاری هەولێر کورسییەکی لە ئەنجوومەن بەدەست هێناوە، ئەو زیافەتە بووە مایەی ڕێز و سوپاسی کنە و لە هەولێریش دەنگی دایەوە، هەندێک لە برادەرانم بەتایبەتی پارتییەکان سەرزەنشتیان کردم بەو هەنجەتەی کە خەلیل کنە لە کۆلٌەگەکانی ڕژێمی پاشایەتییە و دوژمنی حزبە، مەسەلەکەم بۆ ڕوون کردنەوە کە ئەمە شەخسییە و وەک نەریتێکی کوردەوارییانە کابرا لە بەغدا داوەتی کردووم و منیش لێرە داوەتم کردووە و مەسەلەکە پێوەندیی بەسیاسەتەوە نییە، سەعید قەزازیش سەرزەنشتی کردم، قەزاز ئەوکاتە لەگەلٌ کنە زۆر ناکۆک بوو، لە هەمان کاتدا زۆر دۆستی کاک ئەحمەد و بنەمالٌەی ئێمە بوو، مەسەلەکەم بۆ ئەویش ڕوون کردەوە.

لەو ڕۆژەوە سەعید قەزازم نەدیتەوە تا ڕۆژی دادگاییکردنی کە لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆن پەخش دەکرا، زۆر ئازایانە بەرگریی لەخۆ دەکرد تا حوکمی لەسێدارەدانیان بۆ دەرکرد، خەلیل کنەش لە ڕۆماوە بە پۆستە نامەیەکم بۆ نارد، دوایی خەبەری نارد کە بەدەستی گەیشتووە.

دوای تێپەڕبوونی سالٌێک بەسەر شۆرشی (١٤)ی تەمووزی (١٩٥٨) حوکمی لە سێدارەدان بەسەر سەعید قەزازدا جێبەجێ کرا، چوومە پرسەکەی کە لە مالٌی یەکێک لە خزمەکانی لە ناوچەی عەلەویەی بەغدا بۆی دانرابوو، ڕۆژێکیان دوای عەسر چوومە نەخۆشخانەی سەربازیی ڕەشید، ئەنوەری برام ئەوکاتە لەوێ پزیشکی یەدەگ بوو، وارێک کەوت ئەو ڕۆژە ئەفسەری پزیشکی ئێشکگر بوو، لەوێ پێی وتم کە هەریەک لە ئەحمەد موختار بابانی دوا سەرۆک وەزیرانی سەردەمی مەلەکی و خەلیل کنە و بورهانەدین باش ئەعیان

و فـەریقی ڕوکن ڕەفـیق عـارف، سـەرۆکی پێـشـووی ئەرکـانی سـوپا، وا لە نەخـۆشخـانەن و چارەسـەرییان بـۆ دەکرێت و ئەو حـوکـمی لەسێـدارەدان و بەندییەی کە بۆیان دەرچووە سووک کراوە، ئەنوەر پێی وتم ئەگەر حەز دەکەی دەتوانم بتـبـەم بۆ لایان، لەبەرئەوەی ئەحـمـەد مـوخـتـار بابان و خـەلیل کنە برادەرم بوون بۆیە حەزم کرد بچمە لایان، ئەنوەر سەدرییەیەکی دوکتۆرانی بۆ هێنام تـا واپیـشـان بـدەم چارەسـەریان دەکـەم، ڕۆژی پێـشـتـر عـەقـیـدی ڕوکن ساڵح مەهدی سامـەڕایی لە ڕۆژی ئێشکگریی ئەنوەری برام لە بەندیخانە ڕای کردبوو بـۆیە ئینزیباتێکی عـەسکەرییان لەبەر دەرگە دانابوو، کە چوومە لایان هەمـوویان لـە ژوورێک کـۆکـرابوونەوە کـە تەنیـا جـێگەی دوو کـەسی تێـدا دەبووەوە، دوای سـڵاو و چاک و چۆنی دانیـشـتـم و ئەحـمـەد مـوخـتـار بابان چۆنیـەتی ڕاکردنی سـامـەڕاییی بۆ گـێڕامـەوە کـە چۆن دوایی پاسـەوانەکان ویستوویانە لەو تۆڵەیە ئەزیەتیان بدەن، بەڵام ئـەنوەری برام فریایان کەوتووە، بابـان وتی (ئەنـوەری برات وەک فـریشـتــە دابەزی و لەو هـەڵویسـتــە گـرانە ڕزگاری کردین)، دە دەقـیـقـەیەک لەلایان دانیـشـتـم هەسـتم کرد ئینزیبـاتەکە قەڵس دەبێت، بۆیە جێم هێشتن، جارێکی تر خەلیل کنەم نەبینییـەوە تا ساڵی (١٩٦٧) لە پرسـەی قـونسـوڵی ئێـرانی لـە باڵیـۆزخـانەی ئێـران لە بەغـدا بینیمەوە.

بەهۆی مەحموود بابانی خزمیەوە، ناسیاویم لەگەڵ ئەحمەد موختار بابانی دوا سـەرۆک وەزیرانی سـەردەمی مـەلەکی پـەیدا کـرد، موختـار بابان پیـاوێکی کراوە و زیرەک و خـۆڕاگربوو، چەندان پلەو پایەی بینیـوە لەمـانە... وەزارەتی داد و سـەرۆکی دیوانی مـەلەکی و سـەرۆک وەزیران، لە کـارەکانیدا سـەرکەوتوو بوو بەگوێرەی یاسا کاری دەکرد و زۆر دەستپاک بوو.

لە بـەراییی سـاڵی (١٩٥٩)، دوای دەرچوونی حــوکـمی لەســێـدارەدان بۆ ئەحـمـەد مـوخـتـار بابان لەلایەن دادگـای باڵای سـەربازیی تایبـەتەوە، ڕۆژێک تووشی هـەریەک لە کەمال شـێخ قـادری بەڕێوەبەری ئەوراق لە وەزارەتی داد و دوکتـۆر موزەفەر مـەدحەت زەهاوی لە نووسینگەی یەکەمی وەزارەت هـاتم، ئەو

دووانە خـزمی دووری بابان بـوون و برادەرم بوون، حـەزیان لێ بوو بچنە لای مستەفا بارزانی و تکای لێ بکەن کە بە عەبدولکەریم قاسم بڵێت حوکمـەکەی بابان سـووک بکات، بیـرۆکـەکـەم پـێ باش بـوو، دوای دوو سێ ڕۆژ لـە نووسینگەکەی خۆیدا سەردانی کەماڵم کرد و وتی بارزانیمان بینیوە و بەڵێنی داوە هەمـوو توانای خۆی بەکار بێنێ، پاشان زانیمەوە بارزانی قسەی لـەگەڵ قاسم کـردووە و قـاسـمیش بەڵێنی خـێری پێ داوە، دوای چەند سـاڵێک ئەو سـەربوردەیەم بۆ بـارزانی گـێـڕایەوە و وتی عـەبدولکەریم قـاسم بەڵێنی دا حوکمـەکە سووک بکات، ئەحـمەد مـوختـار بابان لە (٢٤)ی تشرینی یەکەمی ساڵی (١٩٧٦) لە سویسرا کۆچی دوایی کرد و دوای خۆی خـانوویەکی سادە و تاکە کچێکی بەناوی (سەراب) جێ هێشت.

* پێش شـۆڕشی (١٤)ی تـەمـووزی (١٩٥٨) و دواییش خـالیـد نەقشبەندیت ناسی، یادەوەریت لەگەڵ ئەودا چییە؟

– خوالێخۆشبوو خالید نەقشبەندی سەر بەشێخانی بامەڕنیی قەزای ئامـێدییـە، خـێـزانێکی ناسـراون و لای خـەڵکی نـاوچەکـە ڕێزلێگیـراون، نەقشبەندی لە ئەفسەرانی ئەرکانی سوپا بوو و لە ئەفسەرە باشەکان بوو، کـارگوزاری خـۆی بۆ بواری مـەدەنی گـواسـتبـووەوە وەک ئەفسـەرانـی تر لە نموونەی عەبدولا محەمەد عەلی و فەوزی سائیب، لە کۆتاییی سـاڵی (١٩٥٦) نەقشـبەندی کرا بـە موتەسـەڕیفی هەولێر و دوای دەستـبەکاربوونی ساڵح حـەسـەن خـۆشناو[٤] وەک بەڕێوەبەری پۆلیس بۆ هەولێـر گـواسـتـرایەوە و برادەری نەقشـبەندیش بوو، سـاڵح خۆشناو برادەری کـاک ئەحـمەدیش بوو و بەو هۆیەوە پێوەندیمان لەگەڵ نەقشبەندی پتەوتر بوو.

نەقشبەندی ئۆتۆمۆبیلی تایبەتی خۆی نەبوو، ئەو دەمە یاسا ڕێگەی نەدەدا موتەسەڕیف یان وەزیر یان هەر فەرمانبەرێک ئۆتۆمۆبیلی تایبەت بە دەوڵەت بکات بە مـوڵکی خـۆی یان بەکـاری بێنی وەک باسم کـرد ئەوکاتە وەکـالەتی کـۆمـپـانیـای فـۆردم هەبوو، ڕۆژێک باسی نرخی ئۆتۆمـۆبیل و چۆنیـەتیی

وەرگرتنی کرد، ئەوکاتە پارەشی لەدەست نەبوو، داوای لە وەزارەتی ناوەخۆ کرد سولفەیەکی هەزار دیناریی بدەنێ و مانگانە بەقیست لێی بگێڕنەوە، ئەو بڕە پارەیە بەس نەبوو بۆ نرخی ئۆتۆمۆبیلەکە کە بایی هەزار و سێ سەد دینار بوو، هەندێک داشکاندنمان بۆ کردو ئۆتۆمۆبیلەکەی بەناو کرا.

لە دیوانی موتەسەڕیفیەت سەردانی نەقشبەندیم دەکرد، بۆ ئێمەی پارێزەر ئەو سەردانانە ئاسایی بوون، جارجار لە ماڵەوەش دەچوومە لای، نەقشبەندی سەردانی یانەکانی دەکرد کە ئەو دەمە لە هەولێر چەند یانەیەک بوون لەمانە یانەی جەنگاوەرە کۆنەکان و پارێزەران و عەسکەری، زۆر حەزی لە یاریی کۆنکان و پۆکەر بوو، ئەگەر بیبردباوە پارەکەی دەدایەوە، حەزی لە پارەی قومار نەبوو، پیاوێکی ڕێک و خاوێن بوو.

کاتێک لە کۆتاییی حوزەیرانی (١٩٥٨) سەردانی بەریتانیام کرد، و ڕێک کەوت شاندێکی کارگێڕی لە بەریتانیا بوون و نەقشبەندیشیان لەگەڵدا بوو، کە ئیشوکاری شاندەکە تەواو بوو نەقشبەندی چەند ڕۆژێک ئیقامەکەی تازە کردەوە، سەردانی چەندان مۆزەخانە و شوێنی بازرگانی و سینەمامان کرد، سەعدیی برام ڕێ پیشاندەرمان بوو، چوار پێنج ڕۆژ بەر لە شۆڕشی (١٤)ی تەمووز نەقشبەندی گەڕایەوە بەغدا، کە شۆڕش قەوما من لە لەندەن بووم و لەوێ زانیم کە نەقشبەندی کراوە بە ئەندامی ئەنجوومەنی سیادەت و زۆر کەیفم پێ هات، پاشان هەر جارێک لە هەولێرەوە بچوومایەتە بەغدا لە ماڵەکەی خۆیدا سەردانم دەکرد، لەو خانووەی کە پێشتر خوالێخۆشبوو سەعید قەزاز تێیدا نیشتەجێ بوو.

دیدارەکانمان زیاتر شەخسی بوو، هەستم کرد لە هەڵسوکەوتی هەندێک لە بەرپرسان بێزارە، بەڵام لەو پیاوانە نەبوو کە ڕای بگەیەنێت یان هەڵوێست وەربگرێت، نەقشبەندی پێوەندییەکی باشی لەگەڵ بارزانی هەبوو، بارزانی کە لە ١٩٥٨/١٠/٦ گەڕایەوە عێراق سەردانی ئەنجوومەنی سیادەتی کرد، هەروەها نەقشبەندیش لە شوێنی دانیشتنی تایبەتی بارزانیدا چەند جارێک سەردانی کرد. دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی (١١) ئەیلوولی (١٩٦١) لە

کـوردسـتـان چاوم بە نەقـشـبـەندی کـەوتەوە، ئـەوکـاتە کـاک ئەحـمـەدی برام گیـرابوو و بردبوویانە بەندیخانەی بـەسرە، نەقشـبەندی لە بارودۆخـی سـیاسـی زۆر بێزار بوو و بـۆ ئازادکردنی کاک ئەحـمەد پێـوەندیی بە لیوا ڕوکن ئەحـمەد سـالْـح عـەبدی دادوەری گشـتـیی سـەربازییـەوە کـرد، بەڵام هـەوڵەکـەی سـەری نەگـرت تا عــەبدولکەریم قـاسم لە سـەرەتـای سـاڵـی (١٩٦٢) لێــبـووردنێکی گشـتـیی دەرکـرد، ئەمـە دواجـار بوو نەقـشـبـەندی ببـینم و لە ١٩٦١/١١/١٧ کۆچی دوایی کرد، خوالێی خۆش بێت.

پەراوێزەکان

١- دارا تۆفیق: کەسایەتییەکی ناسراوی کوردە، ساڵی (١٩٣٢) لە سلێمانی هاتووەتە دنیاوە، خوێندنی سەرەتایی و دواناوەندیی لەوێ و لە هەولێر تەواو کردووە، لە کۆلێژی ئەندازە لە بەغدا وەرگیراوە، بەڵام بەهۆی چالاکیی سیاسییەوە فەسڵ کراوە، چووەتە بەریتانیا و کۆلێژی ئەندازەی لەوێ تەواو کردووە و بووەتە ئەندازیار، ساڵی (١٩٦٣) پێوەندیی بەڕیزەکانی شۆڕشی کوردەوە کردووە و یەکێک بوو لە ئەندامانی شاندی کوردی لە (١١)ی ئاداری (١٩٧٠)، پاشان بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵبژێردراوە و دوایی بووەتە سەرنووسەری ڕۆژنامەی- التآخي-، لە (١١)ی ئاداری (١٩٧٤) دووبارە پێوەندیی بە شۆڕشەوە کردەوە و دوای نسکۆ لە ئاداری (١٩٧٥) چووەتە ئێران و پاشان گەڕاوەتەوە عێراق و کراوە بە بەڕێوەبەری شارەوانی کووت و دواییش بەڕێوەبەری گشتیی دامەزراوی گواستنەوەی ڕووباران، لە ١٩٨٠/١١/٥ لە کاتێکدا بۆ دەوام دەچوو شوێ بزر کرا.

٢- خەلیل کنە: سیاسەتمەدارێکی ناسراوی عێراقییە، ساڵی (١٩١٠) لە فەلووجە هاتووەتە دنیاوە، خوێندنی سەرەتایی و دواناوەندی لە زانکۆی ئەمەریکی لە بەیروت تەواو کردووە و ساڵی (١٩٣٢) کۆلێژی مافی لە عێراق تەواو کردووە، چەندان وەزیفەی جیاجیای بینیوە و بەهۆی چالاکیی سیاسییەوە خراوەتە بەندیخانەوە و یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی حزبی ئیستیقلال، دوای ئەوەی لەو حزبە کشایەوە خۆی لەگەڵ ڕێژیمی مەلەکی گونجاند و لەو ماوەیەدا پۆستی هەردوو وەزارەتی پەروەردە و دارایی وەرگرتووە و پاشان بەسەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران هەڵبژێردراوە تا لە (١٤)ی تەمووزی (١٩٥٨) خراوەتە بەندیخانەوە، دوای ئازادبوونی چەند ساڵێک لە بەیروت ژیاوە و کتێبە بەناوبانگەکەی (العراق أمسه وغده) لەوێ نووسیوە، ساڵی (١٩٩٥) لە بەغدا کۆچی دوایی کردووە.

٣- خالید نەقشبەندی کەسایەتییەکی ناسراوی کوردە، ساڵی (١٩١٦) لە ئامێدی هاتووەتە دنیاوە، سەرەتایی لەوێ و دواناوەندیشی لە بەغدا تەواو کردووە و پاشان چووەتە کۆلێژی سەربازی و لە (١٩٣٧) دەرچووە، ساڵی (١٩٤٠) کۆلێژی

ئەرکـانی تەواو کـردووە، بەچەندان پلەی سـەربازیدا تێ پەڕیوە تا گـەیشـتـووەتە پلەی عـەقـیـد ڕوکن، سـاڵی (١٩٥٢) بواری سـەربازی جێ هێشـتـووە و هـاتووەتە بواری خزمەتی مەدەنییەوە، قایمقامی کۆیە و ڕانیە و هەڵەبجە بووە، تا شۆڕشی (١٤)ی تەمووز موتەسەڕیفی هەولێر بووە و پاشان بووە بە ئەندامی ئەنجوومەنی سیادەت.

٤- سـاڵح حـەسـەن خـۆشناو: لە ئەفسـەرە نـاسـراوەکانی پۆلیسـە، سـاڵی (١٩١٦) لە شـەقـڵاوە هـاتووەتە دنیـاوە، سـەرەتایی لەوێ و دواناوەندیی لە هەولێـر تەواو کردووە، ئامـادەیی پۆلیسی لە بەغدا بە پلەی مفـەوەزی پۆلیس تەواو کردووە و پاشـان چووەتە خولی ئەفسـەرە باڵاکان و پلەی مولازمی وەرگرتووە و ئینجـا پلە پلە بەرز کراوەتەوە، سـاڵی (١٩٥٦) کراوە بە بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر و دوای (١٤)ی تەمـووز کـراوە بە بەڕێوەبەری پـۆلیـسـی بـادیە و پـاشـان بەڕێوەبەری پۆلیسی حللە، سـاڵی (١٩٦٨) خـانەنشـین دەکرێت بە پلەی عـەمـیـدی پۆلیس، لە بەغـدا جـێنشـین دەبێت، لە سـاڵی (٢٠٠٠) کـۆچـی دوایی دەکـات و لە هـەولێـر بەخاک دەسپێردرێت.

## شۆڕشی (١٤)ی تەمووزی ساڵی (١٩٥٨)

* پێوەندییەکی تەلەفۆنی لە نێوان عەبدولکەریم قاسم و باڵیۆزخانەی عێراق لە لەندەن لە ساتەکانی بەراییی شۆڕشدا.
* دیدار لەگەڵ هاوسەری قازی محەمەد لە میۆنیخ و قسەکردن دەربارەی دوارۆژەکانی کۆماری مەهاباد.
* دوای ئازادکردنی لە بەندیخانە، شێخ ئەحمەد بارزانی سەردانی هەولێر دەکات.
* دیداری بارزانی لەگەڵ ئەو کەسانەی کە بۆ یەکێتیی سۆڤیەت یاوەری بوون.

* له كاتی بەرپابوونی شۆڕشی (١٤)ی تەمووزی (١٩٥٨)دا تۆ له لەندەن بوویت، خەبەرەكەت چۆن پێ گەیشت و چۆنیش ڕۆژانی بەراییی شۆڕشت چاودێری دەكرد؟

– پێش هەموو شتێك، كه دەڵێین شۆڕشی (١٤)ی تەمووز له ڕاستیدا كودەتایەكی سەربازی بوو نەك شۆڕش، كۆمەڵه ئەفسەرێكی سوپا به زەبری چەك و هێزی سەربازی ڕێژیمی فەرمانڕەواییيان گۆڕی، وەك هەموو جۆره كودەتاكان ئەمەشیان ناو نا شۆڕش سەرەڕای جیاوازیی ئەنجام و ئامانجەكانی، دەمێكه وا ڕۆیشتووه و به شۆڕش ناو نراوه، زۆر لەو كودەتایانه به شۆڕش ناو دەبردرێن، بەڵام له ڕاستیدا كودەتای سەربازین وەك (٢٣)ی یۆلیۆی (١٩٥٣) له میسر، (١٤)ی تەمووزی (١٩٥٨)و (٨)ی شوباتی (١٩٦٣) و (١٧و٣٠)ی تەمووز له عێراق و (٨)ی ئاداری (١٩٦٣) له سووریا، شۆڕشی ڕاستەقینه شۆڕشی ئیسلامی بوو له ئێران له شوباتی (١٩٧٩) هەروەها شۆڕشی ڕۆمانیا كه چاوچیسكۆی لادا، ڕاپەڕینی میللی له عێراق و كوردستان له ئاداری (١٩٩١)، شۆڕشی گەلی یۆگسلاڤیا.

ئەمه چیرۆكێكی درێژه، وەك باسم كرد ئەوكاته له لەندەن بووم، لەگەڵ زۆرانی تر لەو باوەڕەدا بووم هیچ گۆڕانكارییەك له عێراقدا ڕوو نەدات

هەرچەندە بارودۆخێکی ڕێخۆشکەر هاتبووە پێش وەک شۆڕشی (٢٣)ی یۆلیۆ لە میسر و خراپی بارودۆخی سیاسییش لە ناوچەکەدا، ئەوانەی پێشبینیی بەرپابوونی شۆڕشیان لە عێراقدا دەکرد لەو باوەڕەدا نەبوون وا بەزوویی ڕوو بدات، سپێدەی (١٤)ی تەمموزی (١٩٥٨) زەنگی تەلەفۆن لێی دا، شوێنی حەوانەوەم شوقەی ژمارە (١٠٤) لە شەقامی ئیبری نزیک وێستگەی ڤیکتۆریا بوو، کە تەلەفۆنەکەم بەگوێمەوە نا دەنگی مستەر (گود)م ناسییەوە، ئەو مستەرە پێناوی نێوان من و کۆمپانیای فۆرد بوو هەروەها برادەری ئەو بازرگانە عێراقییە بوو کە بەڵێنی دابوومێ لە وەکالەتی کۆمپانیای ناوبراو لە عێراقدا بەشدارم بکات، مستەر گود وتی شتێکی ناسروشتی لە عێراقدا ڕووی داوە پێ دەچێت کودەتایەکی سەربازی بێت.

ئەوکاتە، بارودۆخ لە لوبنان شڵەژابوو، کەشتیگەلی شەشەمی ئەمریکی هێزەکانی لە لێواری بەیرووت دابەزاندبوو، نێوانی سەرۆک کەمیل شەمعون و حزبە لوبنانییەکان خراپ بوو، لەو باوەڕەدا بووم ئەو بەزمە لە لوبنان بێت، بەڵام مستەر گود دووپاتی کردەوە کە لە عێراقدا شتێک ڕووی داوە، سەعدیی برام و عارف محەمەد عەلیم بەخەبەر هێنا، ئەو شەوە لای من نووستبوون، خۆمان گۆڕی و هاتینە خوارەوە، بەڕێگەوە سەیری ناوونیشانی هەندێک ڕۆژنامەی بەریتانیمان کرد کە ئاماژەیان بەوە دابوو کودەتایەکی سەربازی لە عێراقدا بووە، ڕوومان لەو ئوتێلە کرد کە کاکە حەمەی خانەقای تێدا نیشتەجێ بوو، کاکەحەمە نوێنەری لیوای کەرکووک بوو، لەگەڵ وەفدێکی پەرلەمانی عێراقی هاتبوونە لەندەن و لەوێوە بەرەو ئەرژەنتین یان بەرازیل دەچوون، بۆ بەشداریکردن لە کۆنگرەی نێودەوڵەتی پەرلەمانانی جیهان، کاکە حەمەشمان بەخەبەرهێنا و چووینە باڵیۆزخانەی عێراق، کاکە حەمە برادەری عەقید ڕوکن عەبدولقادر فایەقی[1] هەولێری مولحەقی سەربازی باڵیۆزخانەکە بوو کە منیش دەمناسی، لەوێ دکتۆر زیاد جەعفەری وەزیری ئابووری عێراقمان بینی کە دەموچاوی زۆر گرژ بوو، کە چووینە نووسینگەی مولحەقی عەسکەری، بینیمان وەڵامی تەلەفۆن دەداتەوە، ئەو کاتە لە لەندەن نیوەڕۆ بوو

و له بەغداش سەعات (٣)ی پاش نیوەڕۆ بوو، زەنگێکی تەلەفۆن لێی دا، هەستمان کرد دەنگەکە لە شوێنێکی دوورەوە دێت و خاوەنی ئەو دەنگەش مولحەقی عەسکەری دەناسێت، پاشان زانیم ئەو کەسە عەبدولکەریم قاسمە و داوای لە مولحەقی عەسکەری کردووە کە بەدەسەڵاتدارانی بەریتانیا ڕابگەیەنێت کە ئەو شۆڕشە دژ بەوان نییە و بەهیچ جۆرێک نیگەران نەبن، لە تەلەفۆنکردن و هەڵسوکەوتی مولحەقی عەسکەریش هەستم بەوە کرد کە لایەنگری شۆڕشە و عەبدولکەریم قاسمیش باش دەناسێت.

ئەوکاتە باڵیۆزی عێراق میر زەید حوسێن لە بەریتانیا نەبوو و بەسەفەر چووبووە ئیتاڵیا، مولحەقی عەسکەریش، تاریق عەسکەری، کوڕی جەعفەر عەسکەری بوو (جەعفەر ساڵی (١٩٣٦) لە کودەتای فەریق بەکر سدقیدا کوژرا)، عەقید ڕوکن عەبدولقادر فایەق، یاریدەدەری مولحەقی عەسکەری بوو، بە فیعلی مولحەق بوو، تاریق عەسکەری تەنیا شکڵی بوو.

لە شوباتی (١٩٩٩) بە سەرۆکایەتیی وەفدێک کە بەڕێزان عەلی سنجاری و دڵشاد میرانیشم لەگەڵدا بوو، سەردانی میر ڕەعدی کوڕی زەید بن حوسێنم کرد لە ئوردن، ئێمە بۆ پێشکێشکردنی پرسەنامە لەجیاتی بەڕێز مەسعوود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان بەبۆنەی کۆچی دوایی مەلیک حوسێن چووبووینە عەمان، میر ڕەعد بۆی گێڕاینەوە کە ڕۆژی (١٤)ی تەمووز لەگەڵ باوکیدا لە ئیتاڵیا بوون، باوکی پارەوپوولێکی ئەوتۆی لە بن دەستدا نەبوو کە شوێنێکی گونجاو بۆ ماڵ و منداڵەکەی بدۆزێتەوە، بەڵام مەلیک حوسێن مێوانداری کردن و پاشان خانوو و بژێوی بۆ دەستەبەرکردن.

لە باڵیۆزخانەی عێراق هاتینە دەرەوە و چووینە لای پارێزەر محەمەد بابان لە شوقەیەک کە هەر سەد مەترێک لە باڵیۆزخانەوە دوور بوو، یەکێک لە نوێنەرانی پەرلەمانی عێراقی کە لەگەڵ وەفدەکەدا بوو، ئەویش هاتە لای محەمەد بابان، محەمەد بابان لە چارەنووسی مەحموود بابانی برای کە وەزیر بوو زۆر نیگەران بوو، نوێنەرەکە هێرشی کردە سەر مەحموود بابان و ڕژێمی مەلەکی و خۆی وەک نیشتمانپەروەر پیشاندا، کاکە حەمەی خانەقا لە دەمی

دایەوە و تێی گەیاند کە هەردووکیان ئەندامن لە وەفدێکی عێراقی و لەسەر حسێبی دەوڵەت هاتوونەتە بەریتانیا و تا دوێنێ دڵسۆزترین کەسی ڕژێمی مەلەکی بوون و چۆن وا بەخێرایی هەڵوێستی گۆڕا؟ پاش ماوەیەک شوقەکەمان جێ هێشت، ئێوارەی هەمان ڕۆژ قوتابیانی عێراق بۆ پاڵپشتی شۆڕش کۆبوونەوە.

رۆژی (١٥)ی تەمووزی (١٩٥٨) چوومەوە لای مولحەقی عەسکەری و پێی وتم کە شۆڕش سەرکەوتووە و هەموو شتێک تەواو بووە، هەر ئەوکاتەش ئەفسەرێک بە پلەی عەقیدی فڕۆکەوان هاتە لای مولحەق و دوایی زانیم ناوی سادق عەلییە و مولحەقی جەوییە، لەوێ زانیم کە خالید نەقشبەندی موتەسەڕیفی هەولێر بووەتە ئەندامی ئەنجومەنی سیادەی عێراق.

دوای دوو سێ ڕۆژ، باڵیۆزخانە کۆڕێکی بۆ عێراقییە دانیشتووەکانی بەریتانیا سازدا، عەقید ڕوکن عەبدولقادر فایەق و مولحەقی ڕۆشنبیری، دوکتۆر بەدیع شەریف زۆر بەهێوری و هاوسەنگانە قسەیان بۆ خەڵکەکە کرد و باسی سەرکەوتنی شۆڕش و ڕووخانی ڕژێمی مەلەکییان کرد، دوکتۆر محەمەد ساڵح بەیاتی کە بەڕێوەبەری هێڵی ئاسمانیی عێراق بوو لە لەندەن لەو کۆڕەدا زۆر سەرەڕۆیانە قسەی کرد، هەر لەو کۆڕەدا عەبدولڕەحمان بەزاز[٢] قسەی کرد و خۆشحاڵیی خۆی بە بەرپابوونی شۆڕش دەربڕی، عەبدولا نەقشبەندی[٣] کە قوتابیی دوکتۆرا بوو لە لەندەن لەگەڵ دوکتۆر حەسەن عەلی زەنونی مامۆستام لە کۆلێژی ماف لەو کۆڕەدا ئامادەبوون.

بەم جۆرە ڕۆژەکان بەسەردەچوون، کۆڕو کۆبوونەوە و خۆپیشاندان بۆ پاڵپشتیی شۆڕش ساز دەدران لە بەردەم باڵیۆزخانەی عێراقدا و هەروەها لە باخچەی هاید پارک، ئەو هەواڵانەی لە بەغدا دەگەیشتن و ورد و مەزبووت نەبوون، زانیمان شێخ ئەحمەد بارزانی لە بەندیخانە ئازاد کراوە و بە دەستپێشخەرییەکی خێرمان زانی.

تا ڕۆژی (١٠)ی ئابی (١٩٥٨) لە لەندەن مامەوە، پاشان چوومە برۆکسلی پایتەختی بەلجیکا کە پێشانگەیەکی بازرگانی و پیشەسازیی نێودەوڵەتی

تێیدا ساز درا بوو، چەند ڕۆژێکیش لەوێ مامەوە ئینجا چوومە میۆنیخی ئەڵمانیا، سەعدیی براشم بۆ بەشداریکردن لە کۆنگرەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد هاتبووە ئەوێ، پێشتر لە بەریتانیا کۆبوونەوەیەک بۆ ئەم مەبەستە سازدرا کە دوکتۆر کامەران بەدرخان تێیدا ئامادە بوو، یەکەم جار بوو دوکتۆر ببینم، یەکترمان ناسی و چەند ڕۆژێکمان بەسەربرد.

پێش سەفەری برۆکسل، لە دانیشتنێکدا لەگەڵ کۆمەڵە قوتابییەکی کورد کە هەندێکیان ئاوزەی خۆم بوون و هەندێکیشیان گەورەتر یان بچووکتر بوون.. بۆ یەکەم جار پرۆفیسۆری بەریتانی (مەکەنزی)[٤]م بینی، ئەوکاتە گەنج بوو و یەکترمان ناسی، لەوە سەرم سوڕما کە بەکوردییەکی ڕەوان و هەموو شێوەزارەکان قسەی دەکرد، لەگەڵ من بەجۆرێک دوا وەک بڵێی برایەکی مەسیحی عەنکاوەیی قسەم لەگەڵدا بکات، لێم پرسی چۆن وا بەشێوەزاری عەنکاوەییان قسە دەکات، لە وەڵامدا وتی: کۆتاییی ساڵی (١٩٥٤) لەهەولێر بووە، شەو لە ئامادەییی هەولێر نووستووە، پاسەوانی قوتابخانەکە خەڵکی عەنکاوە بووە، شەوانە هەقایەت و چیرۆکی بۆ گێڕاوەتەوە بۆیە بەشێوەزاری عەنکاوە کاریگەر بووە.

مەکەنزی بەشێوەزاری هەورامی و سلێمانییش قسەی دەکرد، لەو دانیشتنەدا لاوێکی بەریتانی یاوەری مەکەنزی بوو، هیچی دەربارەی زمانی کوردی نەدەزانی، لاوێکی زۆربڵێ بوو و بواری کەسی نەدەدا، لە پڕ مەکەنزی بەزمانێکی کوردیی ڕەوان و بەشێوەزاری سلێمانی کەوتە سەرزەنشتی کوڕەکە و لەبەر زۆربڵێیی قسەی پێ وت، ئێمەش قاقا پێ کەنین، لاوەکە پێی وتین مەکەنزی بەکوردی چیی وت؟ مەکەنزی دیسان بە کوردی پێی وتین (بۆ خاتری خوا ئەوەی وتم بۆی تەرجەمە مەکەن) دیسان پێ کەنین و لەوە سەرمان سوڕما کە بەریتانییەک چۆن وا دەتوانێت بەکوردی جنێو بدات، مەکەنزی ئێستا لە ژیاندایە و پرۆفیسۆری زمانی کوردییە و چەندان کتێبی لەم بارەیەوە نووسیوە.

لە نیوەی ئابی (١٩٥٨) گەیشتمە میۆنیخ، ئەو ڕۆژە کۆنگرەی کۆمەڵەی

خوێندكارانی كورد له ئەوروپا كۆتاییی هاتبوو، لەلای مەحموود كانەبی دزەیی ئامۆزام دابەزیم، مەحموود ژوورێكی له شوقەیەك بەكرێ گرتبوو كە خاوەنەكەی خاتوونێكی ئەڵمانی تەمەن پەنجا ساڵە بوو و ناوی كنوخ بوو، ژنێكی ڕووخۆش بوو، هەندێک وشەیی كوردیی بێزەوەر فێر بووبوو و لەگەڵ مەحموود قسەی پێ دەكرد، سەعدی براشم دوایی هاتە لامان، هەفتەیەك لەوێ ماینەوە، شتێك پارەمان دا بە كنوخ كە لە چاو كرێی ئوتێل و شوقەكان زۆر كەم بوو.

له قاوەخانەیەكی میۆنیخ كوڕی شەهید قازی محەمەدم ناسی، كە لەوێ دەیخوێند، زانیم مینا خانمی هاوسەری قازی بۆ سەردانی كوڕەكەی له ئێرانەوە هاتووەتە ئەلمانیا، بۆیە حەزم كرد بچمە لای، كوڕی قازی كە نازناوی (كوڕی ڕەش)ە و لە ئەسڵدا ناوی عەلییە بردمیە لای دایكی، سەعدیی برام و مەحموودی ئامۆزاشم یاوەرم بوون، زۆری بەخێرهێناین بەتایبەتی كە زانیی كوردی عێراقین، ئەو وەختە نەمانەدزانی ئاخۆ دوای شۆڕش بارزانی دەگەڕێتەوە عێراق یان نا، تا ئەو چركەیەش لە نێوان بارزانی و قاسمدا هیچ وتوێژێك لە ئارادا نەبوو.

میناخانم ڕۆڵی پاڵەوانانەی بارزانی و بارزانییەكانی لە بەرگریكردن لە كۆماری مەهاباد بەرز نرخاند و باسی دوا دیداری نێوان مستەفا بارزانی و قازی محەمەدی بۆ گێڕاینەوە دوای ڕووخانی كۆماری مەهاباد لە ساڵی (١٩٤٧)و وتی پێش هاتنی سوپای ئێران بۆ ناو مەهاباد بارزانی هاتە ماڵی قازی و پێی وت. خۆی تەسلیم نەكات و سوێندی بۆ خوارد تا دوا دڵۆپە خوێن بەرگری لە خۆی و لە ئاڵای كوردستان دەكات، قازی وەڵامی دایەوە ئێرانییەكان بەڵێنیان داوە ژیانی بپارێزن و لەبەر ژیانی خەڵكەكەش حەز ناكات لە مەهاباد بچێتە دەرەوە، بارزانی زۆری تكا لێ كرد كە باوەڕ بە بەڵێنی ئێرانییەكان نەكات، بەڵام بێ سوود بوو، دواجار باوەشیان بەیەكدا كرد و فرمێسك لە چاویان دەهاتە خوارەوە، لەو كاتەدا قازی محەمەد ئاڵای كوردستانی دایە دەست هەڤاڵی ڕێگەی تێكۆشانی (مستەفا بارزانی) و وتی،

ئەو ئالآیەت تەسلیم دەکەم و تکا دەکەم بیپارێزە، بارزانی ئالآیەکەی وەرگرت و پێش ئەوەی بڕوات ئەوەی لە ماڵەوە لە پەنیر و نان و خواردەمەنی شکمان دەبرد هەموویم دایە دەست یاوەرانی بارزانی و بۆ دواجار خواحافیزیمان لێکتر کرد.

ئەمە دەقی قسەکانی میناخانم بوو، شایدەکان هەر هەموویان ماون تەنیا خۆی نەبێت کە لە ساڵی (١٩٩٨) کۆچی دوایی کرد، کە هەواڵی مردنەکەیم زانی ویستم پێوەندیی بە کوڕەکەیەوە بکەم لە ئەڵمانیا، بەڵام دەستم نەکەوت، دوایی زانیم لە لەندەنە، پێوەندیم پێوە کرد و چوومە سەردانی و سەرەخۆشیم لێ کرد، پاشان پرسیی ئاخۆ ئەو قسانەی دایکیم لە بیر ماوە کە ساڵی (١٩٥٨) بۆی کردین؟ هەمان سەربوردەی گێڕایەوە، بەم جۆرە بارزانی ئالآیەکەی پاراست تا لە یەکێتیی سۆڤیەت گەڕایەوە و پاشان لە شۆڕشی (١١)ی ئەیلوولی (١٩٦١) و دواییش ئەمانەتەکەی تەسلیم بەمەسعوود بارزانیی کوڕی کرد و ئەمیش هەر لەسەر ئەو بەڵێن و پەیمانە بۆ خزمەتی کورد و کوردستان لە ڕێگەی خەبات بەردەوامە.

وەک باسم کرد هەفتەیەک لە میۆنیخ مامەوە، من و سەعدی بە ئوتۆمۆبیلی مەحموود چووین بۆ بەرلین، ئەوکاتە دیوار لە نێوان هەردوو وڵات دروست نەکرابوو، ڕۆژانە سەردانی بەری ڕۆژهەڵاتمان دەکرد، دواجار برادەرێکی تر کە چەپڕەو بوو و ناوی دارا ئەدیب بوو یاوەرمان بوو، لەوێ هەندێک شتی سادەمان کڕی کە نرخەکانیان لە چاو بەرلینی ڕۆژئاوا زۆر هەرزان بوو، لە ڕێگە پۆلیسی بەرلینی ڕۆژهەڵات ڕایان گرتین و وتیان نابێت هیچ شتێک لێرە بکڕن، چونکە لێرە دانەبەزیون، بە پۆلیسەکانم وت ئەو شتومەکانە هی منن، دەمویست هیچ گیروگرفتێک بۆ یاوەرەکانم دروست نەبێت، چونکە قوتابی بوون، لێکۆڵینەوەیەکی وردیان لەگەڵدا کردین و لێیان پرسیم چۆن توانیومە سەردانی ئەم شوێنانە بکەم و ئەم پارەیەم لە کوێ هێناوە و پارێزەرێک ئەم توانایەی لە کوێ بوو، ئەمە کاتێکی زۆری خایاند تا تێیان بگەیەنین کە پێوەندییە سیاسییەکان لە نێوان وڵاتانی ڕۆژهەڵات و عێراق دوای شۆڕشی

(١٤)ی تەمووزی گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بەڵام بەگرانی درکیان بەمە دەکرد، دوایی ئێمەیان بردە لای سێ کەس لە نووسینگەیەک وەک بڵێی دادگا بێت، داوای پارەیەکی زۆریان بەدراوی ڕۆژئاوایی لێ کردین، ئێمەش ڕازی نەبووین پوولێکیان بدەینێ، پارەکەیان تۆزێک کەم کردەوە، بەڵام ئێمە هەر ڕازی نەبووین، بڕیاریان دا شتومەکەکان گل بدەنەوە و دوای چەند ڕۆژێکی تر سەردانیان بکەینەوە، ئێمەش توانای چاوەنواڕیمان نەبوو، بۆیە جێمان هێشتن، ئەو شتە سادانە ئەوەندەی نەدەهێنا.

دوای چەند ڕۆژێک چوومە لای عومەری برا گچکەم کە لە ڤیەننا دەیخوێند، سەعدی و مەحموود لە میۆنیخ مانەوە، پاشان سەعدی بۆ خوێندن گەڕایەوە بەریتانیا، لە ڤیەننا چاوم بە مالیک عەبدولحەمید ئەلیاسری کەوت کە پێشتر دەمناسی و زۆر برادەری عومەریش بوو و لە ڤیەننا دەیخوێند، چەند ڕۆژێکی خۆشم بەسەربرد و سەردانی چەند شوێنێکی دێرین و گەشتوگوزاریم کرد.

لە سەرەتای ئەیلوولی (١٩٥٨) چوومە تورکیا، دوای هەفتەیەک مانەوە لە ئەستەنبۆل چوومە سەردانی ئەنوەری برام لە ئەنکەرە کە دوا ساڵی خوێندنی بوو لە کۆلێژی پزیشکی، لەوێ چاوم بە قوتابیانی کوردی عێراق و ژمارەیەک لە کوردی تورکیا کەوت کە برادەری ئەنوەر بوون و هەندێکیان ئەندام پەرلەمان و ئەندازیار و قوتابیی زانکۆ و ئەفسەری سوپا بوون، ئێوارەیەک داوەتی ماڵی خوالێخۆشبوو ئەندازیار شەوکەت چەلی قەنات بووین، ئەو شەوکەتە برادەری ئەنوەر و هەموومان بوو، هاوینی (١٩٥٣) هاتە کوردستان و چەند هەفتەیەک مایەوە و سەردانی دووگردکانیشی کرد، لە ماڵی شەوکەت بووین کە هەواڵی برووسکە گۆڕینەوەی نێوان بارزانی و عەبدولکەریم قاسم لە ئێزگەی بەغدا بڵاوکرایەوە و هاتنەوەی بارزانی بۆ عێراق نزیک بووەوە، ئێوارەخوانەکە بوو بە ئاهەنگی سەماو شایی و سروود خوێندنەوە، خاوەنی خانووەکە پیرەژنێک بوو کە خەسووی شەوکەت بوو، هەرچەندە بەهەواڵەکە و ئاهەنگەکەی ئێمە دڵشاد بوو، بەڵام نیشانەی نیگەرانی و حەسرەت بەدەموچاوییەوە دیاربوو، ویستمان بزانین هۆکاری ئەمە چییە! وتی لە

چارەنووس و پاشەڕۆژی ئێوە نیگەرانم و دەترسم وەک کوردی تورکیاتان لێ بێت، چونکە چوار دەورتان هەمووی دوژمنە، ویستمان دڵی بدەینەوە، بەڵام بێ سوود بوو، گومانەکەی پاشان ڕاست دەرچوو، پاش هەفتەیەک لەنیوەی ئەیلوولی (١٩٥٨) گەڕامەوە عێراق و سڵاوی برایانی کوردی تورکیام گەیاندە برا کوردەکانیان لە عێراق.

* دوای گەڕانەوەت بۆ عێراق، کەشوهەوای سیاسیی ئەو کاتەت چۆن بینی؟

– دوای گەڕانەوەم چەند ڕۆژێک لە بەغدا مامەوە، لەگەڵ شایلۆغان و ئاهەنگی شۆڕشی (١٤)ی تەمووزدا ژیام، هەرچەندە دوو مانگ بەسەر بەرپابوونی تێ پەڕیبوو، بینیم زۆر شت گۆڕاوە، کەشوهەوای ئازادی و دیموکراسی هەبوو، بەڵام جۆرێک لە ئاژاوە و شڵەژانی پێوە دیار بوو، ڕۆڵەکانی گەل خەریکی ڕێپێوان و خۆپیشاندان بوون و دروشم و لافیتەی جیاجیایان بەرز کردبووەوە، بەڵام بەلای خزمەتی جدی و گشتیدا نەدەچوون، هەر لایەنێکی سیاسی و حزبی هەوڵی دەدا دەسکەوتی حزبیی زیاتر وەدەست بێنێ، ڕۆژنامە حزبییەکان پاڵپشتیی ئەو لایەنەیان دەکرد و پشتیان لەویتر دەکرد، سەرەتای ململانێ و پێشبڕکێ و جیاوازیی شەریفانە لە نێوان حزبەکان و لایەنە سیاسییەکاندا بەدیارکەوت و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرەو زیادبوون دەچوو.

* هەر لەو کاتەی گەڕایتەوە عێراق، شێخ ئەحمەدی بارزانی لە بەندیخانە ئازاد کرا و چاوت پێی کەوت، یادەوەریت لەم بارەیەوە چییە؟

– زۆر شتم دەربارەی شێخ ئەحمەد و ڕۆڵی لە شۆڕشەکانی بارزان و سەرکردایەتیی ڕوحیی عەشیرەتدا بیستبوو، هەروەها هەندێک هەواڵم پێ دەگەیشت لەو کاتەی لە بەندیخانە بوو و بە لەسێدارەدان حوکم درابوو بەر لە

شـۆڕشـی (١٤)ی تـەمـووز چاوم پێـی بکەوێت، وەک باسم کـرد لـە سـەرەتای شـۆڕش لـە دەرەوەی عـێـراق بووم و هـەواڵی ئـازادبوونیم لـە دەرەوە بیـست لە ڕۆژی (١٩٥٨/٧/٢١) پاش ئەوەی (١٢) ساڵی لە زیندان بەسەربرد.

دوای گەڕانەوەم بۆ عێراق زانیم کە چ پێشوازییەکی گەورە لە شێخ کراوە و بووە مـایەی خۆشـحاڵیم، لە کـاک ئەحمەدی براشم بیست کە چەند تفەنگێکی بۆ پاسـەوانەکـانی شـێخ ناردووە. ڕۆژێکیـان لـە هەولێـر بووم زانیم کـە شـێخ ئەحـمـەد لـە بارزان هاتووەتـە هـەولێـر و بـەرەو بەغـدا دەچێت، بـۆ پشـوودان لەلایەن مـوتەسـەڕیفی هەولێـر مێـوانداری کـراوە، کـاک ئەحـمـەدی براشم لە هـەولێـر بوو، بـە یەکـەوە چـووینە یانـەی فـەرمـانبـەران کـە سـەد مـەترێک لە نووسینگە بازرگانییەکەمانەوە دووربوو، بینیمان شێخ و لیوا ڕوکن عەلائەدین مـەحمـوودی مـوتەسەڕیف لەسـەر کورسی لـە لێـواری حەوزەکە دانیشـتوون و خـەڵکێکی زۆر دەورەی داون، کـە بۆ سـڵاوکردن و بەخـێرهێنان چووینە لای و کـاتێک کاک ئـەحمـەد ناسییەوە، شـێخ ئەمری کرد کورسییەکی بۆ بێنن تا لە تەنیـشت خـۆیدا دابنیشـێ، کـاک ئەحـمـەد لای شـێخ پایەیەکی دیاری هـەبوو، چونکە هەڵوێستەکانی لە پێناو بارزان و یارمەتیدانی خانەوادە بارزانییە دوور خراوەکان لە ناوچەی دزەیییاتی، وێنەیەکی جوانی کاک ئەحمەدیان لای شێخ دروست کردبوو.

شێخ ئەحمـەد بارزانی پیاوێکی بەوەفا و خاوەن شەهامەت و خـێرخواز بوو، مـادە و پارە لای ئەو هـیچ قـیـمـەتیـان نـەبوو، حـەزی لە یارمـەتیـدانی خـەڵک بەتایبەتی هـەژاران دەکرد، یەکەم جار بوو کە شێخ ئەحمەد ببینم، لە قووڵاییی دڵـمـەوە خۆشم ویست، دنیایەک ڕێز و سـادەیی و پاکیم تێدا بەدی کرد، دوای پشـوودانێکی کورت لە هـەولێـر لەلایەن ئـامـادەبووانەوە بـەوپەڕی ڕێزەوە بەرەو بەغدا بەڕێ کرا. لە کۆتاییی سـاڵی (١٩٥٩)، لەگەڵ کـاک ئەحمـەد بۆ زیارەتی شـــێخ ئـەحـــمـــەد چووینە بـارزان، شـــەوێک لە حـــزووریدا مـــاینەوە، زۆری بەخـێـرهێنـاین، وەک وتم کـاک ئەحـمـەد لای شـێخ ئەحـمـەد پایەیـەکی دیاری هەبـوو، بۆیـە زۆر مکورِ بوو کـــە شـــوێنی حـــەوانەومـــان بـاش بێت و چاک

مـێـوانداری بكرێین، پرسـیـاری ئەوەی لە كـاک ئەحـمـەد كـرد ئاخـۆ ئەو بارزانییـانەی كـاتی خـۆی لای ئێـمـە بوون ناویان چی بوو، باری گـوزەرانیـان چۆن بوو؟ دیاربوو زۆربەیانی دەناسی و هەندێكیـان نـزیكی خـۆی بوون، وارێ كـەوت لەو شــەوەدا پیـاوێكی هـەژار لە هەولێـرەوە بۆ یارمـەتی هـاتبـووە لای، یەكسـەر شـێخ ئەحـمـەد بەشـێخ عوسـمـانی كـوڕی وت كـە دە دینـار بدەن بەو هەژارە و، دە دنیـار لەو زەمـانە پارەیەكی زۆر بوو، بەدیاركەوت كـە شـێخ هیـچ نرخێک بۆ پارە دانانێت.

لە مــانگی تشــرینی یەكـەمی (١٩٦٠)دا بارودۆخـەكـە تۆزێک شـڵــەژا، عەشیـرەتەكـانی دەوروبەری بارزان بەهانـدانی بەرپرسـانی حكـوومی هەندێک گوشـاریان خستـە سـەر شـێخ، وەک بەشداریكردنێک لای ئێمە و سـووككردنی باری قورسی سـەرشـانی بارزان، لەوكاتەدا كـاک ئەحمەدی برام ئۆتۆمۆبیلێكی پڕ لە خـواردەمـەنی و بڕێک پارەی نـارد، لـە كـاتـی گـەڕانەوەدا ئۆتۆمـۆبیلەكـە لە سـپیلک پـەكی كـەوت، یەكـێک لە هاوكـارانـی حكوومـەت لەو ناوە دەبێت و لە شـوفێرەكـە دەپرسێت كـە ئەم ئۆتۆمـۆبیلـە هی كێیـە؟ شـوفێـرەكـە دەڵێت هی ئەحــمــەد حــەمــەدەمین دزەییــیــە و لە بارزان دەگــەڕێتــەوە، بـۆ ڕۆژی دوایی حكوومـەت كـاک ئەحمـەد دەگرێت و سێ مـانگ بۆ ناسریەی باشووری عێـراق دوور دەخرێتەوە.

ئیتـر شێخ ئەحمـەدم نەدیتەوە تا سـەرەتای سـاڵی (١٩٦٥) لە ڕانیە چاوم پێ كەوتەوە، سـاڵ و نیوێک بوو، پێوەندیم بە شـۆڕشـەوە كردبوو، بارەگـای سـەرۆک مستـەفا بارزانی لە شـوێنێكی نزیک ڕانیـە بوو، ڕۆژێكیان بارزانی هاتە ڕانیـە و پێی ڕاگـەیاندین كـە شـێخ ئەحـمەد سـەردانی ئێرە دەكات، من بەخت یاوەرم بوو كە لەو شـوێنە ئامادەبم كە تەرخـان كـرابوو بۆ كـۆبوونـەوە و دیدارەكـانی بارزانـی، ئـەو دەمـە ئاگـربەست لە نێـوان سـەركـردایەتیی شـۆڕشـی كـورد و حكوومەتی عێراقدا هەبوو لە سەردەمی عەبدولسەلام محەمەد عارفدا.

حكوومـەت لەو باوەڕەدا بوو كە شـێخ ئەحمـەد گوشـار دەخاتە سـەر بارزانی بۆ ئەوەی دەسـبـەرداری مـافـەكـانی گـەلی كـورد ببێت، بۆیە یەكێک لە گـەورە

ئەفسەرانی سوپا کە ناوی عەمید ڕوکن عەزیز چەلەبی خەڵکی مووسڵ تەکلیف کرد، یاوەری شێخ بێت، ئەو ئەفسەرەیان ڕاسپارد کە بارزانی پڕۆژەکەی حکوومەت پەسند بکات ئەگەرچی شتێکی هەرە کەمی داواکارییەکانی تێدابوو.

دوای نیشتنەوەی فڕۆکەکە، میوانەکان چوونە ژووری پێشوازی، شێخ لە نێوانی مستەفا بارزانی و عەمیدی ڕوکن عەزیز چەلەبی دانیشت، هەر لەو مەجلیسەدا کاکە زیاد غەفووری (کە ڕێزێکی زۆری لەلای شێخ و بارزانیدا هەبوو) عەزیز ئاکرەیی و من ئامادەبووین، دوای چاک و چۆنی و بەخێرهێنان، شێخ ڕووی قسەی لە بارزانی کرد و بە کوردی پێی وت (مەلا مستەفا، ئەوە عەمید عەزیزە، منیان هێناوە تا پێت بڵێم کە حکوومەت جگە لە حوکمی زاتی ئامادەیە هەموو داواکارییەکان جێبەجێ بکات، ئێوەش ئازادن بۆ بەرژەوەندی میللەتەکەتان چ بەباش دەزانن بیکەن)، سەرم لە حیکمەت و شێوازی قسەکردنی شێخ سوڕما کە چەند بە تەنگ بەرژەوەندیی گەلەکەیەوە بوو، سەرەڕای ئەوەی کە ڕێزو پایەی لای هەموان و بەتایبەتی بارزانی زۆر بوو، بەڵام پایە ڕوحییەکەی و ڕێزەکەی نەکردە گوشار.

شێخ ئەحمەد لە کانوونی دووەمی ساڵی (١٩٦٩) کۆچی دوایی کرد، دنیا زستان بوو، بەفر شاخەکانی داپۆشیبوو، بەسواریی وڵاخ لەگەڵ برایان عەلی عەبدوڵا ئەندامی مەکتەبی سیاسی و شەمسەدین موفتی نوێنەری شۆڕش لە تاران و ئەسعەد خۆشەوی، یاوەری نزیکی بارزانی، لە ناوپردانەوە چووینە پرسەکەی شێخ لە بارزان.

ئەوەی شێخ ئەحمەدی بینیبێت، وەفاو شەهامەت و پاکژی تێدا بەدی کردووە، سەربوردەیەکم بیستووە کە ئەو سیفەتانە دووپات دەکاتەوە، جارێکیان فەرمانبەرێکی تەسویە یان تەسجیلی عەقار بە کۆمەڵێک ئەوراق و موستەنەداتەوە دەچێتە لای شێخ، شێخ دەپرسێ ئەمانە چین، فەرمانبەرەکە دەڵێت ئەمانە سەنەداتی پارچە زەویی ناوچەی بارزانن و بەناوی جەنابتان تۆمار کراوە، شێخ لە فەرمانبەرەکە توورە دەبێت و موستەنەدەکان دەدڕێنێت

و پێی دەڵێت ئەم زەوییانە موڵکی جووتیارانن و دەبێت بەناوی وانەوە بکرێن، زەوییەکان بەناوی جووتیارەکانەوە کران.

شێخ بایەخێکی زۆری بە ژینگە و سەوزایی و دارستان و تەنانەت باڵندە و ئاژەڵانیش دەدا، بە فرمانی ئەو بڕینەوەی دار و ڕاوی کەو و بزنەکێوی قەدەغە کرا، ئێستاش لە بارزان ئەمە پەیڕەو دەکرێت، بۆیە باڵندە و بزنەکێوی لەو دەڤەرەدا زۆرن، ئەگەر ئەمە لە هەموو کوردستاندا پەیڕەو بکرێت ئەوا سامانی سروشتیمان دەپارێزین و دەوروبەر و ژینگەمان خاوێن دەبێت.

کاتی چوونم بۆ پرسەی شێخ لە بارزان بەچاوی خۆم شتێکی زۆر سەیرم بینی، لە ناو گوند چاوم بە گورگێک کەوت کە زەنگوڵەیەکی بەملەوە بوو و لە ناو مەڕ و سەگەکاندا دەخولایەوە، کە پرسیارم کرد وتیان ئەو گورگە هی شێخ بووە و ماڵی کراوە، سەگەکانی ئاوایی دەگەڵی ڕاهاتوون.

کۆچی دوایی شێخ خەسارەتێک بوو کە قەرەبوو ناکرێتەوە، لە پرسەکەیدا ژن و پیاو و منداڵ خەم و پەژارە دای گرتبوون، خوا بیخاتە بەر دڵۆڤانی خۆی، پڕ بەمانای وشە، پیاوێکی مەزن بوو.

* چ یادەوەرییەکت دەربارەی گەڕانەوەی سەرۆک مستەفا بارزانی هەیە بۆ عێراق لە تشرینی یەکەمی ساڵی (١٩٥٨)؟

– پێشتر باسم کرد کە من لە نیوەی مانگی ئەیلوولی ساڵی (١٩٥٨) گەڕامەوە عێراق و چەند ڕۆژێک لە بەغدا مامەوە، سەردانی بارەگای پارتی دیموکراتی کوردستانم کرد کە ئەوکاتە دوو ژوور بوو لە ئوتێلی ترۆکادیرۆ کە لەلایەن عەبد مەتی برادەرمان بەڕێوە دەچوو، لەوێ چاوم بە برادەرەکانم کەوت، عومەر مستەفا دەبابە و ئیبراهیم ئەحمەد و نووری ئەحمەد تەها، ئیبراهیم و نووری بە نیازی سەفەر بوون بۆ دەرەوەی عێراق تا چاویان بە بارزانی بکەوێت و لە گەڕانەوەدا یاوەری بن، لەو دیدارەدا کە لەگەڵ کاک ئەحمەدی برا گەورەمدا بووم، برادەران زۆریان بەخێرهێنام، بەڵام هەندێکیان بە تایبەتی ئیبراهیم ئەحمەد سارد و سڕبوو، من لەو بڕوایەدا نەبووم، چونکە

پێش شۆڕشی (١٤)ی تەمووز پێوەندیمان زۆر پتەو بوو، ئیبراهیم قسەیەکی ئاراستەی ئامادەبووان کرد، بەڵام من وام هەست کرد مەبەستی منە و وتی بەنیازی سەفەرە، بەڵام جانتایەکی گونجاوی نییە کە بۆ سەفەر دەست بدات، منیش کە تازە گەڕابوومەوە و جانتای باشم لا بوو، چوومە ژوورەوە و جانتاکەم بەتاڵ کرد و زۆر بەشەوقەوە وەری گرت، دوای دوو ڕۆژ گەڕاینەوە هەولێر.

دوای دوو هەفتە، هەواڵ گەیشت کە بارزانی گەیشتووەتە میسر و لەلایەن سەرۆک جەمال عەبدولناسرەوە پێشوازیی کراوە، ڕۆژی (٦)ی تشرینی دووەمی ساڵی (١٩٥٨) لە بەغداوە تەلەفۆنیان بۆ کاک ئەحمەد کرد کە بارزانی ئێوارە دەگاتە بەغدا و لە ئوتێلی خەیام دادەبەزێت، لقی پارتی لە هەولێر ئەم هەواڵەی پشتڕاست کردەوە، لەگەڵ کاک ئەحمەد بە ئۆتۆمۆبیلی تایبەتی خۆمان وەڕێ کەوتین و نیوەشەو گەیشتینە بەغدا، ڕێگەی بەغدا و کەرکووک ئەوکاتە قیرتاو نەکرابوو، ئێمەش زۆر ماندوو بووین، ئەو شەوە لە ئۆتێلێک حەساینەوە، سبەینێ چووینە ئوتێلی خەیام، هیچ نیشانەیەکی وامان نەبینی کە بارزانی لەوێ دابەزیبێ، کە پرسیمان وتیان شوێنەکە جێگەی ئەو هەموو خەڵکی پێشوازیکارەی تێدا نابێتەوە، بۆیە بارزانی چووەتە ئوتێلی سەمیر ئەمیس، ئوتێلەکە هەر سەد مەتر لە ئوتێلی خەیام دوور بوو، کە چووینە ئەوێ قەرەباڵغییەکی گەورەمان بینی، وتیان عەسر بارزانی پێشوازی لە خەڵک دەکات، کاک ئەحمەد چووە بارەگای پارتی لە بەغدا تا لەگەڵ سەرکردایەتیی حزب بچنە لای بارزانی.

عەسر چوومە ئوتێلی سەمیر ئەمیس، خەڵکێکی زۆر لە سەرانسەری عێراقەوە هاتبوون کە لە باخچەکەدا جێگەیان نەدەبووەوە، دوای چاوەڕوانییەکی کەم، بارزانی لە باڵکۆنی ئوتێلەکە بە دیارکەوت و سڵاوی لە ئامادەبووان کرد، تێبینیی ئەوەم کرد کە دەنگی نووسابوو، ئەوەندی وەڵامی پێشوازیکاران بداتەوە، میرحاج ئەحمەد[٥] لەجیاتی بارزانی وتەیەکی دا و سوپاسی ئامادەبووانی کرد و لایەنگری لە کۆمار و زەعیم عەبدولکەریم قاسم

دووپات کردەوە، ئەوکاتە نەمتوانی قسە لەگەڵ بارزانی بکەم، بەڵام دوای سێ ڕۆژ لەگەڵ شاندی پارێزەرانی هەولێردا چووینە خزمەتی، یەکەیەکە سڵاوی لێ کردین، لەبەر زۆریی وەفد و میوانان هەستم کرد ناوی کەسمانی لە بیر نەماوە.

دوای ئەوەی وەفدەکان بڵاوەیان لێ کرد، کاک ئەحمەدی برام وادەی دیدارێکی لە بارزانی وەرگرت، لە ڕۆژی دیاریکراودا لەگەڵ چوار پێنج کەس لە خزمانمان چووینە خزمەتی و لە ژوورێکی تایبەت پێشوازیی کردین، دوای بەخێرهێنان و هەواڵپرسین کەوتە گێڕانەوەی بەشێک لەو ژیانەی کە (١٢) ساڵی لە تاراوگەدا بەسەربرد، لە سیمایدا نیشانەی سادەیی واقیعی و کەسایەتیی سەرنجڕاکێش و لەبەر دڵانم بەدی کرد، دیدارەکە نیو سەعات بوو، لەچاو ئەو قەرەباڵغی و زۆریی وەفدەکان ئێمە کاتێکی باش لەلای ماینەوە، بارزانی تا ڕاڕەوی دەرەوە هات و بەگەرمی بەڕێی کردین، ئێمە گەڕاینەوە هەولێر، هەرچەندە هەفتەیەک بەسەر هاتنەوەیدا تێ پەڕیبوو، بەڵام ڕۆژانە وەفد دەچوونە لای بارزانی.

بارزانی ئەو کاتەی لە کوردستانی ئێران بوو و بەرگریی لە کۆماری مەهاباد دەکرد لە ساڵی (١٩٤٦) پارتی دیموکراتی کوردستانی دامەزراند، پاشان هەمزە عەبدوڵای نوێنەری ڕاسپارد کە پێوەندی بەڕێکخراوە سیاسییەکانی ئەو کاتە و کەسایەتییە نیشتیمانی و نەتەوەییەکانەوە بکات، یەکەم کۆنگرەی حزب لە (١٦) ئابی (١٩٤٦) ساز درا و بڕیاری پێکهاتنی حیزب و هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی و کۆمیتەی ناوەندی درا، دەستەی سەرۆکایەتی لەسەر بنەمای ڕاسپاردەکانی بارزانی پێک هات، دامەزرێنەری حزب (بارزانی) خۆی وەک سەرۆک هەڵبژارد، هەریەک لە شێخ لەتیف شێخ مەحموود و محەمەد زیاد ئاغای غەفووری وەک جێگرانی یەکەم و دووەمی سەرۆکی حزب هەڵبژێردران، هەمزە عەبدوڵا وەک سکرتێری حزب و هەندێک کەسایەتیی نیشتیمانی و نەتەوەییش وەک ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردران لەمانە دوکتۆر جەعفەر محەمەد کەریم و عەلی عەبدوڵا و ڕەشید

عــەبدولقــادر و نـووری شــاوەیس و عـومــەر دەبابە و تۆفـیق عــەبدولکەریم و عەبدولسەمەد بەننا و ڕەشید باجەلان و هی تریش.

لە سـەرەتای دامــەزراندنیدا ژمارەی ئەندامـان و کادیرانی حـزب کـەم بوو، ژمارەیان هـەردەم لـە هـەڵکشان و داکشـاندا بوو بەگوێرەی بـارودۆخی ئەوسای عێراق، سـەرەڕای ڕووخـانی کۆماری مـەهاباد و چوونی مسـتـەفا بارزانی بۆ یەکێتیی سـۆڤیـەت، بەڵام حـزب توانیی خـۆی ڕابگرێت، هـەرچەندە کادیرانی حـزب بـەردەوام هـەوڵیـان دەدا، بـەڵام ژمـارەی ئەندامــان لە چەند سـەدێک تێ نەدەپەڕی، لە (١٤)ی تەمـووزی (١٩٥٨) ژمـارەیان گـەیشـتـە هـەزاران ئەندام و بە ئاشکرا دەسـتـی بە خـەبات کـرد، لە سـەرەتـای شـۆڕشی تەمــووزدا ناوی بارزانی بەسـەر زاری هـەمـوو کـوردێکەوە بوو، بەتـایبـەتی دوای گـەڕانەوەی لە یەکێتیی سـۆڤیـەت گـوڕوتینێکی تری خسـتـە بەر حـزب و ژمارەی ئەندامـان زیادی کـرد، بارزانـی ڕێڕەوی حــیـزبـی پتــەو کــرد و ســەرەڕای بـارودۆخی سـیاسـیی عێـراق، توانیی هەسـتـە نەتەوەییـیەکـە زیاتر بکات، لە راسـتیـدا پێوەندیی نێوان حـزب وەک دامـەزراو و نێوان بارزانی وەک سـەرۆک ئەوەندە تێکەڵاو بوو وەک جمکەیان لێ هات و لێکتر جیا نەدەبوونەوە، هەریەکـەیان ئەوی تری تەواو دەکرد، سەرەڕای تێپەڕبوونی چارەگە سەدەیەک زیاتر بەسەر کۆچی دواییی بارزانیدا، بەڵام فەزڵەکە هەر بۆ ئەو دەگەڕێتەوە و ئەو ئاستەی کـە حـزب بەتایبـەتی و گـەلی کـورد بەگشـتـی گـەیشـتووتێ هونەرەکـەی هـی بارزانییەو وەک چرایەک شەوی تارمان بۆ ڕووناک دەکاتەوە.

* ئەی دەربارەی سەردانی بارزانی بۆ هەولێر لە تشرینی دووەمی ساڵی (١٩٥٨) چیت لە بیرە؟

– دوای گـەڕانەوەم بـۆ هـەولێـر، ڕۆژانـە دەچوومـە ژووری پارێـزەران، ئەگـەر کارێکی فـەرمی یان دەعوایەک نەبووایە یەک دوو سـەعات دەمامـەوە، لەگەڵ برا پارێزەرەکان باسی بارودۆخی سیاسی و گۆڕانکارییـە خێراکانمان دەکرد، ژمــارەمــان هـەر بیــست پارێزەر دەبوو، بـەڵام ڕۆژانە هـەر دە پارێزەر ئامــادە

دەبوون، پاشان دەچوومە نووسینگە بازرگانییەکەمان هەرچەندە بازاڕ زۆر کزبوو، چونکە خەڵک سەرقاڵی کاری سیاسی و ڕێپێوان و خۆپیشاندان بوون و هەروەها ساڵەکەشی نەهات بوو، ئەمانە کاریگەریی زۆریان بەسەر بازاڕ و بازرگانییەوە هەبوو.

لەبەرئەوەی ئەندامی هەڵبژێردراوی ئەنجوومەنی شارەوانی بووم، هەندێک جار دەچوومە سەرۆکایەتیی شارەوانی بەتایبەتی ئەگەر کۆبوونەوەی ئەنجوومەن هەبووایە، ئەو کاتە ئەندازیار عەبدولوەهاب حاجی حەسەن(٦) سەرۆکی شارەوانی بوو، پیاوێکی خاوێن و لە ئیش جدی بوو، بەڵام خۆی لەگەڵ بارودۆخ و سیاسەتی ئەو وەختە دەڕۆیشت، عەبدولوەهاب حاجی حەسەن دوای خانەنشینکردنی خوالێخۆشبوو موحسین محەمەد ئاغا کرا بە سەرۆکی شارەوانی، موحسین ئاغا ماوەی (٣٠) ساڵ سەرۆکی شارەوانی بوو، دەست پاک و جدی بوو، دوای ئەو خوالێخۆشبوو هادی چاوشلی(٧) ماوەی سێ هەفتە کرا بەسەرۆکی شارەوانی، چونکە بەوەکالەت کرا بە موتەسەڕیفی لیوای سلێمانی، ئینجا مەعرووف ڕەئوف بەوەکالەت کرا بە سەرۆکی شارەوانی و پاشان عەبدولوەهاب حاجی حەسەن کرا بە سەرۆک.

لە کۆتاییی مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی (١٩٥٨) زانیمان کە بارزانی لە بەغداوە بەرەو هەولێر دێت، ئەنجوومەنی شارەوانی بڕیاری دا ئاهەنگی پێشوازی بۆ سازبدات، لەسەر ئەوە ڕێککەوتین ئاهەنگی چا خواردنەوە لە عەسری ئەو ڕۆژەدا لە باخچەی ماڵی موتەسەڕیفی هەولێر لیوا عەلائەدین مەحموود لەسەر شەرەفی بارزانی سازب درێت، من لە ڕۆژانی بەشداربوونم لە خولی یەدەگ لە سەربازگەی سکرین سووکە ناسیاوییەکم لەگەڵ لیوا عەلائەدیندا هەبوو کە ئەوکاتە فەرماندەی لیوای یەدەگ بوو.

عەسری ئەو ڕۆژە چوومە یانەی سەربازی کە کەوتبووە تەنیشت دیوانی موتەسەڕیفیەت لە نزیک سینەمای سەلاحەدین، بارزانی لەگەڵ موتەسەڕیف هاتن و بەگەرمی بەخێرهاتنی کرا، خەڵکێکی زۆر لە دەرەوەی یانەکە ڕاوەستابوون و ئینزیباتی عەسکەری پاسەوانی دەروازەکەیان دەکرد، بارزانی

بۆ سـڵاوکـردن لە خـەڵکەکـە و سـوپاسکردنیـان هاتە دەرەوە، لاوێک لـە ناو خـەڵکەکەدا هـاتە دەرەوە و پڕی دایە پێڵاوی بارزانی تا مـاچی بکات، بارزانی کـشـایەوە و لەمـە زۆر تووڕە بوو و بـەڵام ئێـمـە هێـورمـان کـردەوە، چونکە هەڵسوکەوتی لاوەکە تەعبیر بوو لە شەوق و خۆشەویستی.

چووینە مـاڵی مـوتەسـەڕیف، کـورسی و مـێـز و شـیـرنەمـەنی و چا لە باخچەکەدا ئامادە کرابوون، داوەتکراوەکان کەسایەتییەکانی هەولێر و گەورە فـەرمـانبـەران و پارێزەران و دوکـتـۆران و هەمـوو چینەکـانی کـۆمـەڵ بوون، بارزانـی بەیاوەریی مـوتـەسـەڕیف و سـەرۆکی شـارەوانی و ئـەندامـانی ئەنجـوومـەنی شـارەوانی (یەکێک بووم لەوان) بەناو خـەڵکەکەدا سووڕایەوە و سڵاوی لێ کردن و تەوقەی لەگەڵ کردن، چەند وتەیەکی بەخێرهێنان پێشکێش کـرا، لەو کـاتەدا ئەفـسـەرێک کـە بیـست سـەربازێکی لەگـەڵدا بوو هـاتنە لای بارزانـی، ئەفـسـەرەکـە سـڵاوی کـرد و بـە بارزانیی وت کـە ئـەو سـەربازانە هەمـوویان لە عـەشـیـرەتی بارزانین و هاتوون سـڵاوی لێ بکەن، بارزانـی یەکە یەکە سڵاوی لـێ کردن و لەو کـاتەدا منیشی لەگـەڵدا بوو، بینیم هەریەکێکیان پرسـیاری باوک و برا یان خزمـێکی کە یاوەری بـەڕێزیان بوون بۆ یەکـێتـیی سـۆڤـیـەت لە بارزانی دەکـرد، بارزانیش وەرامـی دەدانەوە، بۆ نموونـە دەیوت فـڵان زیندووە یان ژنی هێناوە و منداڵی هـەیـە تەنانەت بە یەکـێکیـانی وت کـە فڵانە کەس شـەهید بووە، وەرامەکانی بارزانی زیرەکی و بەهێزیی یادەوەریی ئەویان پیشـان دەدا، دوای ئاهەنگەکە خـەڵکەکە بڵاوەیان لێ کرد و بارزانیش بە یاوەریی هەندێک ئەفسەر و سەرباز و خەڵکانی بارزانی بەرەو بارزان بەڕێ کەوت.

دوای ئەمـە، ڕووداوەکـان بەخێـرایی تێ پەڕین، دوو جـار یان سێ جـار چاوم بە بارزانی کـەوتەوە پێش هەڵگیـرسـانی شـۆڕشـی (١١)ی ئـەیلوولی لە سـاڵی (١٩٦١)، جـارێکیان لە مـاڵەکەی خۆیدا لە بەغدا چوومـە لای، خـانووەکە سـەر بە بەڕێوەبەرایـەتیی هێڵی ئاسنـی شـەمـەندەفـەر بوو و کـەوتبـووە بەری کـەرخ، نووری سـەعـید بەر لەوەی خـانووەکەی لێـواری دجلە تەواو بکات لـەو خـانووە

دادەنیشت و بەر لە شۆڕشی (١٤)ی تەمووزیش بەڕێوەبەری پۆلیس تێیدا جێنشین بوو، لەو سەردانەمدا خوالێخۆشبوو ساڵح میرانیشم بینی.

جاری دووەم دەچوومە وەزارەتی داد، بارزانیم بینی بەرەو بینایەی دادگاکان دەچوو، دوو پاسەوانی لەگەڵدا بوو، دوای سڵاوکردن و چاک و چۆنی هەریەکەمان بەلای کاری خۆیدا ڕۆیشت، لام وایە ئەم دیدەنییە لە هاوینی (١٩٦٠) بوو، ئەوکاتە پێوەندیی نێوان قاسم و پارتی جۆرێک گرژیی تێ کەوت، ئیتر بارزانیم نەبینییەوە تا ساڵی (١٩٦٣) کە پێوەندیم بە شۆڕشەوە کرد، دوایی بەدرێژی باسی ئەمەش دەکەم.

سەبارەت بە ئەندامیەتیم لە ئەنجومەنی شارەوانیدا، بەهاری ساڵی (١٩٥٩) دەستم لە کار کێشایەوە، چونکە کاروبار بەشێوەیەکی ئاسایی بەڕێوە نەدەچوو و خەڵکانی وا خۆیان لە ئیشەکان هەڵدەقورتان کە هیچ پێوەندییان بە شارەوانییەوە نەبوو و سەرۆکی شارەوانیش نەیدەتوانی ڕێگەیان لێ بگرێت، هەندێک جار پارەی شارەوانی بە با دەدرا، نەمویست، ئەم بەرپرسیاریەتییە بخەمە سەرشانم.

* ئەی یادەوەریت لەگەڵ لیوا عەلائەدین مەحموود یەکەم موتەسەڕیفی سەردەمی کۆماری لە هەولێردا چییە؟

- وەک پێشتر باسم کرد، ساڵی (١٩٥٣) لە خولی یەدەگ لە سەربازگەی سکرین، سووکە ناسیاوییەکم لەگەڵ لیوا ڕوکن عەلائەدین مەحموود پەیدا کرد، ئەوکاتە فەرماندەی لیوای یەدەگ بوو بەپلەی عەقید ڕوکن، دوای شۆڕشی ١٤ی تەمووز کە گەڕامەوە عێراق کرابوو بە موتەسەڕیفی هەولێر، لەبری خالید نەقشبەندی کە لە ڕۆژی یەکەمی شۆڕشدا کرا بە ئەندامی ئەنجوومەنی سیادەت.

لە دیوانی موتەسەڕیفیەت چوومە سەردانی لیوا ڕوکن عەلائەدین، سەرەتا نەیناسیمەوە، ڕۆژانی سەربازگەی سکرینم وەبیرهێناوە، زۆری بەخێرهێنام بە تایبەتی کە زانیی لە ئەوروپا گەڕاومەتەوە، وردە وردە پێوەندیمان پتەو بوو،

من لەگەڵ محەمەد حەسەن دزەیی کە بەڕێوەبەری کارگێڕی بوو، دەچوومە یانە، لەوێ ژوورێکی تایبەت بۆ موتەسەڕیف و کارگێڕی تەرخان کرابوو، لەوێ لەگەڵ هەردوو خوالێخۆشبووان محەمەد حەماسی بەڕێوەبەری ئینحیساری تووتن و محەمەد حەسەن دزەیی بەسەردەبرد، عەلائەدین مەحموودیش زۆر جار دەهاتە لامان.

عەلائەدین مەحموود، ئەفسەرێکی پایەدار و ڕۆشنبیر بوو، زیاتر سیفاتی دیبلۆماسییانەی هەبوو تا سەربازی، پیاوێکی خێرخواز بوو و ئەزیەتی کەسی نەدەدا و بەپێی توانا هەوڵی دەدا خزمەتی هەولێر بکات، بەڵام بارودۆخەکە ئەوەندە هەستیار بوو، نەیدەتوانی هەموو لایەک ڕازی بکات.

بۆ کاری گرینگ زۆر جار بە تەلەفۆن قسەم لەگەڵ دەکرد، جارێکیان لە ساڵی (١٩٥٩) هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی شارەوانی دەکرا، مونافەسەی توند لە نێوان پارتی و شیوعیدا هەبوو و هەر ئەو دوو لیستە دابەزیبوون، دوای هەڵبژاردن و جیاکردنەوەی دەنگەکان حزبی شیوعی زۆرینەی وەدەست هێنا، کاتێک چوومە لق و عەلی عەبدوڵا بەرپرسی لق بوو گلەییی زۆر لە هەڵبژاردنەکە هەبوو و دەیوت ساختەی تێدا کراوە، هەر لەوێ تەلەفۆنم بۆ لیوا عەلائەدین کردو مەسەلەکەم تێ گەیاند، بەڵێنی دا کە لەو مەسەلە بکۆڵێتەوە بەڵام، لەبەرئەوەی پیاوێکی لاشەڕ بوو و نەیدەویست بەرەنگاری کەس بکات بۆیە دیزە بەدەرخۆنەی لێ کرا.

نیسانی (١٩٦١) لیوا عەلائەدین کرا بە بەڕێوەبەری گشتیی فرۆکەوانیی مەدەنی لە بەغدا، چەند جارێک سەردانم کرد، ئیتر چاوم پێی نەکەوتەوە تا هاوینی (١٩٧٧) کاتێک لە ئەمریکا بۆ لەندەن دەهاتم چاوم پێی کەوت، ئەوکاتە یاوەری سەرۆک مستەفا بارزانی بووم، هاوینی هەمان ساڵ لەگەڵ ئیدریس بارزانی گەڕامەوە تا خاووخێزانم لە ئێرانەوە ببەمە بەریتانیا و بگەڕێمەوە ئەمریکا، ئیدریسی خوالێخۆشبوو هەفتەیەک لە لەندەن مایەوە و گەڕایەوە تاران تا ڤیزا و پاسپۆرت بۆ منداڵەکانم پەیدا بکات.

کاتێ بە شەقامی ئۆکسفۆرددا دەڕۆیشتم و بەبۆنەی مردنی کاک ئەحمەدی

برامەوە بۆینباخی ڕەشم بەستابوو، بینیم یەکێک سڵاوی لێ کردم، لیوا ڕوکن عەلائەدین مەحموود بوو، هەواڵی بارزانیی پرسی، کە بینی بۆینباخەکەم ڕەشە، سەرەخۆشی لێ کردم و دیاربوو هەواڵی کۆچی دوایی کاک ئەحمەدی لە ڕۆژنامەکانی بەغدا خوێندبووەوە[٨]، پاشان بیستم گەڕاوەتەوە بەر دڵۆڤانیی خودێ.

پەراوێزەکان:

١- عەبدولقادر فایەق: لە سوپا سالارە ناسراوەکانی سوپای عێراقە، کوردی هەولێرە، وەک مولحەقی عەسکەری لە باڵیۆزخانەی عێراقدا لە لەندەن کاری کردووە، لە برادەرەکانی عەبدولکەریم قاسم بوو، لە سەرەتای نیسانی ساڵی (١٩٦٢) کراوە بە فەرماندەی مەوقیعی بەسرە، دوای کودەتای (٨)ی شوباتی (١٩٦٣) خانەنشین کراوە بە پلەی عەمید ڕوکن، ماوەیەک لە بەغدا دانیشت و پاشان گەڕایەوە لەندەن، ساڵی (١٩٨٣) کۆچی دوایی کرد.

٢- عەبدولڕەحمان بەزاز: سیاسەتمەدارێکی عێراقی ناسراو بوو، ساڵی (١٩١٣) لە بەغدا هاتووەتە دنیاوە، خوێندنی سەرەتایی و دواناوەندیی لەوێ تەواو کردووە، کۆلێژی مافی تەواو کردووە و ماوەیەک پارێزەریی کردووە، بڕوانامەی دوکتۆرای لە فیقهی یاسایی بە دەست هێناوە، کراوە بە مامۆستا و ڕاگری کۆلێژی ماف، بە هۆی چالاکی سیاسییەوەی تووشی گیران و دوورخستنەوە بووە، ساڵی (١٩٦٥) کراوە بە باڵوێزی عێراق لە قاهیرە و ساڵانی (١٩٦٥-١٩٦٦) کراوە بە سەرۆک وەزیرانی عێراق، دوای (١٧)ی تەمووزی (١٩٦٨) دەستگیر کراوە و پاشان ئازاد کراوە، ساڵی (١٩٧٣) لە بەغدا کۆچی دوایی کردووە.

٣- عەبدوڵا نەقشبەندی: لە خانەوادەیەکی زانستپەروەری ناسراو ساڵی (١٩٢٤) هاتووەتە دنیاوە، دەرسی ئایینی لەسەردەستی شێخ مستەفا نەقشبەندی باوکی خوێندووە و پاشان چووەتە زانکۆی ئەزهەر لە قاهیرە، دوای گەڕانەوەی کراوە بە فەرمانبەری تەشریفات لە بەڵاتی مەلەکی لە عێراق، بڕوانامەی دوکتۆرای لە زانکۆی لەندەن وەدەست هێناوە، لە زانکۆی بەغدا و موستەنسەرییە دەرسی وتووەتەوە، دیوانی چاودێریی دارایی دامەزراندووە و کراوە بە ئەندامی ئەنجوومەنی کارگێڕیی بانکی ناوەندیی عێراق و ئەندامی ئەنجوومەنی گشتیی

ڕاژە، ساڵی (١٩٦٧) کراوە بەوەزیری دارایی و ساڵی (١٩٦٨)یش کراوە بە وەزیری ئابووری و پاشان کراوە بە سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی، ساڵی (٢٠٠٠) لە هەولێر کۆچی دوایی کردووە.

٤- پرۆفیسۆری بەریتانی (داڤید نیل مەکەنزی) کەسایەتییەکی زانستی و ئەکادیمیی ناسراوە، لە نێوەندی ڕووناکبیران و تۆژەرەوانی کورد و کوردستان و ئەورووپا و پێوەندیی برادەرایەتیی لەگەڵ زۆربەیاندا هەیە، ماوەی (٤٥) ساڵە ئەکادیمیست و پسپۆرە لە زمانی کوردی و شێوەزارەکانی و لەم بارەیەوە کتێبی بڵاوکردووەتەوە، ساڵی (١٩٥٤) هاتووەتە کوردستانی عێراق و ماوەی ساڵێک ماوەتەوە و زۆر شوێن گەڕاوە و ئەمەش بە مەبەستی فێربوونی زمانی کوردی، پاشان بڕوانامەی دوکتۆرای لەسەر ڕێزمانی شێوەزاری زمانی کوردی وەرگرتووە، وەک مامۆستا لە ئامۆژگای دیراساتی کوردی لە لەندەن و هەروەها وەک مامۆستای وانەبێژ لە زانکۆی (کیۆرک ئۆکست) دەرسی وتووەتەوە، ئێستا لە لەندەن دادەنیشێ و تەمەنی حەفتا ساڵە، ناوبراو هیچ پێوەندییەکی بەکەسێکی تری بەریتانییەوە کە ناوی (دونالد مەکەنزی)یەوە نییە، ئەو دونالد مەکەنزییە خاوەنی کتێبخانەی بەناوبانگی مەکەنزی بوو لە شەقامی ڕەشید، کۆتاییی چلەکان لە بەغدا کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی ئینگلیزان لە بەغدا بەخاک سپێردراوە، دوای خۆیشی کتێبخانەکە ناوی مەکەنزی هەر بەسەرەوە بووە، نەوەکانی کتێبخانەکەیان فرۆشت بەکوردێکی فەیلی کە ناوی کەریم موراد بوو، ئەو پیاوە لە سەرەتای هەشتاکان کۆچی دواییی کرد، خاوەن هەستێکی نەتەوایەتیی بەرز بوو، چەندان جار بەهۆی شۆڕشی کوردەوە خراوەتە بەندیخانەوە.

٥- میرحاج ئەحمەد: ساڵی (١٩٠٥) لە ئاکرێ هاتووەتە دنیاوە، خوێندنی سەرەتاییی لەوێ و دواناوەندیی لە بەغدا تەواو کردووە، ساڵی (١٩٣٥) کۆلێژی سەربازیی تەواو کردووە و پلەی ملازمی مەدفەعی وەرگرتووە، پلەی گەیشتووەتە نەقیب و ساڵی (١٩٤٥) پێوەندیی بە شۆڕشی بارزانەوە کردووە، ساڵی (١٩٤٦) لەگەڵ مستەفا بارزانی چووەتە مەهاباد و ساڵی (١٩٤٧) بۆ یەکێتی سۆڤیەت یاوەری بووە، دوای (١٤)ی تەمووزی (١٩٥٨) لەگەڵ بارزانی و یاوەرانی گەڕاوەتەوە عێراق، تا دوا ڕۆژانی ژیانی لە بەغدا بوو، ساڵی (١٩٨٨) کۆچی دواییی کرد،

هەر لەوێش نێژرا، ساڵی (١٩٩١) لە ئاکرێ پەیکەرێکی بۆ کرا.

٦- عەبدولوەهاب حاجی حەسەن ساڵی (١٩٢٣) لە هەولێر هاتووەتە دنیاوە، خوێندنی سەرەتایی و دواناوەندیی لەوێ تەواو کردووە و پاشان لە کۆلێژی ئەندازە لە بەغدا بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە ئەندازەی مەدەنی وەرگرتووە، دوای (١٤)ی تەمووزی (١٩٥٨) کراوە بەسەرۆکی شارەوانیی هەولێر تا ساڵی (١٩٦٤)، بەڕێوەبەری گشتیی کاروباری ئەندازە بووە لە وەزارەتی ئەوقاف، ئێستا خانەنشینە و لە بەغدا دادەنیشێ.

٧- هادی چاوشلی: کەسایەتییەکی کوردی ناسراوە، ساڵی (١٩٢٠) لە هەولێر هاتووەتە دنیاوە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندیی هەر لەوێ تەواو کردووە، ساڵی (١٩٤٣) کۆلێژی مافی تەواو کردووە و ماوەیەک پارێزەریی کردووە، چەندان وەزیفەی کارگێڕیی بینیوە وەک بەڕێوەبەری ناحیە و قائمقام لە ناحیە و قەزاکان، دوای شۆڕشی (١٤)ی تەمووزی (١٩٥٨) کراوە بەسەرۆکی شارەوانیی هەولێر و پاشان موتەسەڕیفی سلێمانی بەوەکالەت و ئینجا بەڕێوەبەری گشتیی ناوەخۆ و پاشان وەکیلی وەزارەتی ناوەخۆ تا کودەتای (٨)ی شوباتی (١٩٦٣) کە دەستگیر دەکرێت و پاشان خانەنشین دەکرێت و دەست بە پارێزەری دەکاتەوە، لە ئیشوکاردا زۆر خاوێن و یاسایی بوو، چەند کتێبی بەچاپ گەیاندووە، ساڵی (١٩٩٦) لە هەولێر کۆچی دوایی کردووە.

٨- خوالێخۆشبوو ئەحمەد حەمەدەمین دزەیی: ساڵی (١٩٧٦) لە هەولێر کۆچی دوایی کردووە، لە هەولێر ئەو شەقامەی بەناو کراوە کە بۆ گەڕەکی ئازادی دەچێت و ماڵەکەشی هەر لەوێ بوو، لە کاتی دیدارەکانم لەگەڵ بەڕێز موحسین دزەییدا هەر کە ناوی ئەحمەدی برای دەهات بە(کاک) ناوی دەبرد ئەمەش مانای برا گەورە و ڕێز دێت.

## هەندێک ڕووداوی سەردەمی عەبدولکەریم قاسم

* جووڵانەوەی شەواف لە مووسڵ (١٩٥٩) و ئەو کاردانەوانەی کە بەدوایدا هاتن.
* هەوڵی کوشتنی عەبدولکەریم قاسم لە شەقامی ڕەشید ساڵی (١٩٥٩).
* بە ئامادەبوونی سەرۆک وەزیران، ئاهەنگی جەژنی نەورۆز لە بەغدا ساڵی (١٩٥٩).
* دادگای گەل و پەیڕەوکردنی یاسا لە کاتی دەرچوونی حوکمدا.
* کەشوهەوای بەر لە هەڵگیرسانی شۆڕشی کورد لە (١١)ی ئەیلوولی (١٩٦١).

* سـەبارەت بەجووڵانەوەکەی عەبدولوەهاب شەواف لە مووسڵ لە ڕۆژی (٨)ی ئاداری ساڵی (١٩٥٩) چیت لە بیرە؟

- وەک باسم کـرد، دوای شـۆڕشی (١٤)ی تەمـووزی ساڵی (١٩٥٨) ڕووداوەکان بەخێرایی تێ پەڕین و تێکەڵوپێکەڵ بوون، کۆمەڵانی خەڵک نەیانتوانی سوود لەو کەشوهەوا ئازادی و دیموکراسییە وەربگرن کە لەو دەمە لە ئارادا بوو، بەڵکو کەشوهەواکە هەراوهۆریا و بێ نیزامیی تێ کەوت و دەسەڵات و یاسا هیچ هەیبەتێکیان نەما، جگە لەمەش حزبەکان کەوتنە پێشبڕکێیەکی ناشەریف و گیانی خۆ بەگەورە زانین و بەرژەوەندیی تەسک بەسەریاندا زاڵ بوو، بەرژەوەندیی گشتی و شۆڕش و گەل وەلانران، ئەمانە گشتیان بوون بەهۆکاری ئەوەی توندوتیژی بێتە ئاراوە و میللەت ببێ بەکانتۆنات و بەشی جیاجیا و هەریەکە لە هەڵێک دەگەڕا پشتی ئەویتر بدات بە ئەرزا.

من یەکێک لە برایەکانی عەقیدی ڕوکن عەبدولوەهاب شەوافم دەناسی کە ناوی ماجید شەواف بوو، لە ڕۆژانی خوێندنم لە کۆلێژی ماف، ئەو ماجیدە لە تەکم دادەنیشت، چونکە ناوەکەی بەپیتی (م) دەستی پێ دەکرد، ماجیدم وەک کەسێکی نیشتمانپەروەر و دیموکراسیخواز لە ماوەی خوێندنی زانکۆدا بینی،

هەروەها پاشان بیستمەوە کە شەواف لەگەڵ کۆمەڵەی ئەفسەرە ئازادیخوازەکان بووە بەر لە شۆڕشی (١٤)ی تەمووز و برادەری قاسمیش بووە و دوای شۆڕش کراوە بە فەرماندەی لیوای پێنج لە مووسڵ.

لە هەردوو مانگی شوبات و ئاداری ساڵی (١٩٥٩)دا کەشوهەوای گشتی لە مووسڵ پشێوی پێوە دیاربوو، ئەمەش لە ئەنجامی ئەو بارودۆخە بوو کە پێشتر ئاماژەم پێ کرد و هەروەها گیانی نەتەوایەتی لە شارەکەدا بەهێز بوو، ئەو ڕۆژە وا بڕیار بوو کۆنگرەی پشتیوانانی ئاشتی لە مووسڵ ببەسترێت، عەقید شەواف و بەرپرسان لەبەر پشێویی بارودۆخی شارەکە ڕازی نەبوون کۆنگرەکە ببەسترێت، بەڵام کۆنگرە گیرا و شاندێکی زۆر لە بەغدا و شارەکانی تر چوونە مووسڵ، حزبی شیوعیی عێراق ویستی ئەم هەلە بقۆزێتەوە و هەموو قورساییی خۆی بۆ سەرکەوتنی کۆنگرەکە وەگەڕخست کە دوایی بوو بە خۆپیشاندانێکی سیاسی و خۆبادان.

ڕۆژی (٨)ی ئاداری ساڵی (١٩٥٩) لەهەولێر خەبەرمان بۆ هات کە لە مووسڵ هەندێک شت ڕوویان داوە، بەڵام هیچ لێدوانێکی فەرمی و بەیاننامەیەک بڵاو نەکرایەوە، بۆیە بایەخمان پێ نەدا، ئێوارە وەک جاران چووینە یانەی فەرمانبەران، دوای ماوەیەک هەندێک لە کارمەندانی یانە وتیان ئێزگەیەکی نهێنی بەیاننامەی دژ بە حکوومەت بڵاو دەکاتەوە و کودەتایەک ڕووی داوە، بەدەوری تاکە ڕادیۆی یانەکە گردبووینەوە و زانیمان ئەو ئێزگەیە لە مووسڵ بەیاننامە بڵاو دەکاتەوە و سوپا لەو شارە هەڵگەڕاوەتەوە.

جۆرەها هەواڵ دەگەیشتن، دوایی زانیمان کە عەقید شەواف سەرکردایەتیی کودەتایەکی سەربازیی کردووە، ئەو شەوە هەولێر پشێوی و گێرەشێوێنیی پێوە دیار بوو، ئێمە چاودێری بارودۆخەکەمان دەکرد و بێلایەن بووین، ڕۆژی دواتر بیستمان بارودۆخەکە کۆنترۆڵ کراوە و بەهۆی هێرشی فڕۆکە بۆ سەر سەربازگەی مووسڵ شەواف کوژراوە، مووسڵ کەوتە بەر پێشێلکردنی یاسا و چەندان کاری توندوتیژی و دوژمنداری ئەنجام دران و ئاسەواری خراپیان لێ کەوتەوە.

دوای پێوەندیکردنم بە شۆڕشی کوردەوە، درێژەی ئەو ڕووداوەم لە زاری برادەرانم ڕەشید حاجی بەدری سندی، یوسف جەمیل میران و جەرجیس فەتحولڵا بیستەوە، ڕەشید و یوسف لە یەکە سەربازییەکانی دەوروبەری مووسڵ ئەفسەر بوون و لایەنگری قاسم بوون، کودەتاچییەکان سەرەتا هەردووکیان دەستگیر کرد، بەڵام کە جووڵانەوەکە بەرەو کپبوون چوو ئازاد کران.

دوای سەرکوتکردنی جووڵانەوەکە سەرتاپای عێراق کاردانەوەی پێچەوانەی لێ کەوتەوە، دەسەڵاتی یاسا لە زۆر شوێنان نەما، هستریا و گێرەشێوێنی جێگەی گرتەوە، گیانی ڕق لێبوونەوە و تۆڵەسەندنەوە زاڵ بوو، نموونەیەکی سادە لەم بارەیەوە دەهێنمەوە، لە کۆتاییی مانگی ئاداری ساڵی (١٩٥٩) واتە دوای سەرکوتکردنی جووڵانەوەکە بەگۆترە خەڵک دەگیران، بەتۆمەتی ئەوەی کە سەر بەپیلانگێرانن و دوژمنی شۆڕش و کۆمارەکەن، پیاوانی ئاینی و سەرۆک عەشایر و گەورە فەرمانبەران ڕاپێچی بەندیخانە دەکران کە لە ڕاستیدا هیچ پێوەندییان بە سیاسەتەوە نەبوو، بۆ نموونە لە هەولێر شێخ محیەدینی شێخ ساڵح دەستگیر کرا، ئەو پیاوە خاوەن پایەیەکی ئاینیی گەورە و جێگەی ڕێزی هەموو خەڵکی شارەکە بوو، هەروەها زانای ئاینی بەناوبانگ مەلا ساڵحی کۆزەپانکە کە تەمەنی حەفتا ساڵ زیاتر بوو، ئەو مەلایە خاوەنی هەڵوێستی نەتەوایەتیی زۆر گەورە بوو، ساڵی (١٩٦٥) موشیر عەبدولسەلام عارفی سەرۆک کۆمار، ژمارەیەک پیاوی ئاینی کورد و عەرەبی کۆکردەوە کە مەلا ساڵح یەکێک بوو لەوان، داوای لێ کردن فەتوایەک دژ بە شۆڕشی کورد بدەن و تەکفیری بکەن، مەلا ساڵح زۆر بوێرانە وتی (ئەوی ئەوانە تەکفیر بکات خۆی کافرە) و تووانیی ئەم کۆنگەرەیە پووچەڵ بکاتەوە.

هەر لەو هەراوهۆریا عەتەولاغای ڕەشیداغا کە تەمەنی (٨٠) ساڵ بوو لەگەڵ مووساغای برای دەستگیر کران، ئەو دوو برایە لە خێزانێکی ناوداری هەولێر بوون و مامی شەهید ڕەمزی نافیعاغا بوون کە پێشتر باسم کرد، بەر لە جووڵانەوەی شەواف عەتەولاغا زاکیرەی نەمابوو و جگە لە برا و

منداڵەکانی کەسی نەدەناسییەوە و نەیدەزانی لە دەوروبەری چ ڕووی داوە، هیچی دەربارەی شۆڕش و ئەنجامەکانی نەدەزانی، ئەوانە چەند هەفتەیەک لە تەوقیفی کەرکووک دەستبەسەر بوون پاشان بێ ئەوەی هیچ تۆمەتێکیان ئاراستە بکرێت ئازاد کران، بەڵام دوای ئازاردانێکی دەروونیی زۆر، کە دێنە دەرەوە عەتەولاغا بەمووسای برای دەڵێت: پارەی ئوتێلت داوە؟ وای زانیوە چوونەتە سەفەر و لە ئوتێل دابەزیون، ئەو بارودۆخە چەند مانگێکی خایاند و پاشان وردە وردە کۆنترۆڵ کرا.

دەربارەی جووڵانەوەکەی شەواف ئەوەندەم لە بیرە، ئەفسەرە بەشداربووەکانی جووڵانەوەکە و چەندان هاووڵاتیی مەدەنی درانە دادگا و زۆربەیان حوکمی لەسێدارەدانیان بۆ دەرچوو، لێرەدا دەمەوێت ئاماژە بەوە بدەم کە سەرەڕای ئەو کودەتایە عەبدولکەریم قاسم هەر بە برادەری خانەوادەی شەواف مایەوە و لیوای دوکتۆر محەمەد شەواف[1] کە برای عەبدولوەهاب شەواف بوو تا ڕۆژی (٨)ی شوباتی ساڵی (١٩٦٣) و ڕووخانی قاسم هەر وەزیری تەندروستی بوو.

* ڕۆژی (٢١)ی ئاداری ساڵی (١٩٥٩) لە بەغدا ئاهەنگێک بە بۆنەی نەورۆز ساز درا و عەبدولکەریم قاسمیش ئامادەبوو، ئەمە چۆن بوو؟

– دوای ڕووداوەکانی جووڵانەوەی شەواف، بۆ هەندێک کاروباری تایبەتی لە هەولێرەوە چوومە بەغدا، ئەو دەمە تەڕ و وشک بەیەکەوە دەسووتان و یاسا هیچ بوونێکی نەبوو، کۆمەڵەی جووتیاران و سەندیکاکان و بەرگریی میللی و ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکان خاوەنی دەسەڵات بوون، ئەمە بووە مایەی بێزاری و ئاسەواری خراپی لێ کەوتەوە و لەلای ئەفسەرە نەتەوەخوازەکان و سوپا گیانی تۆڵەسەندنەوەی دروست کرد.

لەو بارودۆخەدا، برادەرایەتی و پێوەندیی کۆمەڵایەتی بوونیان نەما،

هەلپەرستەکان لەو بوارەدا ڕۆڵێکی گەورەیان گێڕا و حزبی شیوعیش شانبەشانیان دەڕۆیشت، بەڵام دوایی لەم هەڵوێستە پەشیمان بوونەوە و دانیان بە هەڵەکاندا نا، نموونەیەکی سادە لەبارەی نەمانی پێوەندیی کۆمەڵایەتی و برادەرایەتی لەو کاتەدا دەهێنمەوە:

خوالێخۆشبوو نافیع یوونس لە کۆتایی ساڵی (١٩٤٧) بەرپرسی حیزبی شیوعی بوو لە هەولێر، نافیع دەرچووی کۆلێژی ماف بوو و زۆر برادەری کاک ئەحمەد و ئەنوەری برام بوو، بە تۆمەتی شیوعیبوون فەرمانی دەستگیرکردنی دەرچوو، چەند ڕۆژێک لە هەولێر خۆی شاردەوە و پاشان داوای لە کاک ئەحمەد کرد کە لە شوێنێک بیشارێتەوە، کاک ئەحمەد بە ئۆتۆمۆبیلی خۆی گەیاندییە دووگردکان و لە ماڵی پیرداود حاجی خەلیلی وەکیلمان، شوێنی حەوانەوەی بۆ دابین کرد و پاشان بردیە مووسڵ و لەوێوەش بۆ بەغدا، لەوێ دەستگیر کرا و بە دە ساڵ حوکم درا، پاش (١٤)ی تەمووز ئازاد کرا، بەهاری ساڵی (١٩٥٩)و دوای جووڵانەوەکەی شەواف دووبارە نافیع یوونس بوو بە بەرپرسی حزبی شیوعی لە هەولێر، لەگەڵ کاک ئەحمەد بۆ پیرۆزبایی چووینە لای لە بارەگا، بەرپرسی پرسگە خەبەری بۆ نارد کە ئێمە هاتووین، دوای نیو سەعات چاوەڕێکردن بەرپرسی پرسگە پێی وتین کە هاوڕێ نافیع ناتوانێت پێشوازیتان بکات و ئەگەر کارێکیان هەیە با سەردانی کۆمەڵەی جووتیاران بکەن، بارەگاکەمان جێ هێشت و لەو هەڵسوکەوتە زۆر پەست بووین، ئەمە نموونەیەک بوو لە هەڵوێستی هەندێک لە برایانی حزبی شیوعی، بۆ چارەنووسی نافیع یوونس زۆر خەفەتم خوارد.

بابێینەوە سەر ئاهەنگی نەورۆز و، کە سەردانی بەغدام کرد چوومە ماڵی ئەنوەری برام لە ناوچەی مەسبەح، ئەنوەر ئەو کاتە دوکتۆری یەدەگ بوو لە سوپا، داوەتنامەیەکی لە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە بەدەست گەیشتبوو تا بەشداری لە ئاهەنگی نەورۆزی ڕۆژی (١٩٥٩/٣/٢١) لە هۆڵی خولددا بکات، ئەوکاتە لایەنی چەپڕەو بەسەر مەکتەبی سیاسیی پارتیدا زاڵ بوو، ئەو ڕۆژە ئەنوەر لە نەخۆشخانە خەفەر بوو، داوەتنامەکەی دا بە من تا بچمە

ئاهەنگەکە، کەشوهەوای خراپی سیاسیی ئەو کاتە بەسەر هۆڵی ئاهەنگ گێڕاندا زاڵ بوو، پێشبڕکێ لەگەڵ حزبی شیوعیدا دەکرا بۆ بەرزکردنەوەی دروشمی چەپڕەوانە سەرەڕۆیان جگە لە هوتاف کێشانی وەها کە بۆنی گێرەشوێنیی لێ دەهات، بینیم سەرۆکی حزب مستەفا بارزانی و زۆربەی ئەندامانی سەرکردایەتی کە دەمناسین و برادەرم بوون لە ئاهەنگەکەدا ئامادە نەبوون، هەمزە[٢] عەبدوڵا سکرتێری ئەوسای حزب وتارێکی خوێندەوە کە زۆر چەپڕەوانە و سەرەڕۆیانەتر بوو لە وتاری حیزبی شیوعی کە لەلایەن جەماڵ حەیدەریەوەی[٣] خوێندرایەوە، لە پڕ زەعیم عەبدولکەریم قاسم لە ناو ئاپۆرەی چەپڵەلێدان و هوتاف کێشان هاتە ناو هۆڵەکە، وتارێکی درێژی خوێندەوە کە تێیدا باسی دەسکەوتەکانی شۆڕشی کرد و هەروەها ڕای گەیاند کە هەنگاوێکی گرینگی نیشتمانیی ناوە کە بەبیرم نەماوە چی بوو، (دەرچوون بوو لە پەیمانی بەغدا یان ناوچەی ئستەرلینی) تەواو لە بیرم نەماوە، ئەمە یەکەم جار بوو ڕاستەوخۆ عەبدولکەریم قاسم ببینم، پێشتر لە تەلەفزیۆن یان لە ناو ئۆتۆمۆبیل بەسەر شەقامەکانی بەغداوە بینیبووم کە سڵاوی لە خەڵک دەکرد، دوای پێشکێشکردنی چەند چالاکییەک کە شایی و گۆرانیی کوردیشی تێدابوو پێش کۆتاییی ئاهەنگەکە هۆڵەکەم جێ هێشت و چوومە ئوتێلی ترۆکادیرۆ[٤] بۆ دیدەنی حەسەن کانەبی ئامۆزام، حەسەن بۆ بەرێکردنی مەحمودی برای هاتبووە بەغدا، مەحموود لە ئەڵمانیا جێنشین بوو و بەسەردان هاتبووەوە، لە ئوتێل مەلا عەبدوڵا ئیسماعیلم[٥] بینی کە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو و پێوەندیی لەگەڵ کۆمەڵە چەپڕەوەکەی زاڵ بەسەر مەکتەبی سیاسیی حزب باش نەبوو، وا دەزانم ئەوکاتە تەجمید کرابوو، لەگەڵ حەسەن کانەبی بڕیارمان دا بگەڕێینەوە هەولێر و مەلا عەولاش بڕیاری دا لەگەڵ ئێمە بگەڕێتەوە.

دنیا بەهار بوو، ئەو کاتەی بەغدامان جێ هێشت لە رێگە کۆمەڵ کۆمەڵ خەڵکمان دەبینی کە هوتافیان بەگیانی قاسم دەکێشا و داوای ڕووخانی جەمال عەبدولناسریان دەکرد، ئەو کۆڕ و کۆبوونەوانە بەبێ ڕێکخستن و

ئاراستـەکـردن هەر بەگـوێرە ڕێک دەخـران، کـاتێک ویسـتـمـان بەنزین لە ئۆتۆمـۆبیلەکـەمـان بکەین کـۆمـەڵە خـەڵکێکمـان بینی هاواریان دەکـرد کـە عەبدولناسر کوژراوە، بەهۆی خراپیی ڕێگە و بارانبارین ئێوارە گەیشتینەوە هەولێر.

ڕۆژان بەسەرچوون و بارودۆخەکە تۆزێک هێور بووەوە، بارزانی خۆی هاتە ناو تـەنگژەی مـەکـتـەبی سـیـاسی و هـەمـزە عـەبدوڵاو هەندێک لـە ئەندامـە چەپڕەوەکانی لادا و ئیبراهیم ئەحمەد بوو بە سکرتێری تازەی حزب، ئەوانەی پێـشـتـریش سـزا درابوون وەک مـەلا عەوڵا بە بڕیاری کۆنگرەی حزب کـە لە بەغدا بەسترا، سزاکەیان لەسەر لاچوو.

عەبدولکەریم، لە بارودۆخەکە بێزار بوو و زانیی جڵەوی لەدەست دەرچووە، بەرامبەر حزبی شیوعی، سیاسەتی گۆڕی و کاری پێچەوانەی ئەنجام دا، گـۆڕینی سـیـاسـەتەکـە و دەرچوون لە هاوپەیمانیـەتی بووە دەرفـەتێک بۆ هەلپـەرستـان و بەرژەوەندی خـوازان تا قـاسم بۆ مـەرامی خـۆیان بقـۆزنەوە، ئەمـانە دوای (١٤)ی تەمـووزی سـاڵی (١٩٥٩) واتە لە سـاڵوەگـەڕی یادی شۆڕشدا تەواو وەدیارکەوتن.

زۆربەی ئەفسەرە بەشداربووەکانی جووڵانەوەی شەواف و نەیارانی حوکمی قاسم درانە دادگای باڵای سەربازی تایبەت (دادگای گەل) کە عەقید فازڵ عـەباس مـەهداوی سـەرکـردایەتیی دەکـرد[٦]، زۆربەیان حـوکـمی گوللەبارانکردنیان بۆ دەرچوو و لە (٢٠) ئەیلوولی ساڵی (١٩٥٩) لە مەیدانی (أم الطبول) گوللەباران کران، هەروەها سەعید قەزاز و سێ گەورە بەرپرسی سەردەمی مەلەکی لەسێدارە دران.

* ئاخۆ ئەو کـەشـواهەوایە ڕێگە خۆشکەر بوو بۆ ئەوەی لە (٧)ی تشرینی دووەمدا هەوڵی کوشتنی عەبدولکەریم قاسم بدرێت؟

- نەتەوەپـەرسـتـەکان و بـەعـسـیـیـەکان شـێت و هار بووبوون و بەنـهێنی

بەیاننامەیان بڵاو دەکردەوە، ڕادیۆی کۆماری یەکگرتووی عەرەب بەرنامەی تایبەتی دەربارەی لەسێدارەدانی ئەو ئەفسەرانە بڵاو دەکردەوە و داوای لە دەستە نەتەوەخواز و سوپا دەکرد کە تۆڵەیان بسێنن، حوکمی لەسێدارەدان بێزارییەکی گەورەی لە ناو سوپادا دروست کرد، چونکە هەندێک لەو لەسێدارەدراوانە ئەفسەری ئازادیخواز بوون و لە شۆڕشی (١٤)ی تەممووزدا بەشداربوون و لە نێوەندی سوپادا ناویان دیار بوو و خۆشەویست بوون، هەروەها برادەری عەبدولکەریم قاسم بوون لەمانە: عەقید ڕوکن نازم تەبەقچەلی و عەقید ڕەفعەت حاجی سەری و...هتد!!، ئەمە هۆکاری سەرەکی بوو کە ئەفسەرانی سوپای هان دا بیر لە تۆڵەسەندنەوە بکەنەوە و لە پاشەڕۆژی خۆیان بترسن و بەدوای هەلێکدا بگەڕێن کە ڕێژیم لەناو ببەن.

دەستە نەتەوە پەرستەکان بەتایبەتی حزبی بەعسی عەرەبیی ئیشتراکی زۆر بە وردی نەخشەیان بۆ لەناوبردنی قاسم داڕشت، چەند هەفتەیەک بەسەر لەسێدارەدانی ئەفسەرە نەتەوەپەرستەکاندا، تێ نەپەڕیبوو کە کەمینێکیان بۆ عەبدولکەریم قاسم لە شەقامی ڕەشیدی بەغدادا نایەوە، ڕۆژانە قاسم بەو ڕێگەیەدا لە وەزارەتی بەرگرییەوە دەهات و دەچوو، سەدام حوسێنی سەرکۆماری ئێستا عێراق یەکێک بوو لە جێبەجێکارانی ئەو کردەوەیە، کاتێک قاسم لە ئێوارەی (٧)ی تشرینی دووەمی ساڵی (١٩٥٩) بەو شوێنەدا تێ پەڕی کە پێی دەوترێ (رأس القرية) درایە بەر ڕێژنەی گوللە و تەنیا شوفێرەکەی و تاکە یاوەری، قاسم، جەنابی(٧) لەگەڵدابوو، هێرشبەران بەخێرایی هێرشیان برد و شڵەژان و هیچ حیسابێکیان بۆ بەرامبەر نەکردبوو، بۆیە یەکێک لەوان کە ناوی عەبدولوەهاب غرێری بوو کوژرا و لاشەکەی لەو ناوە کەوت، ئەمە بووە هۆکاری ئەوەی لە ماوەیەکی کورتدا ناسنامەی هێرشبەران ئاشکرا ببێت. لە ئەنجامی ئەو کردەوەیەدا عەبدولکەریم قاسم و جەنابیی یاوەری، بە سووکی برینداربوون و شوفێرەکەشی کوژرا، خەڵک ئەو ناوەیان چۆڵ کرد و هێرشبەران بەخێرایی کشانەوە، هێرشبەران ئەگەر نەشڵەژابان دەیانتوانی لە ئۆتۆمۆبیلەکە نزیک

ببنەوە و ئەنجامەکەی بزانن و کەسیشیان لێ نەکوژرێت.

عەبدولکەریم هێنرایە نەخۆشخانەی (دار السلام) لە بەغدا و لایەنگرانی لە دەوری کۆبوونەوە، مستەفا بارزانی یەکێک بوو لەوانەی کە هاتە لای و لە تەندروستیی دڵنیابوو، خۆپیشاندان بۆ پشتگیریکردنی شەقامەکانی گرتەوە و هەزاران نامە و برووسکە داوای تەمەنی درێژ و بەسزاگەیاندنی هێرشبەرانیان دەکرد.

قاسم چەند هەفتەیەک لە نەخۆشخانە کەوت، زۆربەی پلاندانەران و بەشداربووانی ئەو کردەوەیە دەستگیرکران و زۆربەیان لاو بوون و دران بەدادگای گەل، نکوڵی لەوە ناکرێت کە لە کاتی دادگاییکردندا بوێر بوون، سەدام حوسێن گوللەیەک بەر قاچی کەوت و توانیی دەرباز ببێت.

دوای دادگاییکردن زۆربەیان فەرمانی لەسێدارەدانیان بۆ دەرچوو، ئەمە ڕاڕایی و دڵەڕاوکەی خستە دەروونی عەبدولکەریم قاسم، لەوە دەترسا ئەگەر ئەوانە لەسێدارە بدرێن ئەوا پاشەڕۆژ تۆڵەی لێ وەربگرنەوە، جا بۆ ئەوەی سۆزی گەل بۆ لای خۆی ڕابکێشێت و ناحەزانیشی ڕازی بکات و هەروەها زۆربەی ئەو حوکمدراوانەش گەنج بوون، بۆیە بڕیاری دا سزاکانیان سووک بکات.

ئەم هەنگاوە بووە هۆکاری ئەوەی ناحەزانی قاسم ڕیزەکانیان یەک بخەن و بزاڤیان چالاکتر بێت و برادەرانیشی دووربخەنەوە، هەروەها هێزە سیاسییەکانیش کەوتنە هاندانی یەک لە یەکتر، وای لێ هات قاسم کەس باوەڕی پێ نەکات و جڵەوی لەدەست دەربچێت، دوژمنەکانی ئەو بارودۆخەیان قۆستەوە و وایان لێ کرد بەگژ برادەرەکانیدا بچێت، وردە وردە کەوتە گیانیان تا نۆرە گەیشتە گەلی کورد و سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان (مستەفا بارزانی)، کورد و بارزانی لە برادەرە نزیکەکانی قاسم بوون و بەرگرییان لە شۆڕش و کۆمارەکەی کردبوو، هەوڵێکی زۆر درا تا قاسم واز لەم کارە بهێنێت، بەڵام بێ سوود بوو، دوای تێکچوونی بارودۆخەکە، بارزانی ناچار بوو لە بەهاری (١٩٦١) بەغدا جێ بێڵێت و بێتە کوردستان، هەروەها

ژمارەیەک لە سیاسەتمەدارانی کوردیش بەغدایان جێ هێشت.

لە ئەنجامی بەردەوامبوونی ئەو بارودۆخە و هەڵسوکەوتی بێزارکەرانەی کاربەدەستان و هەڵکوتانە سەر خەڵک شۆڕشی کورد لە (١١) ئەیلوولی ساڵی (١٩٦١) هەڵگیرسا، ئەمە و چەند هۆکارێکی تر بوون بەمایەی ڕووخانی ڕێژیمی قاسم و لە کودەتای (٨)ی شوباتی ساڵی (١٩٦٣) کۆتایی بە ژیانیشی هات.

* سەرنج و تێبینیت دەربارەی دادگای باڵای سەربازی تایبەت (دادگای گەل) چییە؟

– ئەو دادگایە دوای شۆڕشی (١٤)ی تەمووزی (١٩٥٨) بەشێوەیەکی تایبەت بۆ دادگاییکردنی سەرانی سەردەمی مەلەکی دامەزرا و عەقید فازیل عەباس مەهداوی کە خزم و برادەرێکی نزیکی قاسم بوو سەرۆکایەتیی کرد، لە هەفتە بەراییەکانی شۆڕشدا ئەو دادگایە دەست بەکار بوو[٨]، سەرجەم دانیشتنەکان بەهۆی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەوە دەخرانە بەرگوێ و چاوی خەڵک، بە نیسبەت ئێمەی پارێزەر و مافناسەوە کە چەندان دادگاییکردنمان بینیبوو و لە بنەما و ڕێساکانمان دەزانی، ئەمە شتێکی سەیروسەمەرە بوو، پشتی بە هیچ یاسا و ئوسوڵێکی دادوەری نەدەبەست، بەڵکو هۆڵی دادگا مینبەرێک بوو بۆ وتار خوێندنەوە و هوتاف کێشان و هەندێک لە هەلپەرستان لە ناو هۆڵەکەدا شیعریان دەخوێندنەوە و سەرکۆنەی تاوانبارەکانیان دەکرد، بەلای ئێمەوە ئەمە مەهزەلە بوو نەک دادگا.

یاسای تایبەت بۆ دادگاییکردنی سەرانی سەردەمی مەلەکی دارێژرا، بەپێچەوانەی یاسا کارپێکراوە جیهانییەکان و بنەما یاساییەکانی دادپەروەری ئەو یاسایە (أثر رجعي) هەبوو، یەک لەو گاڵتەجارییانەی ناو دادگاکە تۆمەتێک ئاراستەی سەعید قەزاز کرا، چونکە ڕەگەزنامەی عێراقی لە عەزیز شەریف سەندبووەوە، قەزاز لە وەرامدا وتیی عەزیز شەریف لە

دەوڵەتێکی بێگانە کار دەکات، بەگوێرەی یاسای عێراقیش هەر هاووڵاتییەک بەبێ ڕەزامەندیی حکوومەت لە وڵاتێکی بیانیدا کار بکات، ڕەگەزنامەی لێ وەردەگیرێتەوە، بە قەزازیان وت، شەریف لە کام وڵاتی بیانی کار دەکات، قەزاز وتی سوریا، سەرۆکی دادگا و داواکاری گشتی دنیایەک تووڕەیی و نارەزاییان بەسەر قەزازدا باراند، چونکە سوریای بەوڵاتێکی بیانی لە قەڵەم داوە، قەزاز لەبەرگریکردنەکە موسیر بوو و وتی بەگوێرەی یاسای نێودەوڵەتی سوریا وڵاتێکی بیانییە، چونکە خاوەنی ڕێژیمی حوکمی خۆی و سنووری تایبەتی هەیە.

دوای چەند هەفتەیەک، واتە پاش جووڵانەوەکەی شەواف، هەندێک لە ئەفسەرانی بەشداربوو بە تۆمەتی هاوکاریکردنیان لەگەڵ وڵاتی سوریا دژ بەڕێژیمی قاسم درانە دادگا و فەرمانی لەسێدارەدانیان بۆ دەرچوو، سوریای برا و خۆشەویست کە سەرۆکی دادگا وا ناوی دەبرد، لە پڕ بوو بەوڵاتێکی بیانی و ئاژاوەگێڕ (ئەمەیە بانێک و دوو هەوا)، سەرەڕای ئەم هەموو سلبیات و کەموکوڕییانە دادگا لە کاتی حوکمداندا پشتی بە یاسا پەیڕەو کراوەکان دەبەست و گوێی لە شایەت و بەرگریکار دەگرت، هەندێک لە تۆمەتبارەکان ئازایانە بەرگرییان لەخۆیان کرد، وەک سەعید قەزاز دوا وەزیری ناوەخۆ لە سەردەمی مەلەکیدا.

ئەگەر ئەو دادگایە لەگەڵ ئەو دادگا شکلییانە بەراورد بکەین کە دوای کودەتای (٨)ی شوباتی (١٩٦٣) دامەزران، دەبینین جیاوازییان زۆرە، سەرەڕای هەموو سلبیاتەکانی سەردەمی قاسم، کەس بەبێ دادگاییکردن لەسێدارە نەدەدرا، یان نەدەخرایە بەندیخانەوە، بەڵام دوای ساڵی (١٩٦٣) هەزاران کەس بەگۆترە لەسێدارە دران و هەندێکیان تەرمەکانیشیان نەدراوە بە کەس و کاریان، جگە لە شوێن بزربوونی هەزارانی تریش.

* عەقید بەدرەدین عەلی، دووەم موتەسەڕیفی هەولێر، سەردەمی مەلەکیت ناسی و شارەزای زۆربەی هەڵسوکەوت و

هەڵوێستەکانی بوویت، دەکرێت بەدرێژی باسی ئەمەمان بۆ بکەیت؟

- ساڵی (١٩٦١) ژمارەی پارێزەران لە هەولێر لە (٢٠) پارێزەر زیاتر نەبوو، ژمارەی ئەوانەی کە کاری پارێزەریشیان دەکرد لە پەنجەی دەست تێ نەدەپەڕی، ئاساییشە کە پارێزەران لە ناو کۆمەڵدا دەستەیەکی دیار پێک بهێنن و لەلای بەرپرسانی حکوومەت و چینەکانی کۆمەڵگەدا پایەیەکی دیاریکراویان هەبێت، ئەوکاتە دایەرەکانی حکوومەت هەمووی لە ناو یەک باڵەخانەدا بوون، نووسینگەی موتەسەڕیف (پارێزگار) و دایەرەکانی پۆلیس و ئەمن و دادگاکان و تاپۆ و تەنفیز و ژووری پارێزەران هەمووی لە ناو باڵەخانەی موتەسەڕیفیەت بوون کە تا ئەمڕۆش باڵەخانەکە هەر ماوە و بەرامبەر شوێنی ئێستای پارێزگای هەولێرە، پارێزەرەکان زوو زوو یەکتریان دەدیت و بەهۆی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان و سەربەخۆبوونیان بووبوونە مایەی ڕێز و تەقدیر لەلای خەڵک.

لەبەر ئەو هۆیانە پارێزەران تێکەڵاوی فەرمانبەران دەبوون کە لە نێوانیاندا ئەو موتەسەڕیفانە بوون کە ئیدارەی لیوا (پارێزگای) هەولێریان دەکرد و عەقید بەدرەدین عەلی یەکێک بوو لەوانەو لە نیسانی ساڵی (١٩٦١) وەک موتەسەڕیفی هەولێر دەستبەکار بوو و پێشتر قایمقامی ڕواندز بوو، بەهۆی برادەرایەتیشم لەگەڵ موتەسەڕیفی پێشووی هەولێر لیوا عەلائەدین مەحموود ئامادەی هەموو ئەو ئاهەنگانە دەبووم کە بۆ خواحافیزی لێکردنی ساز دەدران و بەدرەدین عەلیش بەر لەوەی ببێتە موتەسەڕیف ئامادەی ئەو ئاهەنگانە دەبوو، بۆیە جۆرە ناسیاوییەک لە نێوانماندا پەیدا بوو.

بەدرەدین عەلی بەوە ناسرابوو کە زەلامێکی توند و جدی و دژ بە هەراوهۆریا بوو و حەزی لە سەروەریی یاسا بوو، ئێمە پاڵپشتی ئەو لایەنە ئیجابییەمان دەکرد، چونکە برادەرایەتیم لەگەڵ یاریدەدەرانی موتەسەڕیف و بەڕێوەبەری ئەمن باش بوو ئەمە بووە ڕێ خۆشکەر تا پێوەندیم لەگەڵ

موتەسەڕیفی تازە باش بێت.

وا ڕێک کەوت، چەند هەفتەیەک دوای دەستبەکاربوونی بەدرەدین عەلی فەرمانی دەستگیرکردنی کاک ئەحمەدی برام دەرچوو، بەڕێوەبەری پۆلیس (یوسف ئیسماعیل سەراج) یوسف شێخ ڕەشیدی ئەفسەری ڕاسپارد کە بچێتە کەرکووک و بە کاک ئەحمەد ڕابگەیەنێت لە ڕۆژی دیاریکراودا لە بەردەم بەڕێوەبەری پۆلیس ئامادەبێت، یوسف شێخ ڕەشید برادەری لە مێژینەمان بوو و پێوەندیی خێزانی و برادەرایەتیمان هەبوو، بۆیە ڕاستەوخۆ فەرمانەکەی جێبەجێ نەکرد و تەنیا خەبەرەکەی بۆ نارد، کاک ئەحمەد بە ئۆتۆمۆبیلی تایبەتی خۆی لە کەرکوکەوە بەرەو هەولێر هات و زۆر بەخێرایی دەیئاژۆت و وەپێش ئۆتۆمۆبیلی پۆلیس دەکەوت، لە نیوەی ڕێگەدا و لە نێوان پردێ و قوشتەپە و نزیک گوندی ئۆمەراوەی خوالێخۆشبوو ئیبراهیم عەلیی خزممان کە ئەندامی پارتی بوو، کاک ئەحمەد لە ڕێی گشتی لای دا و بێ ئەوەی پۆلیس بیگەنێ چووە ناو ئاوایی و لەوێوە ڕووی لە ناوچەی کۆیە و پشدەر و ڕانیە کرد کە دەستی پۆلیسی نەدەگەیشتێ.

دوای ئەوە، بەڕێوەبەری پۆلیس محەمەد شێخ ڕەشیدی لە وەزیفە دوورخستەوە، تا ئەو کاتەی لێکۆڵینەوە تەواو دەبێت، لەگەڵ محەمەد حەسەن دزەیی چووین بۆ لای بەدرەدین عەلی تا بزانین هۆی دەرچوونی فەرمانی دەستگیرکردنی کاک ئەحمەد لەسەر چییە، بەدرەدین عەلی پێی وتین کە دەستی لەم بەزمەدا نییە و بەڵکو فەرمانەکە لەلای دادوەری گشتیی سەربازی لیوای ڕوکن ئەحمەد ساڵح عەبدییەوە دەرچووە و[9] بۆی هەیە یەکێک بوختانی بۆ هەڵبەستابێت.

بەدرەدین عەلی، کەسێکی لووت بەرزو لە خۆبایی بوو، خۆی بەخاوەنی دەسەڵات لە شاردا دەزانی و ئەو دەستگیرکردنەی کاک ئەحمەدی بەخۆتێهەڵقورتاندن لە کاروباری شەخسی دەزانی و حەزی نەدەکرد بەبێ پرس و ڕای خۆی فەرمانی گرتنی کەس دەربکرێت، بۆیە بەڵێنی پێ داین هەموو هەوڵێک بۆ ڕەتکردنەوەی ئەو بڕیارە بدات، بەڵام هۆکاری سەرەکیی

ڕەتکردنەوەی ئەو بڕیارە پێوەندیی پتەوی نێوان بەڕێز مەسعوود محەمەد و[٩] زەعیم عەبدولکەریم قاسم و لیوا ڕوکن ئەحمەد ساڵح عەبدی بوو، مەسعوود محەمەد بووە هۆکاری هەڵوەشانەوەی بڕیارەکە، بەڵام کاک ئەحمەد ڕازی نەبوو بێتەوە هەولێر تاوەکو فەرمانڕەوای گشتیی سەربازی هەموو ئەو فەرمانانە ڕانەگرێت کە دژ بە ئەفسەری پۆلیس محەمەد شێخ ڕەشید دەرچووبوون، ئەمانە جێبەجێ کران و کاک ئەحمەد هاتەوە هەولێر و لەگەڵ محەمەد حەسەن دزەیی چووینە لای بەدرەدین عەلی، بەڵێنی پێ داین پشتمان بگرێت و دەبێت لە ڕوودانی هەر گیروگرفتێک ئاگەداری بکەینەوە.

تا دوو سێ مانگ، کاروبار بە ئاسایی تێ پەڕی، لە سەرەتای مانگی ئەیلوولی ساڵی (١٩٦١) و بەر لە هەڵگیرسانی شۆڕشی کورد بەدوو یان سێ ڕۆژ، بەدرەدین عەلی بانگی کردم و پێی وتم وا بەباش دەزانێت کە کاک ئەحمەدی برام ماوەیەک بچێتە بەغدا بۆ ئەوەی لە چاوان بە دووربێت و کەسیش نەتوانێت بوختانی بۆ هەڵبەستێت، لەو بڕوایەدام بەدرەدین عەلی لەمەدا ڕاستگۆ بوو، چونکە بەڵێنی پێ دابووبن، پێم وت کاک ئەحمەد خەریکی کاروباری کشتوکاڵە و نیازی وایە بەم زووانە بچێتە بەغدا، پێی وتم: چەند زوو بڕوات بەتایبەتی لەم یەک دوو ڕۆژەدا باشترە، بەڵێنم دا کە کارەکە ئەنجام دەدرێت.

لە دیوانی موتەسەڕیفیەت هاتمە دەرەوە و یەکسەر چوومە دووگردکان، هەستم کرد ئەو ڕۆژانە شتێک ڕوودەدات، چونکە کەشوهەوای سیاسی شڵەژابوو و جووڵانەوەی سەربازیی نائاساییم بەدی دەکرد، کە گەیشتمە دووگردکان بینیم کاک ئەحمەد خەریکی کاروباری کشتوکاڵە، هەواڵەکەم پێ ڕاگەیاند، بڕیارمان دا بۆ سبەی سەفەر بکەین، هەر ئەو ڕۆژە کاک ئەحمەد چووە گوندی هێلەوە تا چەند ڕاسپاردەیەک بگەیەنێت بەوەکیلەکەمان، لە گوند لەگەڵ دایکم و ئەندامانی خێزانەکەماندا مامەوە و چاوەڕێی کاک ئەحمەد بووم تا بۆ بەغدا بەڕێی بکەم، هەر هەندەم زانی ئۆتۆمۆبیلێکی پۆلیس هاتە ئاوایی و مفەوەزی پۆلیس قادر حاجی کەریم ناسراو بە (قادر بزن) یان

لەگەڵدا بوو، پێی وتم: موتەسەڕیف داوای کاک ئەحمەدی کردووە، مەسەلەکەم هەمووو بۆ باس کرد و وتم ئێستا لێرە نییە، سەیرێکی دیوەخانی کرد و جووتێک پێڵاوی کاک ئەحمەدی لە قوژبنێکدا بینیی، باوەڕیشی بە قسەکانم نەکرد، بزەیەکی هاتێ و ڕووەو هەولێر گەڕایەوە.

ئێوارەی ڕۆژی دوایی کاک ئەحمەد چووە بەغدا، ڕۆژی پاشتر چەند یەکەیەکی سەربازیم بینی بەرەو کۆیە دەچوون و تەیارە بە ئاسمانەوە دەسووڕانەوە و ڕێگەی خەلەکان و چەند شوێنێکی تریان بۆردمان کرد، بەم جۆرە لە (١١)ی ئەیلوولی ساڵی (١٩٦١) شۆڕشی کورد هەڵگیرسا.

ڕۆژی (١١)ی ئەیلوول بوو یان ڕۆژی دواتر، عەسرێک لە ماڵەوە دانیشتبووم، پۆلیسێک لە دەرگەی دا و خەبەری دامێ کەوا محەمەد زیاداغای غەفووری (کاکە زیاد) لە کۆیە دەستگیر کراوە و ئێستا لە پۆلیسی هەولێرە و داوای نوێن و هەندێک خواردەمەنی دەکات، کاکە زیاد لە کەسایەتییە نیشتمانی و نەتەوایەتییەکانی کۆیە بوو، لە سەردەمی مەلەکیدا ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەران بوو، سەرەڕای دەوڵەمەندی و پایە کۆمەڵایەتییەکەی هەردەم خزمەتی گەل و نەتەوەکەی دەکرد، بۆیە لە سەردەمی مەلەکی و کۆماریدا زۆر لێپێچینەوەی لەگەڵدا کراوە، لە ئەنجامی ئەو هەڵوێستە جوامێریانەیی و ڕۆڵی نیشتمانی و نەتەوەییدا سەیر نەبوو لە کاتی دامەزراندنی حزبدا، بارزانی وەک جێگری دووەمی سەرۆکی پارتی هەڵی بژارد.

چوومە پۆلیسخانە و چاوم بەکاکە زیاد کەوت و نوێن و خواردنم بۆ دابین کرد، بەهۆی ئەو ئەفسەرە کوردانەی ئەوێ کە دەمناسین، ژوورێکی تایبەتم بۆ تەرتیب کرد، بۆ بەیانی لە وێستگەی شەمەندەفەر خواحافیزیم لێ کرد و بردیانە بەغدا، دوای چەند ڕۆژێک بە کەفالەت ئازاد کرا و لە بەغدا خستیانە ژێر ئیقامەی جەبری.

بەم بۆنەیەوە سەربوردەیەکی خۆشی کاکە زیادم بیرهاتەوە، لە سەردەمی مەلەکیدا و لە سەرەتای پەنجاکانی سەدەی بیستەم کۆوارێکی تەنزئامێز لە

شێوەی کۆواری (حبزبوز) دەدەرچوو، لەو دەمەدا دوو حزبی سیاسی مۆڵەتی ڕەسیمیان هەبوو، حزبی یەکێتیی دەستووری بە سەرۆکایەتیی نووری سەعید و حزبی ئومەی ئیشتراکی، بەسەرۆکایەتیی ساڵح جەبر، سەعید و جەبر لە سیاسەتمەدارە دیارەکانی سەردەمی مەلەکی بوون.

کۆواری ناوبراو، بابەتێکی بڵاو کردبووەوەو تێیدا هاتبوو (لە کاکە زیادی نوێنەری کۆیەیان پرسی: جیاوازی لە نێوان ئەو دوو حزبەدا چییە؟ لە وەرامدا وتی: (وەک جیاوازیی نێوان بیبسی کۆلا و کۆکا کۆلایە، تام و ڕەنگیان یەکە، بەڵام شێوەی شووشەکەیان جیاوازە). پاشان ئەوەیان دایە پاڵ خوالێخۆشبوو کامیل چادرچی، لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەی (خەبات)یشدا مێژوونووس جەرجیس فەتحولا دەڵێت ئەو قسەیە هی ئەوە، هەر بۆ زانین نیوسەدە دەبێت کە ئەو قسەیەم لە کاکە زیاد بیستووە جگە لە چەندان نوکتە و سەربوردەی سیاسیی تریش.

دوای تێپەڕبوونی چەند ڕۆژێک و دەستپێکردنی جووڵانەوە سەربازییەکان، بە تۆمەتی هاوکاریکردنی شۆڕشی کورد دیسان کاک ئەحمەدیان لە بەغدا دەستگیرکرد، چوومە لای بەدرەدین عەلی، بەڵام وەرامێکی ئەوتۆی نەدامەوە، هەرچەندە پێم وت لەسەر داخوازی تۆ چووە بۆ بەغدا، بەڵام وای پیشان دا کە هیچی پێ ناکرێت، بە تەلەفۆن پێوەندیی بەلایەنە سەربازییەکانەوە دەکرد و پێشوازیی ئەو سەرۆک عەشیرەتانەی دەکرد کە پاڵپشتی حکوومەت بوون، بەبێ ئەنجام هاتمە دەرەوە.

بۆ سۆراغی کاک ئەحمەد چوومە بەغدا، دوای دوو سێ ڕۆژ هەوڵدان و پێوەندیکردن بە برادەرانەوە هەر بێ فایدە بوو، کاک ئەحمەدیان بۆ بەندیخانەی بەغدا تەسفیر کرد، لە وێستگەی شەمەندەفەر ماڵاواییم لێ کرد، کاک ئەحمەد ڕای سپاردم کە لە بەغدا نەمێنمەوە و بگەڕێمەوە هەولێر و خەریکی ئەو کارە کشتوکاڵییانە بم کە خۆی بەر لە سەفەری بۆ بەغدا نیازی وابوو ئەنجامیان بدات، ئەو شەوە چوومە ماڵی دوکتۆر ئەنوەری برام.

بۆ بەیانی بەخەمباری گەڕامەوە هەولێر، ئەوەی کە خەمەکەی زیاتریش

کردم، پرۆپاگەندەی دەزگا ڕاگەیاندنەکانی حکوومەت بوو کە گوایە دەستیان بەسەر بزووتنەوە یاخییەکەدا گرتووە و زۆربەی بەشداربووان تەسلیم بوونەتەوە، بارزانییش برینداره و بە پەنابەری ڕووی لە وڵاتێکی دراوسێ کردووە، هەرچەندە دەمزانی ئەو قسانە درۆ و دەلەسەن، بەڵام کاریان لە ورەم کرد و بیرم دەکردەوە ئاخۆ ورەی خەڵک چۆنە؟

لەو ماوەیەدا کە حکوومەت پروپاگەندەی کۆتاییهێنان بە یاخیبووانی بڵاو دەکردەوە هەواڵی گەمارۆدانی ناحیەی هیران کە (٢٠)کم لە شەقلاوەوە دوورە بڵاوبووەوە، ئەمە هەواڵێکی دڵخۆشکەر بوو، هەرچەندەش بەڕێوەبەری ناحیەی ڕەقیب حوسێن مەلا دزەیی ئامۆزام بوو و لە منەوە نزیک بوو، دوای چەندان ڕۆژ لە ئابڵووقەدانی مەڵبەندی ناحیەکە و بۆردومانی فڕۆکە و هێرشی سوپا و جاش هەوڵەکەیان بێ سوود بوو، بەڕێوەبەری ناحیە و هەندێک پۆلیس و فەرمانبەر تەسلیم بوون، ئەمە ورەی خەڵکی بەرز کردەوە و گەیشتنە ئەو قەناعەتەی کەوا شۆڕشی کورد بەردەوامە و پێشمەرگەش چەند کیلۆمەترێک لێیانەوە دوورە.

لە کاتێکدا دەسەڵاتدارانی حکوومەت سەرقاڵی بەدیلگیرانی بەڕێوەبەری ناحیەی هیران و داگیرکردنی ناحیە بوون، لەلایەن پێشمەرگەوە خەبەری بەدیلگرتنی جێگری بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر عەبدولقادر نەجدی بڵاوبووەوە کاتێک بەیاوەریی کۆمەڵە پۆلیسێکی چەکدار لە شەقلاوەوە بەرەو هەولێر دەگەڕایەوە، ئەفسەری ناوبراو پیاوێکی باش و بێوەی بوو، جێگەی ڕێز بوو لەلای پێشمەرگە، ئەگەرچی بژێوی ژیانی پێشمەرگە ئەو کاتە زۆر خراپ بوو، بەڵام زۆریان ڕێز لێ نا، حکوومەت بەدیل گیرانی ئەو ئەفسەرەی بەهەند وەرگرت و بەڕێوەبەری ناحیەی فەرامۆش کرد، چونکە کورد بوو.

ڕۆژێکیان بەدرەدین عەلی بۆ نووسینگەکەی لە دیوانی موتەسەڕیفیەت بانگی کردم، سەبارەت بە مەسەلەی بەڕێوەبەری ناحیە و جێگری بەڕێوەبەری پۆلیس قسەی لەگەڵدا کردم و داوای کرد بەهۆی ناسیاوەکانم هەوڵ بدەم ئازادیان بکەم، نکوڵیم لەوە کرد کە کەسی ناسیاوم لە ناو پێشمەرگەدا

هەبێت، بەڵام بەڵێنم دا کە بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ هەوڵ بدەم، کە لە دیوانی موتەسەڕیفیەت هاتمە دەرەوە هەستم بەجۆرە شانازییەک کرد، چونکە لە بابەتێکدا بەدرەدین عەلی دەیەوێت واسیتەی بۆ بکەم، ئەو هەواڵەم بەڕێگەی هەندێک هەڤاڵەوە گەیاندە پارتی دیموکراتی کوردستان.

دوای تێپەڕبوونی مانگێک بەسەر هەڵگیرسانی شۆڕشی کورد و ئەو ڕووداوانە سەردانی بەغدام کرد تا سۆراغێکی کاک ئەحمەدی برام بکەم و هەوڵ بۆ ئازادکردنی بدەم، دوای دوو سێ ڕۆژ هیچم بۆ نەکرا، بڕیارم دا بچمە بەسرە و لە بەندیخانە سەردانی بکەم.

ئێوارە بە شەمەندەفەر لە بەغدا بەڕێ کەوتم و سبەینێ گەیشتمە بەسرە، دوای ئەوەی لە ئوتێلێک دابەزیم بەتاکسی چوومە بەندیخانەی مەڵبەندی بەسرە و هیچ لێپرسراوێکم لەوێ نەدەناسی، خۆم بە بەڕێوەبەری بەندیخانە ناساند، لام وایە خەڵکی مووسڵ بوو و لە دایکەوە خزمی دوکتۆر (تەحسین نوورەدین)ی خەڵکی هەولێر بوو کە لە خێزانێکی ناسراون و پیاوێکی بەڕێز بوو، بەڕێوەبەر ڕێزی لێ نام و ناردی کاک ئەحمەد هات و لە ژوورێک بەتەنیا دانیشتین.

دوای قسە و باس، کاک ئەحمەد وتی لە هۆڵێکی گەورەدا کە زۆربەیان کورد و ناسیاو و خەڵکی ناوچەکەمانن بەند کراوە، یەکێک لەوانە فەرزی ئاغای بیدارۆنییە، فەرزی لەو بارزانییانە بوو کە دوای شۆڕشی بارزان لە ساڵی (١٩٤٥) بۆ ناوچەی ئێمە دوورخرابووەوە و لە گوندی دووگردکان دادەنیشت، هەروەها کاک ئەحمەد وتی بەرپرسان و بەڕێوەبەری بەندیخانە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بەندییەکان زۆر باشە و هیچ گیروگرفتێکمان نییە، ئینجا وتی ساڵح شێرەشمان لەلایە، ساڵح کادیرێکی کۆنی حزب بوو و لە برادەرە نزیکەکانی ناوچەکەمان بوو، داوام لە بەرپرسانی بەندیخانە کرد کە ساڵح شێرە و فەرزی بیدارۆنیش ببینم.

کاک ئەحمەد ڕاست و دروستیی ئەو هەواڵانەی لێ پرسیم کە ڕادیۆی بەغدا بڵاویان دەکاتەوە، وتم هەموویان درۆن و شۆڕش بەردەوامەو بارزانی خۆی

سەرکردایەتیی دەکات، هەروەها هەواڵی بەدیل گیرانی بەڕێوەبەری ناحیە و جێگری بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێرم پێ ڕاگەیاند، کاتێک ساڵح شێرە هاتە ژوورەوە کاک ئەحمەد ئەو هەواڵانەی بۆ باس کرد، نیشانەی شادمانیم لە دەموچاویاندا بەدی کرد، دوای ماوەیەک مانەوە هەندێک خواردن و میوەم بۆ بەجێ هێشتن و بڕیارم دا بەیانی سەردانیان بکەمەوە.

گەڕامەوە ئوتێل، ئێوارە چوومە یانەی فەرمانبەران، لەوێ چاوم بە ئەحمەد عەلی کاکەخانی خزمم کەوت، ئەحمەد چەند مانگێک دەبوو وەک فەرمانبەر بۆ بەسرە دوور خرابووەوە، ئەوکاتە هەموو ئەو فەرمانبەرە کوردانەیان بۆ پارێزگاکانی باشوور دوور دەخستەوە ئەگەر گومانی ئەوەیان لێ کردبان سەر بەدەسەڵات نین، لە یانەی فەرمانبەران هیچ ناسیاوێک یان برادەرێکی ڕۆژانی خوێندنی زانکۆم نەدۆزییەوە.

بەیانی دووبارە چوومەوە بەندیخانە و چاوم بە چەند بەندییەکی تر کەوت، هەندێک پارەم دا بە کاک ئەحمەد، ماوەیەکی زۆر لایان مامەوە، هەستم نەکرد کە بێزاربن بەڵکو شادمانی بەدەموچاویانەوە دیاربوو بەتایبەتی کە ئەو هەواڵە خۆشانەم پێ وتن، کاک ئەحمەد وتی کە پێویستی بەهیچ نییە و دڵنیای کردم و داوای کرد بگەڕێمەوە هەولێر و چاودێریی کاروباری خێزان بکەم، هەر ئەو ئێوارەیە بە شەمەندەفەر گەڕامەوە بەغدا و هەستم بە شادی و دڵنیایی دەکرد، دوای دوو ڕۆژ گەڕامەوە هەولێر هەواڵی کاک ئەحمەدم بەدایکم گەیاند، چونکە زۆر نیگەران بوو.

دەگەڕێمەوە سەر باسی پێوەندیم لەگەڵ بەدرەدین عەلی، دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی کورد لە (١١)ی ئەیلوولی ساڵی (١٩٦١) بارودۆخەکە گۆڕا و ناوبراویش زۆر سەرەڕۆیانە هەڵسوکەوتی دەکرد و هەڵوێستی دوژمنانەی لە شۆڕشی کورد وەرگرت، دوژمنایەتیی هەر کەسێکی دەکرد کە دوور و نزیک پێوەندیی بە شۆڕش یان پارتی دیموکراتی کوردستانەوە هەبووایە، وەک بڵێی مەسەلەکە تەنیا پێوەندیی بەمەوە هەبێت، وەک پۆلیسێکی دەسەڵات گومانی لە هەر کێ بکردایە دەیگرت، ئەمانە بوون بەهۆکاری ئەوەی برادەرە کۆنەکانی

لێی دووربکەونەوە و خەڵکیش ڕقیان لێی بێت.

دوای ئەوەی بەڕێوەبەری ناحیەی هیران و جێگری بەڕێوەبەری پۆلیس لەلایەن پێشمەرگەوە ئازاد کران، لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی (١٩٦١) هاتنەوە هەولێر دوای ئەوەی ماوەی (٤٠) ڕۆژ بەڕێوەبەری ناحیە دیل بوو، هەروەها جێگری بەڕێوەبەری پۆلیسیش چەند هەفتەیەک لەلای پێشمەرگە مایەوە، بەڕێوەبەری ناحیە ڕەقیب حوسێن مەلا لە ماڵی ئێمە دابەزی و پێشوازیی لە خەڵک کرد.

لە کۆتاییی ساڵی (١٩٥٩-١٩٦٠) ئەفسەرێکی پۆلیس هاتە هەولێر کە ناوی ئیبراهیم تائی بوو، بەهۆی ئەوەی کە عەشیرەتەکەی خاڵوانی هاوار ئیبراهیماغای ئامۆزام بوون، ناسیاویمان پەیدا کرد، ئەو ئەفسەرە پاشان بۆ مەخموور گواسترایەوە و هەر کاتێک سەردانی هەولێری بکردایە دەهاتە لام، منیش هەر کاتێک بەدوای داوایەکدا بچوومایەتە دادگای مەخموور، سەردانم دەکرد، هەرچەندە لە خێزانێکی هەژار بوو، بەڵام زۆر سەخی بوو و وەک حاتەمی تەی هەڵسوکەوتی دەکرد، کاتێک شۆڕشی کورد هەڵگیرسا هەڵسوکەوتی ئیبراهیم تائیش وەک بەدرەدین عەلی گۆڕا، هەر کەسێک بۆنی پارتی لێ بهاتایە ڕاوەدووی دەنا، هەڕەشەی لە خەڵک دەکرد، چەند جارێک ئامۆژگاریم کرد، بەڵام بێ سوود بوو، هاواراغای ئامۆزاشم کە لە مەخموور دادەنیشت هەوڵی دا کە لەو کارە خراپانە دەست هەڵبگرێت، بەڵام کەڵکی نەبوو، وای لێ هات پێوەندیمان نەما، خەڵک هانایان بۆ بەدرەدین عەلی دەبرد، ئەمیش سەرەڕای ئەوەی کە توندوتیژ بوو، بەڵام ڕای لە هەڵسوکەوتی تائی نەبوو، ئەمانە بوون بەهۆی ئەوەی خەڵک ڕقی لە دەسەڵات بێت و ڕابکەن و ڕوو لە فەرمانگە فەرمییەکان نەکەن و هەندێکیشیان پێوەندی بە شۆڕشی کوردەوە بکەن.

ڕۆژێکیان سەردانی برادەرێکی نزیکم لە دایەرەکەیدا کرد، ئەو لێپرسراوە پیاوێکی باش بوو و خراپەی کەسی نەدەویست، ئەو برادەرە هەواڵی گواستنەوەی ئیبراهیم تائی پێ وتم، پاشان چوومە سەردانی یاریدەدەری

موتەسەڕیف عەبدولا عەبدوللەتیف کە کەسێکی نزیکی عەبدولسەلام عارف بوو و لام وایە خزمیشی بوو و لە کۆتاییی ساڵی (١٩٥٨) یان سەرەتای (١٩٥٩) دوای لادانی عەبدولسەلام لە پلەو پایەکانی گواسترابووەوە بۆ هەولێر (١١)، بایز عەزیز دزەیی خزمم کە برادەری سەردەمی خوێندنی ئەو عەبدولایە بوو ڕای سپاردم کە بایەخ بەو پیاوە بدەم و ڕێزی بگرم، پێش ئەو کاتە عەبدولا تەنیا و گۆشەگیر بوو، بەلام ئێمە وامان لێ کرد کە لەو گۆشەگیرییە بێتە دەرەوە و تێکەلاوی خەڵک بێت، خەڵکی هەولێر سروشتی وایە کە بایەخ بە غەریبان دەدات و ڕێزیان دەگرێت، وای لێ هات ئەو پیاوە لە کۆڕ و دانیشتنەکانی یانەدا بەشداری دەکردین، تەنانەت لە داوەتی ماڵەوەشدا بانگێشتم دەکرد و پێوەندیمان زۆر بەهێز بوو.

بە عەبدولا عەبدوللەتیفم وت ئاخۆ هەواڵی گواستنەوەی ئیبراهیم تائیی بیستووە، بینیم شڵەژا و دەموچاوی تێک چوو، وتی هەواڵی وام نەبیستووە، بەلام زانیی کە لە چ سەرچاوەیەکەوە ئەم هەواڵەم بیستووە، دوای من بە تەلەفۆن بانگی تائی دەکات و هەواڵەکەی لە مست دەنێت و پێی دەڵێت کە موحسین و برادەرێکی تری ئەم کارەیان کردووە، تائی دەچێتە لای بەدرەدین عەلی و دەڵێت کە خەبەری بۆ هاتووە گواستراوەتەوە و ئەمەش نهێنییە و سەرچاوەی خەبەرەکەش فلان و فیسارن، موتەسەڕیف لەمە زۆر تووڕە دەبێت و فەرمان دەدات گواستنەوەکەی تائی هەڵبوەشێننەوە و فەرمانبەرەکەی برادەریشم (ئەوەی کە هەواڵەکەی پێ وتم) بۆ شوێنێکی تر بگوازنەوە و منیش لە لیوای هەولێر دووربخەنەوە، ئیبراهیم تائی گەڕایەوە مەخموور و لەو تۆڵەیەدا فەرمانی دا هەریەک لە خزمەکانم هاوار ئیبراهیم و تەڵعەت موشیر بە تۆمەتی (پاڵپشتیکردنی یاخیبووان) دەستگیر بکرێن.

لە ماڵەوە دانیشتبووم، ڕێککەوت زەنگی تەلەفۆن لێی دا، برادەری ناوبراوم بەتووڕەیی قسەی کرد و سەرکۆنەی کردم، چونکە خەبەرەکەم بلاو کردبووەوە، زۆر پەشیمان بوومەوە، پاشان زانیم یاریدەدەری موتەسەڕیف عەبدولا عەبدوللەتیف و ئەفسەری پۆلیس ئیبراهیم تائی هەردووکیان هاوسۆز و سەر

بە تاخمی نەتەوەیی و ناسرین و لە کۆمەڵەی عەبدولسەلام عارفن.

بۆ ڕۆژی دوایی، بەڕێوەبەری پۆلیس بە تەلەفۆن پێی وتم کە پێویستە بۆ کارێکی گرینگ ئامادەبم، کە چوومە لای وتی: بەدرەدین عەلیی موتەسەڕیف دەڵێت کە موحسین دزەیی دێتە دیوانی موتەسەڕیفیەت و سەردانی بەرپرسان دەکات و ئەم هەلەی قۆستووەتەوە تا دەنگوباس بگەیەنێتە (یاخیبووان)، ئەم هەڵسوکەوتەی مەترسیی هەیە بۆ سەر بەرژەوەندیی گشتی و بۆیە پێویستە یەکسەر هەولێر جێ بهێڵێت و بە ئارەزووی خۆی شوێنێک هەڵبژێرێت، بە بەڕێوەبەری پۆلیسم وت سەردانم بۆ دیوانی موتەسەڕیفیەت پێوەندی بە کارەکەمەوە هەیە وەک پارێزەرێک، ئەو داوایانەی کە دەیانگرمەوە وا پێویست دەکات و لە ژووری پارێزەران یان ئەو دادگایانەدا ئامادەبم کە کەوتوونەتە ناو باڵەخانەی موتەسەڕیفیەت، چوونیشم بۆ لای هەندێک لە فەرمانبەران یان بۆ کاری فەرمییە یاخۆ برادەرایەتییە، ئەو تۆمەتانە هیچ بنەمایەکیان نییە و ئەگەر موتەسەڕیف پێی ناخۆشە، ئەوا سەردانی هیچ دایەرەیەک و دادگایەک ناکەم پارێزەرێک دەکەم بەوەکیل.

بەڕێوەبەری پۆلیس قسەی لەگەڵ موتەسەڕیف کرد و قسەکانی منی پێ وت، سەرەتا ڕەزامەندیی پیشان دا، بەڵام دووبارە لەسەر ئەوە مکوڕ بوو کە دەبێت هەولێر جێ بهێڵم، وتم باشە، بەڵام چەند سەعاتێک مۆڵەتم بدەن تا هەندێک کاروبار جێبەجێ بکەم، بەڕێوەبەری پۆلیس وتی ئەگەر تا دوای نیوەڕۆ سەفەر نەکەی ناچارین بە پۆلیس دوورت بخەینەوە.

دوای ئەوەی هەندێک کاری بە پەلەم ئەنجام دا، ڕووم لە کەرکووک کرد و چوومە لای هەندێک خزم و برادەر، پاشان زانیمەوە کە کاک ئەحمەد لە بەندیخانە هەواڵی دوورخستنەوەکەمی بیستووە و بەمە زۆر نیگەران بووە، چونکە هەر من کاروبار و بەرژەوەندیی بنەماڵەکەم بەڕێوە دەبرد.

دوای ماوەیەک ڕەقیب حوسێن مەلا دزەیی ئامۆزام و بەڕێوەبەری ناحیەی هیران چووبووە لای بەدرەدین عەلی و پێی وتبوو کە لە خانووەکەی من دانیشتووە و تکای لێ کردبوو کە ڕازی بێت بگەڕێمەوە هەولێر، موتەسەڕیف

ڕازی بووبوو، دووباره گەڕامەوەو بەڵام پێوەندیم لەگەڵ بەدرەدین عەلی پچڕا و، تەنیا لە بۆنە فەرمییەکاندا دەمبینی و بەبێ کاری فەرمیش، سەردانی هیچ بەرپرسێکی حکومیم نەدەکرد.

لە کانوونی دووەمی ساڵی (١٩٦٣) حکوومەت بڕیارێکی دەرکرد و هەموو ئەوانەی کە بەهۆی (کێشەکانی باکوور)ەوە دەستگیر کرابوون ئازاد کران، بڕیارەکە کاک ئەحمەدیشی گرتەوە و هاتەوە هەولێر، بەڵام دوای ماوەیەک دەستگیر کرایەوە.

مادام قسە لەسەر بەدرەدین عەلییە با ئەم ڕووداوە خۆشە بگێڕمەوە کە لە ئێوارەی (١٤)ی تەمووزی ساڵی (١٩٦٢)دا قەوما، پێش ئەوە بە ماوەیەکی زۆر لیژنەیەک بەسەرۆکایەتیی محەمەد حەسەن دزەیی پێک هێندرا تا پەیکەرێک بۆ عەبدولکەریم قاسم دروست بکرێت، وەک شارەکانی تر لە شوێنێکی گشتی ناو شاری هەولێر دابنرێت، لیژنەکە هونەرمەندێکی لە شاری بەغدا هەڵبژارد و ناردیانە ئیتاڵیا تا لەوێ پەیکەرەکە لە برۆنز دروست بکات، پێش (١٤)ی تەممزی ساڵی (١٩٦٢) پەیکەرەکە تەواو بوو، بڕیار درا لە چوار ڕیانی کەرکووک- هەولێر دابنرێت و مەیدانەکەش ناونرا (مەیدانی زەعیم) و تا ئێستاش خەڵک هەر وای پێ دەڵێن.

ئێوارەی (١٤)ی تەمووزی ساڵی (١٩٦٢) بەبۆنەی چوارەمین ساڵوەگەڕی هەڵگیرسانی شۆڕش ئاهەنگێکی گەورە ساز درا و لەلایەن بەدرەدین عەلیی موتەسەڕیفەوە پەردە لەسەر پەیکەرەکە لادرا، لەو ئاهەنگەدا ئامادە نەبووم، نازانم داوەت کرابووم یان نا بەڵان بە ئانقەست ئامادە نەبووم و نازانم لە وتارەکاندا، چۆن مەدح و ستایشی زەعیم عەبدولکەریم قاسم کرا.

بۆ ئێوارە، بەم بۆنەیەوە لە باخچەی یانەی ئازادی ئاهەنگێکی گۆرانی و مۆسیقا ساز درا، لە بەهاری ساڵی (١٩٦٠) کە یانەی ئازادی کرایەوە هەموو ساڵێک لە ڕۆژی (١٤)ی تەموزدا بەم بۆنەیەوە ئاهەنگ لەوێ ساز دەدرا.

خەڵکێکی زۆر بۆ ئەم ئاهەنگە داوەت کرابوون کە من یەکێک بووم لەوان،

گۆرانیبێژی ژن و پیاو له‌ به‌غداوه‌ هێنرابوون، من و کاک ئه‌حمه‌د و ئیبراهیم عه‌لی دزه‌یی و مه‌جید جوکل دزه‌یی له‌سه‌ر یه‌ک مێز دانیشتبووین، دوای ماوه‌یه‌کی کورت له‌ ده‌ستپێکردنی ئاهه‌نگه‌که‌ موزایه‌ده‌یه‌کی ئاشکرا بۆ کۆکردنه‌وه‌ی پیتاک بۆ یانه‌که‌ ڕاگه‌یه‌ندرا، له‌ کاتێکدا که‌ محه‌مه‌د حه‌سه‌ن دزه‌یی میکرۆفۆنی به‌ده‌سته‌وه‌ بوو و بڕی ئه‌و پارانه‌ی ڕاده‌گه‌یاند که‌ بۆ یانه‌که‌ نێردرابوون له‌لای ڕۆژهه‌ڵاتی یانه‌که‌وه‌ که‌ هێڵی شه‌مه‌نده‌فه‌ری پێیدا تێ ده‌په‌ڕی چه‌ند گولله‌یه‌ک ئاراسته‌ی یانه‌ کران.

پشێوی که‌وته‌ ناو ئاماده‌بووان، هه‌ندێکیان خۆیان خسته‌ بن مێزه‌کانه‌وه‌ یان ڕوویان له‌ حه‌مام و ئاوده‌سته‌کان کرد، هه‌ندێکیشیان له‌ ناو جۆگه‌له‌ ئاوی گوڵه‌کاندا خۆیان درێژ کرد، ته‌نیا شه‌ش حه‌وت گولله‌ ئاراسته‌ی یانه‌ کرا، به‌ڵام پاسه‌وانانی موته‌سه‌ڕیف و ئه‌فسه‌ره‌کان سه‌دان گولله‌یان به‌بێ ئامانج هاویشت زرێپۆشێکی یاوه‌ری موته‌سه‌ڕیف و عه‌سکه‌رییه‌کان له‌ نزیک یانه‌ وه‌ستابوو، ئه‌ویش به‌بێ ئامانج ڕه‌شاشه‌که‌ی به‌کارخست، ژنان له‌ سه‌ربانی ماڵی محه‌مه‌د حه‌سه‌ن دزه‌ییه‌وه‌ هه‌روه‌ها له‌ سه‌ربانی دراوسێکان ده‌ستیان به‌ هاوار و نه‌عله‌لێدان کرد و به‌بێ عه‌با و به‌پێخواسی ڕایان ده‌کرد، هه‌ندێک ئه‌فسه‌رم بینی له‌ بن مێزه‌کان خۆیان شاردبووه‌وه‌، پیاو بۆ خوا بڵێت به‌دره‌دین عه‌لی ئازایه‌تییه‌کی بێ وێنه‌ی نواند و هه‌وڵی دا بچێته‌ ده‌ره‌وه‌ تا سه‌ربازه‌کان له‌ ته‌قه‌کردن ڕابگرێت به‌ تایبه‌تی دوای ئه‌وه‌ی دۆودۆشاو تێکه‌ڵ بوو و که‌س نه‌یده‌زانی سه‌رچاوه‌ی ئه‌م هه‌موو گولله‌ و نارنخۆکه‌ له‌ کوێوه‌یه‌؟ هه‌ندێک له‌ فه‌رمانبه‌ران هه‌وڵیان دا ڕێگری له‌ به‌دره‌دین عه‌لی بکه‌ن تا نه‌چێته‌ ده‌ره‌وه‌، به‌ڵام ئه‌و هاواری کردو وتی کار وا بڕوات ئه‌و سه‌ربازانه‌ ئێمه‌ش ده‌کوژن.

دوای نیو سه‌عات بارودۆخه‌که‌ هێور بووه‌وه‌ و هه‌رکه‌سه‌ و گه‌ڕایه‌وه‌ شوێنی خۆی، بینیمان حه‌سه‌ن عه‌لو قه‌یسی جێگری موته‌سه‌ڕیف وه‌ک چۆله‌که‌ی ناو ئاو ده‌له‌رزی، تووه‌مز له‌ کاتی ڕاکردندا که‌وتووه‌ته‌ حه‌وزێکی ئاوی پڕ له‌ قاڵبی به‌فر که‌ بۆ ساردکردنی دۆندرمه‌ و مه‌شروبات ته‌رخان کرابوو، پێکه‌نینمان

بەو دیمەنە هات، بەڵام بۆ ئەوەی هەست نەکەن کە ئێمە پێشتر بەو مەسەلەیەمان زانیوە و هاوسۆزی پێشمەرگەین، خۆمان گرت، بەم جۆرە و لە کاتێکدا دەسەڵاتدارانی حکوومەت هەواڵی کۆتاییهێنان بەیاخیبووانی ڕادەگەیاند، بەڵام چالاکیی پێشمەرگە گەیشتە ناو جەرگەی شار و بەرچاوی موتەسەڕیف و گەورە بەرپرسانی حکوومەت.

لە مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی (١٩٦٢) بارودۆخەکە شڵەژابوو، وا ڕێک کەوت لەگەڵ ئیسماعیل مەحموودی ئامۆزام بە ئۆتۆمۆبیلی خۆی سەفەری کەرکووک بکەین، ئیسماعیل خەریکی ژن گواستنەوە بوو و هەندێک کەلوپەلی دەویست، دوای ئەوەی کەلوپەلەکانمان کڕی کە سەلاجەکی کارەباییشی لەگەڵدا بوو خستمانە دواوەی پیکابەکەی ئیسماعیل و بەرەو هەولێر گەڕاینەوە، کاتێک گەیشتینە سەیتەرەی دەرەوەی کەرکووک بەرەو هەولێر سەرباز و پۆلیس ڕایان گرتین وتیان گواستنەوەی کەلوپەل قەدەغەیە و ئەمە بۆ (یاخیبووان) دەبەن، هەوڵمان دا تێیان بگەیەنین سەلاجە هیچ سوودێکی بۆ (یاخیبووانی ناوشاخ) نییە و ئێستا زستانە و چیاکان بوونەتە سەلاجەی سروشتی و لەوێ کارەبا نییە، بەڵام بێ سوود بوو، خاوەنی ئۆتۆمۆبیلەکە بەرەو بەندیخانە ڕاپێچ کرا، گوێم لە دەنگی پاسەوانێکی بەندیخانە بوو کە هاواری کرد (خوا ئەو زوڵمە قبووڵ ناکات)، لەبەرئەوەی ژمارەیەک کاربەدەست و لێپرسراوم لە کەرکووک دەناسی توانیم بۆ ڕۆژی دوایی ئیسماعیل لە بەندیخانە بێنمە دەرەوە و مۆڵەتی گواستنەوەی سەلاجەکەشم بۆ وەرگرت و گەڕاینەوە هەولێر.

کە ئەم سەربوردەیە دەگێڕمەوە مەبەستم ئەوەیە کە ڕوون بکەمەوە بارودۆخ لەو کاتەدا چەند شێواو بوو و خەڵک چەند هەستیان بە بێزاری دەکرد و کەشوهەوا بۆ هەر گۆڕانکارییەکی سیاسی لەبار بوو، دوای دوو مانگ کودەتای (٨)ی شوباتی ساڵی (١٩٦٣) قەوما، بەدرەدین عەلی بەمە زۆر نیگەران بوو، چونکە زۆر دڵسۆزی ڕژێمی قاسم بوو و لەگەڵ عەبدولسەلام عارفیش کێشەی زۆر بوو کە پاشان بوو بە سەرۆک کۆمار.

ڕۆژی (٩)ی شوباتی ساڵی (١٩٦٣) دوای ئەوەی کودەتاچییەکان فەرمانڕەواییان گرتە دەست، یاریدەدەری موتەسەڕیف عەبدوڵا عەبدوللەتیف لەسەر داخوازی سەرۆک کۆمار عەبدولسەلام عارف سەردانی بەغدای کرد، عەبدوڵا بەمە زۆر کەیفخۆش بوو، پێش ئەوەی بڕوات موتەسەڕیف داوای لێ کرد کە لای عەبدولسەلام هەوڵی بۆ بدات تا لە پلە و پایەکەیدا بمێنێتەوە، لەبەرئەوەی بارودۆخ زۆر خراپ بوو و کێشەی کوردیش هیچ چارەسەرییەکی بۆ نەدۆزرابووەوە و کودێتاچییەکانیش نیازیان دەرهەق بە کورد خراپ بوو و لە بەدرەدین عەلی باشتریشیان نەدەدۆزییەوە کە مەرامەکانیان جێبەجێ بکات بۆیە حکوومەتی کودێتا بڕیاریان دا لە شوێنی خۆی بمێنێتەوە.

دوای تێپەڕبوونی چەند ڕۆژێک بەسەر کودەتای (٨)ی شوباتدا، سەرۆک هۆزەکانی سەر بە حکوومەت و بێلایەنەکان کۆبوونەوەیەکی گەورەیان لە هوتێلی سەلاحەدین (کە (٢٣) کم لە شاری هەولێرەوە دوورە) ساز دا تا باس لەو بارودۆخە بکەن ئاخۆ دەتوانن هەر پاڵپشتی دەسەڵاتی تازە بن یان پاڵپشتی شۆڕشی کورد بکەن؟ لەسەر داخوازی سەرۆک مستەفا بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان من و کاک ئەحمەد چووینە ئەو کۆبوونەوەیە تاکو لەگەڵ سەرۆک عەشیرەتەکان دەربارەی ئەوە قسە بکەین ئاخۆ دەتوانن پاڵپشتی شۆڕشی کورد بکەن یان لە کاتی هەڵگیرسانی شەڕدا بێلایەن بمێننەوە؟

دوای هەوڵێکی زۆر، توانیمان بەڵێن لە هەندێکیان وەربگرین کە وەک برادەر لەگەڵ شۆڕشی کورددا دەمێننەوە لەمانە فەتاح هەرکی و کوڕەکەی و عوسمان میران و...، بەڵام سلێمان بەگی دەرگەڵەیی کە برادەری بارزانی بوو و ساڵی (١٩٤٧) لە پەڕینەوەی ئاوی ئارس دا بۆ یەکێتی سۆڤیەت یاوەری بوو و پاشان هاوکاریی عەبدولکەریم قاسمی کرد، یەکسەر بڕیاری دا بێتە پاڵ شۆڕش و تا کۆچی دوایی هەر مایەوە، ئەوانەی کە ناویشم بردن پێوەندییان لەگەڵ شۆڕشی کورد بەردەوام بوو و دوژمنایەتییان نەکرد، تەنانەت ئەسعەد فەتاح هەرکی ساڵی (١٩٧٤) پێوەندیی بە شۆڕشەوە کرد، بەڵام ئەوانی تر

گەڕانەوە سەر نەریتی جارانیان.

ئیتر بەدرەدین عەلیم نەبینییەوە، بەڵام تێبینیی ئەوەم دەکرد کە زۆر ماندووە لەگەڵ سەرۆک عەشیرەتەکان بۆ ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لایەنگر بۆ ڕێژیمی تازە و دژبە بۆ شۆڕشی کورد کۆبکاتەوە، کاتێکیش پێوەندیم بە شۆڕشی کوردەوە کرد یەکجار تووڕە بوو فەرمانی دا هەموو ئەندامانی بنەماڵەکەمان دەستگیر بکەن و تەنانەت دەستی لە منداڵی شیرەخۆرەش نەپاراست، لەگەڵ زۆران کەس هەوڵی دا تا پێوەندیم پێوە بکەن و بگەڕێمەوە هەولێر، چونکە لەو باوەڕەدا بوو کە هەڵم خەڵەتاندووە و بەگژ دەسەلاتەکەیدا چوومەتەوە.

دوای ئەوەی لە سەردەمی عەبدولسەلام عارف ئاگربەست لە نێوان شۆڕشی کورد و حکوومەتی عێراق ڕاگەیەندرا، قەڵادزەم جێ هێشت کە بارەگای بارزانییش لەوێ بوو و ڕۆژی (٢٠)ی شوباتی ساڵی (١٩٦٤) لەگەڵ کاک ئەحمەد و هەندێک پێشمەرگە لە بارەگای لقی دوو لە گوندی ڕەسووڵ بسکۆڵ ماینەوە و پاشان چووینە گوندی هەرەجە کە گوندی خاڵە شێخ تایەرم بوو، خوشکەکەم و پوورەکانم و ئەندامانی خێزانەکەمان و هەندێک خزم و دۆست هاتبوونە ئەوێ، ئەوکاتە نزیکەی دوو مانگ بوو دایکم وەفاتی کردبوو.

دوای دوو سێ ڕۆژ ویستم، بچمە گوندی دووگردکان تا زیارەتی مەرقەدی دایکم و گوندەکە بکەم، دوای ئەوەی کە لەلایەن بەکرێگیراوانی حکوومەت خانووەکانمان ڕووخێندرابوون، چونکە بارودۆخ ناجێگیر بوو و ناوچەکە پڕ بوو لە بەکرێگیراوانی ڕێژیم بۆیە بە پێ ڕوومان لە دووگردکان کرد، ڕۆژی دوایی ئۆتۆمۆبیلێک کە لە دووگردکانەوە بۆمان ئامادە کرابوو گەیشتە لامان، بە شەو گەیشتینە ئاوایی و یەکسەر چوومە سەر گۆڕی دایکم و لە پڕمەی گریانم دا، ئەو ڕۆژانەم هاتەوە بەرچاو کە نەخۆش بوو و بە ئاوارەیی ڕژێم بەدوایدا دەگەڕا، لە کاتی مردنیدا لە پێنج کوڕان یەکێک بە ژوورسەریەوە نەبوو، هەستم بەخەمێکی قووڵ کرد، خەڵکی گوند لە دەورم کۆبوونەوە و وەک من خەمبار بوون، هەواڵم پرسین و دوایی چوومە ماڵی سمایل کوێخا ئەحمەدی برادەرمان کە بەکاکە سمە بانگمان دەکرد، کەسێکی بەوەفا و

ئەندامی پارتی بوو و پێوەندیی بەشۆڕشەوە کردبوو و ڕۆژێک پێش ئێمە گەڕابووەوە دووگردکان، شەو لەوێ ماینەوە.

بۆ ڕۆژی دوایی چووینە گوندی هێلەوەی خۆمان، شەو لە ماڵی محەمەد مەولوود هەولێری ماینەوە، دوایی چووینە گوندی منارە کە ماڵی خوالێخۆشبوو برایماغای حاجی ئەمینی خزممان و باوکی دوکتۆر خورشید دزەیی لەوێ بوو، لەوێ چاومان بەژمارەیەک لە خزمان کەوت و پاشان گەڕاینەوە دووگردکان و سەردانی هەندێک لە خزمانی ترشمان کرد.

دوای سێ چوار ڕۆژ نامەیەکم لە لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە بەدەست گەیشت کە تیایدا هاتبوو بارزانی فەرمانی داوە چی تر بەناوچەکەدا نەسووڕێمەوە و بگەڕێمەوە، زانیم کە بەکرێگیراوان لای بەدرەدین عەلی شکایەتیان کردووە و وتوویانە کە موحسین دزەیی بە یاوەریی ژمارەیەکی زۆر لە چەکدار بەناوچەکەدا دەسووڕێتەوە، لە ڕاستیشدا هەر شەش حەوت پێشمەرگە یاوەرم بوون، بەدرەدین عەلی ئەم هەواڵەی گەیاندبووە دەسەڵاتدارانی حکوومەت لە بەغدا و ئەوانیش هەواڵەکەیان گەیاندبووە بارزانی.

یەکسەر گەڕامەوە بارەگای لقی دوو و پاشان چوومە ناوچەی ڕانیە و قەڵادزێ، دوای چەند ڕۆژێک چوومە سلێمانی، بایز عەزیز دزەیی[١٢] لەوێ قایمقام بوو و عەلی فەتاح دزەییش بەڕێوەبەری ناحیە بوو، لە سلێمانییەوە هاتمە شوێنی کارکردنم لە ماوەت، چاوم بەهەولێر نەکەوتەوە تا مانگی نیسانی ساڵی (١٩٦٤) کە بەدرەدین عەلی گواسترایەوە و یونس حوسێن بۆ ماوەی چەند هەفتەیەک لە شوێنیدا بوو بە موتەسەڕیف، پاشان عەمیدی ڕوکن عەبدولمونعیم مەصرەف بوو بە موتەسەڕیفی هەولێر[١٣].

بەم جۆرە بەدرەدین عەلی هەولێری جێ هێشت، باوەڕناکەم کەس سوێی بۆ ببێتەوە، تەنیا هەندێک بەکرێگیراو و نەفسنزم نەبن، دوای سێ ساڵ موتەسەڕیفی هیچ ئاسەوارێکی چاکەی لە هەولێردا جێ نەهێشت، خەڵکەکە لە دەست جەور و ستەمی دادوبێدادیان بوو، سەرەڕای ئەوەی لە سێ مانگی

بەراییدا هەندێک کاری باشی کرد، بەڵام لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕشی کورد بەتەواوی گۆڕا و وای دەزانی ئەمە پێوەستە بەخۆیەوە.

دوای هەولێر، بەدرەدین عەلی کرا بە موتەسەڕیفی لیوای عمارە، لەوێش دەستی بەزۆرداری کرد، دوای چەند مانگێک حکومەت ناچار بوو خانەنشینی بکات و لە بەغدا جێنشین بوو، دوای چەند مانگێک شۆڕشی کورد تۆڵەی لێ سەندەوە و لە ماڵەکەی خۆیدا کوژرا، خوا لێی ببوورێت و لە گوناهی خۆش بێت.

* لە گفتوگۆیەکەماندا گەیشتینە سەر ڕووداوەکانی (٨)ی شوباتی ساڵی (١٩٦٣)، سیاسەتی عەبدولکەریم قاسم چۆن هەڵدەسەنگێنی؟

– گومانی تێدا نییە زۆر کەسیش لەو ڕایەدا لەگەڵ مندا کۆکن کەوا عەبدولکەریم قاسم خاوەنی ئاراستەیەکی نیشتمانی و عێراقی بوو و پیاوێکی خاوێن و هەوڵی دەدا بە نیاز چاکی و ماندووبوونی خۆی خزمەتی عێراق و گەلەکەی بکات، باوەڕی بەخۆی پتەو بوو و لەو باوەڕەدا بوو گەل متمانەی پێیەتی و ئەو هەنگاوانەی دەیهاوێت هەمووی ڕاستن، ئەو باوەڕ بەخۆبوونە گەورەیەی وای لێ کرد قسە و ئامۆژگاریی دڵسۆزان و نزیکەکانی خۆی فەرامۆش بکات، شەڕخواز و هەلپەرستەکان ئەم هەلەیان قۆستەوە و ئەگەر کارێکی هەڵەشی بکردایە مەدح و سەنایان دەکرد، دڵپاکی و نیازپاکییەکەی بەم جۆرە ستایش و پیاهەڵدانانە زیاتر دڵشادی دەکرد، ئەمانە بوونە هۆی بەردەوامبوونی لەسەر کاری هەڵە و هیچ حیسابێکیشی بۆ ڕای ئەوانی تر نەدەکرد، کەسانی دڵڕەش دەیانخزاندە ناو هەڵەی بە ئانقەستەوە، هەڵەکان گەیشتنە ڕادەیەک کە ڕاستکردنەوەیان زۆر قورس بوو، ئەمانە کاریگەریی خراپیان بەسەر وڵاتەوە هەبوو.

ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر تاکڕەوی بەسەریدا زاڵ دەبوو، ڕایەڵی پێوەندیی

لەگـەڵ مـیللـەتدا پچـڕا و وردە وردە کـۆنتـرۆڵـی لەدەست دا، لە دەرەنجـامـدا ڕژێمەکەی ڕووخاو لە کودەتای (٨)ی شوباتی ساڵی (١٩٦٣) کوژرا و عێراق کەوتە گێژەنی توندوتیژی و نائارامییەکی ئەوتۆوە کە تا ئەمڕۆ نە سەری دیارە نە بنی، بیستوومە لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسمدا لە (کامیل چادرچی) یان پرسیوە کە ڕای دەربارەی شۆڕشی (١٤)ی تەمووز چییە، لە وەرامدا وتوویەتی: کام شۆڕش، ئەمە تەنیا شۆڕشی سەعید قەزازە.

لە سیفاتە خراپەکانی عەبدولکەریم قاسم ئەوە بوو کە حەزی نەدەکرد ئەگەر کەسێک دڵسۆز و شارەزا و سەرکەوتوو بێت لە کارەکەیدا هیچ ڕۆڵێک بگێڕێت بەڵکو دەیویست گەورە و گچکە لەبن دەستی خۆی بن و بە دەسکەوتی خۆی، هەر بۆیە زۆربەی ئەفسەرە دیار و درەوشاوەکانی لابرد و ژمارەیەکی زۆریشی لە سێدارەدان، ئینجا بە سیاسییەکاندا هات بە تایبەتی ئەوانەی لە نێو جەماوەر خاوەنی پایە و ڕەوشتی بەرز بوون وەک کامیل چادرچی و... هتد!، پاشان نۆرەی بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان هات، جەماوەریەت و کەسایەتیی بەهێزی بارزانی بە خراپی کاری لە قاسم کرد، هەرچەندە بارزانی هەوڵێکی زۆری دا و پاڵپشتی کرد و نەیویست ڕووبەڕووی ببێتەوە، بەنیسبەت پارتیشەوە قاسم نەیدەویست حزبێکی سەربەخۆ و خاوەن سیاسەتی تایبەت لە مەیداندا بێت، بەڵکو دەیویست بیکات بە یارییەک و چۆنی بوێت ئەوها بیجوولێنی، ئەو سیاسەتانەی زیاتر ڕوودەچوون و گیانی تاکڕەوی و دیکتاتۆری زیاتر جەستەیان داگرت و ئامۆژگاریی نزیکترین برادەر و خەڵکانی تر هیچ سوودی نەبوو تا بەو کۆتاییە پڕ لە ئازارە گەیشت.

پەراوێزەکان

١- محەمەد شەواف: ساڵی (١٩١٧) لە مووسڵ هاتووەتە دنیاوە، خوێندنی سەرەتایی و دواناوەندیی لەوێ تەواو کردووە، ساڵی (١٩٣٧) کۆلێژی پزیشکیی لە بەغدا تەواو کردووە، بۆ خوێندنی پزیشکیی سەربازی ڕەوانەی لەندەن کراوە، بە چەندان پلەی سەربازیدا تێ پەڕیوە تا گەییوەتە لیوای پزیشک، لە(٧)ی شوباتی ساڵی (١٩٥٩) کراوە بە وەزیری تەندروستی و تا (٨)ی شوباتی ساڵی (١٩٦٣) بەردەوام بووە.

٢- هەمزە عەبدوڵا: ساڵی (١٩١٢) لە شارێکی تورکیا هاتووەتە دنیاوە، دوای مردنی باوکی کە ئەفسەرێکی سوپای عوسمانی بوو، خانەوادەکەیان ڕوویان لە زاخۆ کردووە، لەوێ خوێندنی سەرەتاییی تەواو کردووە و لە مووسڵیش دواناوەندیی تەواو کردووە، ساڵی (١٩٣٦) کۆلێژی مافی تەواو کردووە، لە دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی (١٩٤٦) بەشداربووە و بووەتە سکرتێری حزب، ساڵی (١٩٥٩) لە حزب دوور خراوەتەوە و لە بەغدا دەستی بە پارێزەری کردووە، ساڵی (١٩٩٧) هاتووەتە سلێمانی و جێگیر بووە و ساڵی (١٩٩٨) کۆچی دوایی کردووە.

٣- جەمال حەیدەری سەرکردەیەکی شیوعیی ناسراو بوو، ساڵی (١٩٢٦) لە هەولێر هاتووەتە دنیاوە، خوێندنی سەرەتایی و دواناوەندیی هەر لە هەولێر تەواو کردووە، بەهۆی چالاکیی سیاسییەوە نەیتوانی خانەی باڵای مامۆستایان لە بەغدا تەواو بکات، چەندان جار دەستگیر کراوە، لە ساڵی (١٩٤٦)ەوە لە ڕیزەکانی حزبی شیوعی عێراقدا کاری کردووە تا گەیشتووەتە ئەندامی مەکتەبی سیاسی، دوای پێنج مانگ بەسەر کودەتای (٨)ی شوبات لە بەغدا دەستگیر کراوە لە (٢٠)ی تەمووزی (١٩٦٣) کودەتاچییەکان کوشتیان.

٤- ئوتێلی تروکادیرۆ: لە شەستەکان یەکێک بوو لە ئوتێلە بەناوبانگەکانی بەغدا کەوتبووە سەر شەقامی موستەنسیر لە لێواری ڕووباری دجلە، دەستەبژێرێک لە کوردان ڕوویان تێ دەکرد.

٥- مەلا عەبدوڵا ئیسماعیل: کەسایەتییەکی ناسراوی کوردە، ساڵی (١٩٢٧) لە گوندێکی کەندێناوە هاتووەتە دنیاوە، سەر بەخێزانێکی جووتیار بووە، لەلای

مـەلایان خـوێندوویەتـی، لە چوارچێـوەی ڕێکخـسـتنەکـانی پارتی دیموکـراتی کوردستاندا لە ڕیزی جووتیاراندا کاری کردووە، بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی هەڵبـژێردراوە و سـاڵی (١٩٦٤) لە پارتی جـیـابووەتەوە، دوای مـاوەیەک بزووتنەوەی پێشکەوتنخوازانی کوردی دامەزراندووە، ساڵی (١٩٧٤) کراوە بە وەزیری دەوڵەت تا سـاڵی (١٩٨٨)، دوارۆژانی ژیانی لە هەولێـر بەسـەر برد و سـاڵی (٢٠٠٠) کـۆچی دواییی کـرد، ژیاننامـەی خـۆی بەزمـانی کـوردی بڵاو کردووەتەوە.

٦- فـازل عەبـاس مەهداوی: کوڕی پووری عەبدولکەریم قـاسم بوو، ساڵی (١٩١٥) لە بەغدا هاتووەتە دنیـاوە، خوێندنی سەرەتـایی و دواناوەندیی لەوێ تەواو کردووە و ساڵی (١٩٣٩) کۆلێژی سـەربازیی بە پلەی مـلازمی دووەم تەواو کـردووە، سـاڵی (١٩٤١) لە بـزووتنەوەی ڕەشـیـد عـالی گـەیلانی و سـاڵی (١٩٤٨) لـە شـەڕی فـەلەسـتین بەشـداریی کـردووە، چووەتـە ڕیزی بزووتنەوەی ئەفـسـەرە ئازادیخوازەکان، دوای شـۆڕشی (١٤)ی تەمـووز مـاوەیەک کـراوە بە فـەرماندەی لیـوا پاشـان کـراوە بە سـەرۆکی دادگـای باڵای سـەربازی تایبـەت، تا کـودەتای (٨)ی شـوبات بـەردەوام بووە، ڕۆژی (٩)ی شـوباتی سـاڵی (١٩٦٣) لە سـێـدارە دراوە کە پلەی عەمید بوو، دوو کوڕی (مـنەوەرو فیراس) ئێستا لە ئەڵمانیان.

٧- قـاسـم ئەمین جـەنـابی: سـاڵی (١٩٢٤) لە بەغـدا هـاتووەتە دنیـاوە، خـوێندنی سەرەتایی و دواناوەندیی لەوێ تەواو کردووە، پێوەندیی بە کۆلێژی سـەربازییەوە کردووە و پلەی مـلازمی دووەمی وەرگرتووە و پاشـان چووەتە کـۆلێژی ئەرکـان، چووەتە ڕیزی ئەفسەرە ئازادیخـوازەکان و شـەوی (١٣-١٤)ی تەمـووزی سـاڵی (١٩٥٨) لیـوا ڕوکن غـازی داغسـتـانی سـەرکردەی فـیـرقـەی سـێی دەسـتگیـر کردووە، جێی متمـانەی عەبدولکەریم قاسم بوو و پاش (١٤)ی تەمووز کـردی بە یاوەری خۆی، لە کـاتی هەوڵی کوشتنی قاسم لە شەقامی ڕەشید ساڵی (١٩٥٩) بریندار بوو، تا چرکەکانی دوایی ژیانی قـاسم لە (٩)ی شـوباتی سـاڵی (١٩٦٣) هەر لەگـەڵیدا بـوو، زۆر سـەیر لە کـوشتن ڕزگـاری بوو و بەپلەی مـوقـەدەم ڕوکن خانەنشین کراو پاشان ئازادکرا، ئێستا لە بەغدا دادەنیشێت و نووسینگەیەکی بچووکی فرۆشتنی کەلوپەلی یەدەگی ئۆتۆمۆبیل بەڕێوە دەبات.

٨- دادگـای بـاڵای سـەربازیی تـایبـەت (دادگـای گـەل) لە باڵەخـانەی ئەنجـوومـەنی

نوێنەرانی سەردەمی مەلەکی کە کەوتبووە نزیک (ساحة الطيران)و لە تەنیشت وەزارەتی بەرگری تا دوا دانیشتنی ئەوێی کردبوو بەبارەگا.

٩- ئەحمەد ساڵح عەبدی: کەسایەتییەکی سەربازیی ناسراوە، ساڵی (١٩١٢) لە بەغدا هاتووەتە دنیاوە، سەرەتایی و دواناوەندی لەوێ تەواو کردووە، ساڵی (١٩٣٤) کۆلێژی سەربازیی تەواو کردووە، لە بەریتانیادا بەشداریی خولی ئەرکانی کردووە، ساڵی (١٩٥٠) بڕوانامەی لیسانسی لە کۆلێژی ماف لە بەغدا وەرگرتووە، چەندان خەڵاتی سەربازیی پێ بەخشراوە، دوای (١٤)ی تەمووز کراوە بە سەرۆکی ئەرکانی سوپا و هەروەها دادوەری گشتیی سەربازی تا کودەتای (٨)ی شوباتی (١٩٦٣) کە خانەنشین دەکرێت، ماوەیەک دەستگیر دەکرێت و پاشان ئازاد دەکرێت، ساڵی (١٩٦٨) لە بەغدا کۆچی دوایی کرد.

١٠- مەسعوود محەمەد: کەسایەتییەکی ناسراوی کوردە، ساڵی (١٩١٩) لە بنەماڵەیەکی ناوداری کۆیە هاتووەتە دنیاوە، خوێندنی سەرەتایی لە کۆیە و دواناوەندیی لە هەولێر تەواو کردووە، ساڵی (١٩٤٥) کۆلێژی مافی تەواو کردووە، ساڵی (١٩٥٣) لە سلێمانی کراوە بە قازی، ساڵانی (١٩٥٣-١٩٥٤) بەنوێنەری هەولێر هەڵبژێردراوە، لەو کابینەیەی کە تاهیر یەحیا سەرۆکایەتیی دەکرد ساڵی (١٩٦٤) کراوە بە وەزیری دەوڵەت بۆ ئاوەدانکردنەوەی باکور، ساڵی (١٩٦٦) کراوە بە ئەندام لە ئەنجوومەنی ڕاژە، ساڵی (١٩٧١) ئەندامی یەکەم جێگری کۆڕی زانیاریی کورد بووە، چەندان کتێبی بەزمانی کوردی و عەرەبی بەچاپ گەیاندووە.

١١- لە یەکەم ڕۆژی بەرپابوونی شۆڕشی (١٤)ی تەمووزی ساڵی (١٩٥٨) عەقید ڕوکن عەبدولسەلام عارف کرا بەجێگری سەرکردەی گشتیی هێزە چەکدارەکان و جێگری سەرۆک وەزیران و وەزیری ناوەخۆ، لە (٢٠)ی ئەیلوولی ساڵی (١٩٥٨) لە پایەی جێگری سەرکردەی گشتیی هێزە چەکدارەکان لابردراو لە (٣٠)ی ئەیلوولی ساڵی (١٩٥٨) لە هەردوو پایەی جێگری سەرۆک وەزیران و وەزیری ناوەخۆ لابردراو کرا بە باڵیۆزی عێراق لە ئەڵمانیای ڕۆژئاوا، دوای سێ هەفتە پایەکەی جێ هێشت و گەڕایەوە بەغدا، لەوێ دەستگیرکرا درایە دادگای باڵای سەربازی تایبەت و حوکمی لە سێدارەدانی بۆ دەرچوو پاشان حوکمەکە سووک کراو بوو بە بەندیی هەتاهەتایی و تا ساڵی (١٩٦١) لە بەندیخانە مایەوە و

دوایی ئازاد کرا.

١٢- بایز عەزیز دزەیی: کەسایەتییەکی ناسراوی کوردە،ساڵی (١٩١٩) لە گوندێکی کەندێناوەی سەر بە پارێزگای هەولێر هاتووەتە دنیاوە، خوێندنی سەرەتایی و دواناوەندیی لە هەولێر تەواو کردووە، ساڵی (١٩٤٣) کۆلێژی مافی لە بەغدا تەواو کردووە و لە تەموینی هەولێر بوو، بە فەرمانبەر، چەندان وەزیفەی کارگێڕیی بینیوە وەک بەڕێوەبەری ناحیە و قایمقام لە قەزا و ناحیەکانی عێراقدا، ساڵی (١٩٦٢تا ١٩٦٥) یاریدەدەری موتەسەڕیفی لیوای مووسڵ بووە، ساڵی (١٩٦٦تا ١٩٦٨) موتەسەڕیفی لیوای سلێمانی بووە و پاشان کراوە بەپشکنەری کارگێڕی لە دیوانی وەزارەتی ناوەخۆ، ساڵی (١٩٧٠تا ١٩٧٥) ئەندامی ئەنجوومەنی گشتی ڕاژە بووە و پاشان خانەنشین کراوە، ساڵی (١٩٩٤) کۆچی دوایی کردووە و لە هەولێر نێرژاوە، باوکی پزیشکی ناسراو دەشتی دزەیییە.

١٣- عەبدولمونعیم مەسرەف: کەسایەتییەکی سەربازی و کارگێڕیی ناسراوە، ساڵی (١٩١٨) لە بەغدا هاتووەتە دنیاوە، خوێندنی سەرەتایی و دواناوەندیی لەوێ تەواو کردووە و پاشان کۆلێژی سەربازیی تەواو کردووە و هەروەها لە خولێکی عەسکەری لە بەریتانیا بەشداریی کردووە، بە چەندان پلەی سەربازیدا تێ پەڕیوە تا گەیشتووەتە پلەی عەمید ڕوکن، ساڵی (١٩٦٤تا ١٩٦٨) موتەسەڕیفی لیوای هەولێر بووە، ئێستا خانەنشینە و لە بەغدا دادەنیشێت.

تێبینییەکی پێویست!!

ئەم کتێبە، ساڵی ٢٠٠١ بە زمانی عەرەبی بڵاو کراوەتەوە، لەو ساڵەوە تا ئەمڕۆ هەندێک لەو زاتانەی کە ناویان لەو کتێبەدا هاتووە، کۆچی دواییان کردووە و هەندێکیشیان شەهید بوون، ویستمان سەرنجی خوێنەر بۆ ئەمە ڕابکێشین.